دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٣٥

www. kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

هەینی ٣٠ی بانەمەڕی ١٣٨٩ ـ ٢٠ی مەی ٢٠١٠ ـ ١٥٠ تمەن

سیاسی



تاوانێک کە وڵامی شیاوی خۆی وەرگرتەوە

٤

وتوویژ



"د. موحسین سازگارا" لە وتوویژێکی تایبەتدا

٧

سیاسی



مانگرتنی کوردستان، هەنگاوێك بەرەو پێشەوە

١٠

پاشکۆ



هەڵوێست و راگەیەندراو و مەحکوومکردنەکان لە ئاستی نێوخۆیی و جیهانی دا

### بە شوێن مانگرتنە گشتییەکەی ٢٣ی بانەمەڕدا:

# ئێستا نۆبەی ئێمە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەکە وڵامی خەڵکی خۆمان بدەینەوە

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی

## بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی مانگرتنی گشتیی ٢٣ی بانەمەڕەوە

**خەڵکی خەباتگێڕ و بەهەڵوێستی کوردستان!**

وڵامدانەوەی ئێوە بە بانگەوازی حیزب و رێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو مانگرتنە گشتییەی بە هیممەت و هەڵوێستی ئاگایانە و ئازایانەی ئێوە لە رۆژی ٢٣ی بانەمەڕدا بەڕێوە چوو، لاپەڕەیەکی پڕشنگداری دیکەو رۆژێکی مێژوویی دیکەی خستە سەر مێژووی خەبات و خۆڕاگریی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

رۆژی ٢٣ی بانەمەڕ رۆژهەڵاتی کوردستان، هەرلە ماکۆ و سەرووترین ناوچەکانییەوە تا کرماشان و ناوچەکانی خواروو، شایەدی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و مانگرتنی گشتیی ئێوە خەڵکی ماتەمبار و دڵبریندار بوو. ئێوە سەلماندتان کە زەبر و زەنگ و هەڕەشە و هێرشی هێز و دەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژیمی خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی، ناتوانێ بەر بە هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆییتان بگرێ. یەکگرتوویی ئێوە و مانگرتنی گشتیتان بە نیشانەی مەحکوومکردنی تاوانی شەهید کردنی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکان، پەیامێکی راشکاوی بۆ بکوژانی رۆڵەکانتان، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تێدا بوو. ئێوە، بۆ کۆماری ئیسلامی و بۆ هەموو چاوەدێرێکی سیاسی لە ئاستی دنیادا دووپاتتان کردەوە کە خەباتگێڕان و تێکۆشەرانی گەلی کورد، هەم ئەوانەی وەک چالاکی مەدەنی لەنێوخۆی وڵاتدا تێدەکۆشن، هەم ئەوانەی لە ریزی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بۆ مافە نەتەوەییەکانی ئەم گەلە خەبات دەکەن، لە ئێوە جیانین و ئێوە پشتیوان و پشت و پەنایانن. لێرەدا جێی خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدان فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان، شیرین عەلەم هوولی و مەهدی ئیسلامیان، کە خوێنی بەناهەقڕژاویان بووە هەوێنی ئەم حەرەکەتە و توندترکردنەوەی خەبات و گەشانەوەی یەکیەتی و هاوپێوەندتی نەتەوەیی لێکەوتەوە.

**حیزب و رێکخراو و کۆمەڵە سیاسی و مەدەنییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان!**

خەڵکی ئاگا و بەهەڵوێستی کوردستان بۆیە بەم چەشنە کەم وێنەیە، پێشوازییان لە بانگەوازی ئێمە حیزب و رێکخراو و کۆمەڵە سیاسی و مەدەنییەکان کرد و بۆ بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی بە دەنگمانەوە هاتن، چونکە ئەمجارەیان، هەر هەمووی ئێمە هاودەنگ و هاوهەڵوێست بووین. خەڵکی بندەست و زۆرلێکراوی کوردستان بە حەماسەی رۆژی ٢٣ی بانەمەڕ ئەم پەیامەیان پێداین کە ئەگەر رێگای یەکیەتی و هاوکاری و هاوخەباتی بگرینەبەر، نەک هەر لە پشتیوانی و هاوکاریی ئێمە و جێبەجێکردن و بەرەوپێشبردنی پرس و ئەرکە هاوبەشەکان درێغ ناکەن، بەڵکوو بە شانازییەوە قوربانی و هەزینەی پێویستیشی بۆ لەخۆ دەگرن.

درێژە لە لاپەڕە ٣

## گەورەترین مانگرتنی گشتی لە مێژووی کۆماری ئیسلامی دا لە کوردستان بەڕێوەچوو




رۆژی پێنج شەممە ٢٣ی بانەمەڕ خەڵکی کوردستان وەک هەڵوێست بە دژی ئێعدامی ٥ تێکۆشەری سیاسی مامۆستا فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هوولی، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی و مەهدی ئیسلامیان بە شێوەیەکی یەک پارچە لە زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستان مانگرتنێکی گشتی و بە شکۆیان بەڕێوەبرد.

ئەو مانگرتنە کە بە شێوەی داخستنی دووکان و بازاڕەکان و لە هەندێک شار تەعتیلی قوتابخانەکان بوو، لەسەر داوای زۆربەی هەرە زۆری حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، خوێندکاران و چەندین کۆڕو کۆمەڵی مەدەنی کوردستان بەڕێوەچوو. بەڕای زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی ئێران، لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا، ئەو مانگرتنە گەورەترین و بەربڵاوترین مانگرتنی گشتی لە سەرتاسەری ئێران بوو.

درێژە لە لاپەڕە ٣

### خالید عەزیزی:

## بەهانای بەندکراوانی کوردەوە بێن



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەکدا بە ئاماژە بە لە سێدارەدانی ٥ تێکۆشەری سیاسی لە رۆژی ١٩ بانەمەڕدا داوای لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کرد کە بە هانای بەندکراوانی کوردەوە بێن.

لەم نامەیەدا کە رۆژی ٢٠١٠/٥/١٧ بڵاو بۆتەوە،

"خالید عەزیزی"بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە نەتەوەی کورد سەدان ساڵە لە ژێرچەپۆکیی‌دا بەسەر دەبا و لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتەکانی پێشتر و ئێستاش لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا وەک هاونیشتمانی دەرەجە دوو چاوی لێکراوەو مافەکانی زەوت کراوە، دەڵێ: "لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا رادەی زوڵم و زۆرەکە بەو پەڕی خۆی گەیشتوە. کوردستان میلیتاریزە کراوە، .. و بچوکترین ناڕەزایەتی بە قورسترین سزا وڵام دەدرێتەوە.

عەزیزی لە درێژەدا بە ئاماژە بەوەی ئێستا ١٧ چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە چاوەڕوانیی سزای لەسێدارە دان، داوا لە رێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ دەکا بە هانای لاوانی کوردەوە بێن و رێگە نەدەن ببنە قوربانیی دەستی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی.

دەقی ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٣ دا بخوێنەوە.

### لەبنکەی دەفتەری سیاسیی

## سمینارێک بۆ هەڵسەنگاندنی مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان و پەیام و ئاکامەکانی، بەرێوەچوو



ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە، ٢٩ ی بانەمەڕ سمینارێکی بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی مانگرتنە گشتییەکەی ٢٣ ی بانەمەڕی رۆژهەڵاتی کوردستان و پەیام و ئاکامەکانی ئەو مانگرتنە گشتییە بەڕێوە برد.

لە سەرەتای سمینارەکە دا خاتوو کوێستان فتووحی، لە لایەن ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە سمینارەکەی بە ناوی شەهیدان، فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلی، شیرین عەلەم هوولی، عەلی حەیدەریان و مێهدی ئیسلامییان کردەوە و بە یادی ئەو شەهیدانە و سەرجەم شەهیدانی رێگەی رزگاریی کورد و ئازادیی ئێران،دەقیقەیەک بێدەنگیی راگەیاند. ناوبراو مەبەستی ناوەندی راگەیاندنی حیزب لە پێکهێنانی ئەم سمینارەی بەم جۆرە راگەیاند: "دەمانەوێ ئێوە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەبەر رووناکایی باسەکانی ئەم سمینارەدا، تێکۆشانی حیزب لە دوای ئەم رووداوە گرنگە بە خوێندنەوەیەکی نوێ بەرەوپێش ببەن. هەروەها هیوادارین لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکانی ئەم سمینارە، یارمەتی بە دەوڵەمەند بوونی باس و لێکدانەوەی سیاسی لە ئاستی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بکەن."

درێژە لە لاپەڕە ٤

## خلیل بەهرامیان دەسبەسەر کرا



بەپێی هەندیک لە سەر چاوەکانی هەواڵ رۆژی چوارشەممە ٢٩ی بانەمەڕ، خەلیل بەهرامیان پارێزەری٣ کەس لە ئێعدامکراوەکانی رۆژی ١٩ی بانەمەڕ لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار راگوازراوە. تا ئامادە کردنی ئەم هەواڵە هیچ سەرچاوەیەکی رەسمی دەسبەسەرکرانی بەهرامیانی پشتڕاست نەکردۆتەوە.

خەلیل بەهرامیان لە چەند رۆژی رابردوودا چەند جار بە توندی ناڕەزایەتی خۆی لە ئێعدامی ئەوە ٥ تێکۆشەرە سیاسییە دەربڕیبو و ئێعدامی ئەوانی بە کارێکی نایاسایی و ناعادڵانە وەسف کردبوو.

بەهرامیان هەروەها لە دوایین دیمانەیدا لەگەڵ رۆژنامەنووس مەسیح عەلی نژاد وەڵامی لێدوانەکانی " دەوڵەت ئابادی" دادستانی تارانی دابووەوە و ئامادەیی خۆی دەربڕیبووکە بۆ روون بوونەوەی راستییەکان لەگەڵ دەوڵەت ئابادی لە مونازرەیەکی تەلەویزیۆنیدا بەشداری بکا و بێ تاوانی ئێعدامکراوەکان بسەلمێنێ.

بەهرامیان هەروەها لە درێژەدا رایگەیاندبوو کە ئەگەر دادستان توانی تاوانبار بوونی ئێعدامکراوەکان بسەلمێنێ، ئەوا ئەو ئامادەیە هەرسزایەک کە دەزگای قەزایی رێژیم بۆدیاری بکا، قەبووڵی بکا.

چاوەدێرانی سیاسی دەسبەسەر کرانی بەهرامیان بە گەورەترین کاری نایاسایی دەزانن و پێیان وایە کە ئەوە خۆی بەڵگەیەکە بۆ راستی قسەکانی بەهرامیان، هەر بۆیە رێژیم لە ترسی ئاشکرا بوونی راستییەکان بە بەڵگەوە، ناچار بووە ناوبراو دەسبەسەر بکا.

## زیندانییەکی سیاسیی کورد بە شێوەیەکی گوماناوی لە زینداندا گیانی لەدەست دا



زاهیر مستەفەوی، زیندانی سیاسیی کورد، پاش تێپەڕاندنی ١٨ ساڵ لە ماوەی حوکمەکەی بە شێوەیەکی گوماناوی لە زینداندا گیانی لەدەست دا.

چالاکانی مافی مرۆڤ و دێموکراسی لەم پێوەندییەدا بڵاویان کردەوە کە زاهیر مستەفەوی، رۆژی چوارشەممە، ٢٢ی بانەمەڕ بە شێوەیەکی گوماناوی گیانی لە دەست داو گیانی خۆی فیدای ئازادیی خەڵکی کوردستان و ئێران کرد.

چالاکانی مافی مرۆڤ و دێموکراسی ئاشکرایان کردوە کە مستەفەوی پێشتر لە رووی تەندرووستییەوە لە دۆخێکی نائاسایی دا بوو و حەوتوویەک بەر لەوەی کۆچی دوایی بکا رەوانەی شوێنێکی نادیار کراوە. زاهیر مستەفەوی کە ماوەی چوار ساڵ بوو لە زیندانی گەوهەر دەشت بەند کرابوو، پێشتر لە لایەن کۆمیسیۆنی پزیشکییەوە بڕیاری لە سەر درابوو کە لە رووی جەستەییەوە توانای تەحموول کردنی زیاتری زیندانی نیەو دەبێ ئازاد بکرێ، بەڵام بەرپرسان وتوویانە ئازاد ناکرێ ودەبێ "زجر کش" بکرێ.

### بەیاننامە بە بۆنەی ئیعدام ۵ تیکۆشە ری سیاسی و مە دە نیی کورد

# تاوانی تازەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە تێکۆشەرانی سیاسیو مەدەنی مەحکووم دەکەین

ئەمڕۆ یەک شەممە ۱۹ی بانەمەڕ هەواڵدەرییەکانی سەر بە حکوومەت بڵاویان کردەوە کە پێنج کەس لە تێکۆشەرانی سیاسیو مەدەنی کە پێشتر لە لایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییەوە بە ئیعدام مەحکووم کرابوون، لە زیندانی ئێوین لە دار دراون. ناوی ئەو پێنج بەندکراوە ئیعدام کراوە کە چوار کەسی یەکەمیان کوردن بریتین لە: فەرزاد کەمانگەر مامۆستای قوتابخانەکانی کامیاران، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی، شیرین عەلەم هوولیو مەهدی ئیسلامیان.

هەر چەند دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی رایگەیاندوە کە ئەو پێنج کەسە بە تاوانی هەنگاونان دژی ئەمنیەتی میللی و کاری تێکدەرانە مەحکوومو ئیعدام کراون، بەڵام لە راستی دا هەرکام لەو پێنج کەسە لەسەر چالاکیی سیاسیو مەدەنی ئەو حوکمە قورسانەیان بەسەر دا سەپابووو ئیعدام کراون. بۆیە دەکرێ بگوترێ کە ئەم زەنجیرە ئیعدامە لە راستی دا ئیعدامی سیاسینو لە درێژەی رەوتی، توندتر بوونی سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی رابردوودان.

ئیعدامی بە کۆمەڵی پێنج چالاکی سیاسیو لە نێویان دا چوار چالاکی کورد هەڵگری پەیامێکی تایبەتە بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەویش بریتیە لەوە کە کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە کوردستان هیچ زمانێکی دیکەی بۆ ئاخاوتن لەگەڵ تێکوشەرانی سیاسیی کورد نیەو کاری سیاسی لە کوردستان هەروەک سی ساڵی رابردوو کارێکی پڕ تێچوویە. لەم پێوەندییە دا پەروەندەسازیی دەزگای قەزایی بۆ تێکۆشەرانی سیاسیی کورد جگە لە رواڵەت سازییەکی سادەخەڵەتێنانە ناتوانێ واتایەکی دیکەی هەبێ. چونکە خەڵکی کوردستان کە لە ماوەی سی ساڵی رابردوو دا بێجگە لە سەرکوتو ئیعدامو کوشتاری بە کۆمەڵو ئاخنرانی بەندیخانەکان لە لاوانو تێکوشەرانی سیاسی شتێکی دیکەیان لە کۆماری ئیسلامی نەدیوە، بە هیچ شێوەیەک ناتوانن بڕوا بەم پەروەندەسازیو برۆکراسییە دادوەرییە بکەن کە کۆماری ئیسلامی بۆ رەوایی بەخشین بە ئیعدامی رۆڵەکانیان گرتوویەتەبەر.

پاوانخوازانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی کە ئێستا لە هەر کاتێک زیاتر لە ژێر فشاری بزووتنەوەی نارەزایەتیو دیموکراسیخوازانەی خەڵکی ئێراندان لە هەر بیانوویەک دەگەڕێن بۆ ئەوەی بە درێژەدان بە سەرکوت کەشی ترسو دلەڕاوکێ بەسەر وڵات دا زاڵ بکەنو بەم چەشنە رێگە لە بەرینبوونەوەی ئەم بزووتنەوە سەرانسەرییە بگرن. دیارە لەم نێوەدا هەر وەک زۆر بە راشکاوی دیارە، کوردستان بەم هۆیەوە کە مێژوویەکی دوورودرێژی لە بەرەنگاری لەگەڵ دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی دا هەیەو ئێستاش خاوەنی پوتانسیەلێکی خەباتکارانەی بەرینە، پشکی زیاتری لەسەرکوتو ئیعدام وەبەرکەوتووە.

ئیعدامی بە کۆمەڵی پێنج تێکۆشەری سیاسی نیشانەی ئەوەیە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیانەوێ شۆکێکی رەوانیی قورس لە کۆمەڵگەی ئێرانو بەتایبەت کۆمەڵگەی کوردستان بدەنو بەم چەشنە لە سایەی ئەو رەفتارە دڕندانەیەو ئەو کەشە پڕ لە ترسو تۆقاندنەی خوڵقاندوویانە دەرەتانی دژکردەوەی خەڵک بەرەبست بکەن.

ئەگەر لە روانگەی رەنگدانەوەی نێونەتەوەیی ئەو زنجیرە ئیعدامەشەوە لەم تاوانە تازەیەی کۆماری ئیسلامی بڕوانین بەو راستییە دەگەین کە کاربەدەستانی تاران کە بە هۆی پێشێلکاریی بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ و سەرکێشییە ناوکییەکانو ئاژاوە گێڕییەوە، ئێستا زیاتر لە هەر کاتێک هەست بە تەریککەوتوویی رێژیمەکەیان دەکەن، هیچ هۆکارێک نابینین کە بیر لە کاردانەوە نێونەتەوەییەکانی ئەم کردەوە قێزەونەیان بکەنەوە.



مهدی اسلامیان — فرهاد وکیلی — فرزاد کمانگر — شیرین علم هولی — علی حیدریان

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە رابردوویەکی خەباتکارانەی سی ساڵەی دژی کۆماری ئسلامیی هەیە، ئەم تاوانە نوێیەی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ئەو سەرکوتو تاوانانە دا دەبینێ کە لە سێ دەیەی رابردوو دا ئەم رێژیمە لە دژی خەڵکی کوردستانو تێکۆشەرانی سیاسیی کورد گرتوویەتە بەر. بۆیە لەسەر ئەم بڕوایەیە کە درێژەی سیاسەتی سەرکوت هەرچەند خەساری قورسی بۆ خەڵکو بزووتنەوەی نەتەوایەتیو دیموکراسیخوازانەی کوردستان بەدوواوە بووەو دەبێ، نەک هەر ناتوانێ بزووتنەوەی کورد بێدەنگ بکا، بەڵکوو بە پێچەوانە دەبێتە هۆی گەشەی پوتانسیەلی خەباتکارانە لە کوردستان دا. هەر بۆیە دڵنیاین ئەم تاوانە نوێیەی کۆماری ئیسلامی تووڕەیی وبێ زارییەکی بەرینی کۆمەڵایەتیی لە نێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دا دروست کردوەو بەدڵنیاییشەوە ئەم بێزارییە لە هەڵو دەرفەتی لەبار دا دەتەقێتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای مەحکووم کردنی ئەم تاوانە نوێیەی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە تێکوشەرانی کوردو ئێرانی داوا لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤو وڵاتانی جیهان دەکا، زیاتر لە پێشوو کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەی تاوان و پێشلکارییەکانی دژی مافی مرۆڤ بخەنە ژێرفشارەوە. وەک دژکردەوەیەک بەم تاوانەی کۆماری ئیسلامی پێویستە بگوترێ کە چالاکانی سیاسیو مەدەنیی کوردو حیزبو رێکخراوە کوردستانییەکان بە وەڕێ خستنی نارەزایەتی دژی کۆماری ئیسلامی کارێک بکەن کە ئەم رێژیمە نەتوانێ هەروا بە سانایی درێژە بە تاوانکاریو ئیعدامی رۆڵەکانی کورد بدا.

لە کۆتایی دا داوا لە رێبەرانی بزووتنەوەی سەوز، هێزو لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران دا دەکەین کە پێویستە زیاتر لەسەر هەست بنو لە ئاست تاوانکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بێدەنگ نەبنو بەگرتنەبەری هەڵوێستێکی لێبڕاوانە هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان کە لە ژێر سەکوتو فشارێکی زیاتر دان نیشان بدەن. چونکە ئەم جۆرە هەڵویستانە گرنگییەکی تایبەتی لە هاوپێوەندیی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستانو بزووتنەوەی ئازادیخوازی لەسەرانسەری ئێراندا هەیە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
۱۹/۲/۱۳۸۹
۹/۵/۲۰۱۰

# پشتیوانی لە بانگەوازی مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان دەکەین

خەڵکی خەباتگێڕو و خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان! کۆمەڵانی ماتەمبارو دڵبریندارى گەلی کورد!

تاوانێک کە کۆماری ئیسلامی بەرەبەیانی ڕۆژی ۱۹ی بانەمەڕ لە دژی رۆڵە ئازادیخوازەکانتان ئەنجامی دا، جارێکی دیکە دەری خست کە ئەم ڕێژیمە جگە لە سەرکوت و کوشتار هیچ زمانێکی دیکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی گەلی کورد ناناسێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی سەرکوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستاندا دەستی لە هیچ دڕندەیی و تاوانێک نەپاراستوە و لە ئیعدامی تێکۆشەران و ئازادیخوازان دەستی نەگێڕاوەتەوە. ئێستاش بەو پەڕی بێشەرمی و وەحشیگەرییەوە کەوتۆتە گیانستاندن لە بەندییە سیاسییەکانی کوردستان و باشترین ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان تەنیا بە تاوانی داواکردنی سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکان بۆ گەلەکەیان و



هاونیشتمانانیان لە داردەدا. ئێستا کاتی ئەوەیە بە کۆماری ئیسلامی نیشان بدرێ کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست تاوانی ئیعدامی رۆڵەکانیان بێدەنگ و بێ هەڵوێست نین. دەبێ لە هەڵوێستێکی یەکگرتووانە و لێبڕاوانەدا بە ڕێبەرانی تاوانخولقێن و جینایەت پیشەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشان بدرێ کە شەهیدانی ڕۆژی ۱۹ی بانەمەڕ و هەموو ئەو چالاکە سیاسی و مەدەنییانەی ئەم ڕێژیمە نیازی کوشتنیانی هەیە، رۆڵەی ئەم خەڵکە و هەڵگری ویست و داخوازەکانی ئەوانن و ئیعدامی هەریەک لە وان دەسەڵاتی کۆمار ئیسلامی پتر لەگەڵ نەفرەت و بێزاری و بێ داهاتووی لە کوردستان بەرەوڕوو دەکا.

ئێستا کە چەندین ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنی، رۆژی پێنج شەممە ۲۳ی بانەمەڕیان وەک رۆژی مانگرتنی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاندوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی لە بانگەوازی مانگرتنی گشتی لەو ڕۆژەدا دەکا و لە چین و تویژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان داوا دەکا ڕۆژی پێنج شەممە۲۳ی بانەمەڕ، یەکگرتووانە لەم مانگرتنە گشتییەدا بەشدار بن. داوا دەکەین بە نیشانەی مەحکوومکردنی تاوانی ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنی، رۆژی پێنج شەممە خەڵک لە ماڵەکانیان نەچنەدەر، لە چوون بۆ شوێنی کار و خوێندن خۆ بپارێزن، دووکان و بازاڕ دابخەن و بە چۆلکردنی شەقام و بازاڕ و شوێنی کار بە کۆماری ئیسلامی و دنیا نیشان بدەن کە گەلی کورد ئەم ڕێژیمەی ناوێ و دەست هەڵگری خوێنی رۆڵەکانی نابێت.

سڵاو لە گیانی پاکی تازەترین شەهیدانی ڕێگای ئازادی: فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی، شیرین عەلەم هولی و مەهدی ئیسلامیان بژی یەکگرتوویی خەڵکی خەباتگێڕ و خۆڕاگری کوردستان

بە هیوای هەڵوێستی یەکگرتووانەی هەموو لایەک لە ڕۆژی پێنج شەمە، ۲۳ی بانەمەڕدا

حیزبی دێموکراتی
کوردستان
دەفتەری سیاسی
۱۳۸۹/۲/۲۲
۲۰۱۰/۵/۱۲

# سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات داوا لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکا بە هانای بەندکراوانی کوردەوە بێن

ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی پارێزەری ئەمنییەت و مافەکانی مرۆڤ ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ حیزب و ڕێکخراوە دێموکڕات و ئازادیخوازەکان کەسایەتی‌یە سیاسی، فەرهەنگی و ئازادیخوازەکان گەلی کورد لە کوردستانی ئێران سەدان ساڵە لە ژێر چەپۆکیی دا بەسەردەبا و لە پێناوی بەدەست هێنانی سەرەتاییترین مافەکانی، هەزاران قوربانی داوە. هەم لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتەکانی پێش کۆماری ئیسلامی و هەم لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا هەمیشە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە وەک هاونیشتمانی دەرەجە دوو چاوی لێکراوە، پەلامار دراوە، هەمو مافێکی لێ زەوت کراوە و وەڵامی بچوکترین داخوازەکانی بە ئاگر و ئاسن دراوەتەوە. لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا ڕادەی زوڵم و زۆرەکە بە ئەوجی خۆی گەیشتووە. کوردستان میلیتاریزە کراوە، نیزامی ئەمنییەتی بەسەر دا سەپاوە و هەر جوڵەیەکی چالاکانی سیاسی، مەدەنی و فەرهەنگی بە پێوانەی نیزامی و ئەمنییەتی هەڵدەسەنگێندرێ و بچوکترین ناڕەزایەتی لە ڕژیم، بە قورسترین سزا وەڵامی دەدرێتەوە. تا ئێستا بە سەدان ژن و پیاوی کورد لەسەر چالاکی زۆر ئاسایی کە لە دنیای دێموکڕات و ئازاد دا دەکەونە خانەی ئازادییە سەرەتاییەکانی مرۆڤەوە، شکەنجە کراون، سزای زیندانیی دوور و درێژ و تەنانەت ئێعدامیان بەسەر دا سەپاوە.



نموونەی هەرە تازە ئێعدامی چوار کەس لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد و ئێرانییەکی دیکە لە زیندانی ئێوین لە ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٩ دا بوو. فەرزاد کەمانگەر مامۆستای قوتابخانەکانی کامیاران، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی، شیرین عەلەم هولی‌و مەهدی ئیسلامیان کە لەو ڕۆژەدا لە لایەن جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئێعدام کران، هیچ تاوانێکیان نەکردبوو. ئەوان ئەگەر لە وەڵاتێکی ئازاد دا بونایە، تەنانەت یەک ڕۆژیش زیندانی نەدەکران، بەڵام بێ وەکیل و دادگاییەکی عادڵانە و بێ ئەوەی بتوانن دیفاع لە خۆیان بکەن، لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە، حوکمی ئێعدامیان بەسەر دا سەپا و بەداخێکی گرانەوە حوکمەکەش جێبەجێ کرا. ڕژیمی ئێران کوردستانی کردۆتە کوشتارگای ئینسانەکان تا خەڵکی ناوچەکانی دیکەی پێ چاوترسێن بکا. هەرکاتێک لە تاران و شارە گەورەکانی دیکە بە چالش دەکێشرێ، کۆمەڵێک لە لاوانی کورد کە بێ تاوان لە زیندانەکانی دا ڕاگرتون، لە سێدارە دەدا. هەر ئێستاش ١٧ چالاکی سیاسی، مەدەنی و فەرهەنگیی دیکە لە ژێر حوکمی ئێعدام دان و مەترسی ئەوە دەکرێ کە بۆ چاوترسێن کردن، ئەوانیش لە سێدارە بدرێن. تەنانەت دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان محەمەد سەدیقی کەبودوەندیش لە زیندان دایە.

ئێمە داوا لە هەموو لایەنگرانی مافی مرۆڤ، لە هەموو دەوڵەت، ڕێکخراوو ئینسانە ئازادیخوازەکانی دنیا دەکەین کە بە هانای لاوانی کور و کچی کوردەوە بێن و ڕێگا نەدەن ببنە قوربانیی دەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی و بۆ چاوترسێن کردن ملیان بە پەتی سێدارەوە بکرێ.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**١٧ - ٥ - ٢٠١٠**

**درێژە:**

# گەورەترین مانگرتنی گشتی لە مێژووی کۆماری ئیسلامی دا لە کوردستان بەڕێوەچوو

لەم پێوەندییەدا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوپاسنامەیەک دا، وێڕای بەرز نرخاندنی هەڵوێستی بوێرانەی خەڵکی کوردستان و یەکهەڵوێستیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، ئەو مانگرتنەی بە نیشانەی یەکڕیزی و یەکگرتوویی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە قەڵەم داوەو هیوای خواستوە کە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پەیامی ئەو مانگرتنە بەشکۆیەی خەڵکی کوردستانیان وەرگرتبێ و هەوڵ بدەن بە دەرس وەرگرتن لەو مانگرتنە هەوڵ بۆ یەکریزی و هاوهەڵوێستی لە نێو بزووتنەوەی کوردستان دا بدەن.

مانگرتنەکە هەر لە سەرلە بەیانیی ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕەوە دەستی پێ کردو تا کاتژمێر ١٠ی سەرلە بەیانی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان ئاستی مانگرتنەکە بۆ سەرووی ٩٠ لە سەدی دووکان و بازاڕەکان بەرز ببووەو هەندێک لە شارەکانی وەک پیرانشارو نەغەدە، سەرپێڵی زەهاو و سەڵماس و بیجار چەند کاتژمێرێک درەنگتر بە مانگرتنەکەوە پەیوەست بوون. شارەکانی سنە، کامیاران، مهاباد، سەقز، بۆکان، شنۆ، مەریوان، سەردەشت، ڕەوانسەر، پاوەو نەوسوود بەرزترین ئاستی بەشداری لە مانگرتنیان هەبوو. لە شارەکانی کرماشان، ورمێو میاندواوو نەغەدەو ماکۆو دیواندەرە ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی ئەو شارانە لە مانگرتنەکەدا بەشدار بوون.

لە شاری سنە هێزەکانی ڕێژیم لەگەڵ لاوان دەرگیر بوون و لە ئاکام دوو کەس بە تەقەی ئەو هێزانە بریندار بوون.

لە شارەکانی کامیاران و بۆکان مانگرتنی گشتی قوتابخانەکانیشی گرتەوەو قوتابیان و مامۆستایان لە چوونەوە بۆسەر کلاسەکانی وانە وتنەوە خۆیان بوارد.

خوێندکارانی کوردیش ڕۆڵێکی بەرچاویان لە مانگرتنی خەڵکی کوردستان دا هەبوو و خوێندکاران لە چەند زانکۆش ڕۆژێک زووتر دەستیان بە مانگرتن کردبوو. لە زانکۆکانی سنەو مەریوان خوێندکاران ڕۆژی ٢٢ی بانەمەڕ دەستیان دایە مانگرتن و داوایان لە خەڵک کرد کە لە مانگرتنە گشتییەکەی ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕدا بەشدارییەکەی بەربڵاو بکەن. خوێندکارانی کوردو بەشێکی بەرچاوی خوێندکارانی نەتەوەکانی دیکەش ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕ هاوکات لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەستیان دایە مانگرتن و هێزەکانی ڕێژیم هێرشیان کردە سەر خوێندکاران تا مانگرتنەکەیان بشکێنن، بەڵام خوێندکاران بە پاراستنی یەکڕیزی خۆیان مانگرتنەکەیان بە سەرکەوتوییەوە بەڕێوەبرد.

شایانی باسە ڕێژیم لە ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕدا کەشێکی تەواو نیزامی بەسەر کوردستان دا زاڵ کردبووو لە چەند پارێزگای دیکەوە هێزێکی زۆری هێنابووە کوردستانەوە بەڵام ئەو هێزانە سەرەڕای هەموو فشارو پیلانگێرییەکانیان نەیانتوانی پێش بە بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی مانگرتنەکەی خەڵکی کوردستان بگرن.

**درێژەی:**

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی مانگرتنی گشتیی ٢٣ی بانەمەڕەوە

ئەگەر خەڵکی کوردستان بە مانگرتنی پڕشکۆی ٢٣ی بانەمەڕ، پاداشی هاوهەڵوێستی و یەکدەنگیی ئێمەیان دایەوە، دەبا ئێمەش بە درێژەدانی ئەم ڕەوتە و بایەخدانی زیاتر بە هاوکاری و هاوخەباتی و کۆدەنگی لە نێو خۆماندا، ڕێز لەم حەماسە نەتەوەییەی ئەوان بگرین.

**حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە دیموکرات و خەباتگێڕەکانی ئێران!**

هاوبەشیی ئێوە لە ماتەمی خەڵکی کوردستان و بەشداریی چالاکانەتان لە کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاکسیۆنەکانی ناڕەزایەتی دەربڕین لە پێتەختەکان و شارە گەورەکانی وڵاتانی دنیادا، هەروەها پشتیوانیتان لە بانگەوازی مانگرتنی ٢٣ی بانەمەڕی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە جێی خۆیدا و جێگای ڕێز و پێزانین بوو. خەڵکی کوردستان کە لەمێژساڵ بوولە بێدەنگی و بێ‌هەڵوێستی و کەمتەرخەمیی پێشووی زۆر لە ڕێکخراوەکان و کەسایەتییە ئێرانییەکان لە ئاست سەرکوت و کوشتاری گەلی کورد بە هۆی کۆماری ئیسلامییەوە ڕەخنەیان هەبوو، ئەمجارە ئێوەیان لە تەنیشت خۆیان بینی و هەستیان بە هاوخەمی و پشتگیریی ئێوە کرد. ئەم هەڵوێستە بێگومان لە پتەوترکرنی هاوپێوەندی و هاوخەباتیی گەلی کورد و هاونیشتمانانی دیکەلە دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا شوێندانەر دەبێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە کاتێکدا جارێکی دیکە هاودەردیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕ دووپات دەکاتەوە، بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی مانگرتنی گشتیی ٢٣ی بانەمەڕ سەری ڕێز بۆ هەڵوێستی بوێرانە و یەکگرتووانەی خەڵکی کوردستان دادەنوێنێ و بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە گەلی کورد، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستان دەکا. سوپاسی زۆریشمان پێشکەشی کەسایەتییە کورد، ئێرانی، و بیانییەکان دەکەین کە بۆ مەحکوومکردنی تاوانی ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان و بەڕێخستنی حەرەکەتی ئێعترازی لەم پێوەندییەدا ، چالاکانە بەشدار بوون.



بێگومان سەرکەوتنی مانگرتنی گشتیی ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕ، وەک دەسکەوتێک لە مێژووی خەبات و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستاندا دەمێنێتەوە و لە پاراستنی یەکیەتی و هاوخەباتی و لەبردنە پێشی خەبات و بەربەرەکانی بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دا، هاندەری ڕێکخراوە سیاسییەکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێ.با ٢٣ی بانەمەڕ بکەین بە سەرفەسڵێک لە خەباتی هاوبەشمان بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا و بە کەلکوەرگرتن لە ئەزموون و وانەکانی ئەم حەرەکەتە مەدەنییە پڕشنگدارە، خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی وئازادیی ئێران ببەینە نێو قۆناغێکی نوێوە.

بژی هاوپێوەندیی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و یەکیەتی و هاوخەباتیی ڕێکخراوە سیاسییەکانی گەلی کورد

سڵاو لە ٢٣ی بانەمەر، ڕۆژی سەرکەوتنی ئیرادەی خەباتگێرانەی خەڵکی کوردستان.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**دواساتەکانی**
**١٣٨٩/٢/٢٣**
**٢٠١٠/٥/١٣**

# تاوانێک کە وڵامی شیاوی خۆی وەرگرتەوە

ب. هیوا

ئیعدامی پێنج کەس لە تێکۆشەرانی سیاسی و چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕدا کە چواریان کورد بوون، ئەنجامێکی پێچەوانەی چاوەڕوانیی سەرانی کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە. مەبەستی ئەوان لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە، چاوترسێن کردنی گەلی خەباتگێڕ و خۆڕاگری کورد و، زاڵکردنی هەرچی زیاتری کەشو هەوای ترس و تۆقاندن لە بەرەبەری یەکەمین ساڵڤەگەڕی کودەتا ئابڕووبەرانەکەی سوپا خامەنەییدا بوو. بەڵام ئەم تاوانە، هێندێک ئەنجامی ڕێک بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی سەرانی ئەو ڕێژیمەی لێ کەوتەوە. لە ئاستی خەڵکی کوردستاندا بووە هۆی پەرەگرتنی هەرچی زیاتری نەفرەت و تووڕەیی لە ڕێژیم وپێکهاتنی یەکیەتی لە نێو خەڵکدا. لە ئاستی هێزو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتدا، یەک هەڵوێستی و یەکدەنگی و لێک نزیکبوونەوەی ئەوان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی بەدووادا هات. ئەم تاوانە دڕندانەیە جگە لەوەی بووە هۆی نوێکردنەوە و پتەوکردنەوەی پێوەندیی خەڵکی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی، هاوپێوەندییەکی کەم وێنەی لە نێوان خەڵکی کوردستان وهێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەرانسەری ئێراندا خوڵقاند.

هەڵوێستی کەسایەتییە سیاسییەکان و ڕێکخراوە سیاسی و خوێندکارییەکان وناوەند و دامەزراوە مرۆڤپارێزەکانی نێوخۆی ئێران لە بەرامبەر ئەم تاوانەدا، مستێکی قایم بوو لە دەمی ڕێژیمێک درا کە دەیەویست بە ئیعدامی تێکۆشەرانی کورد، هەمووان عیبرەتگرتوو بکا و بیانخزێنێتەوە نێو قاپێلکی خۆیان. لە دەرەوەی وڵاتیش حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و، کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگی و مرۆڤدۆستەکان و سەرجەم ئێرانییەکانی ناڕازی لە ستەم و دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی، وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانە و هاودەردی لەگەڵ گەلی کورد، شانبەشانی کوردەکان لە ڕێپێوان و خۆپێشاندانی ئیعترازی لە بەردەرکی سەفارتخانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جۆراوجۆری دنیادا، بەشدار بوون و سەرنجی جیهانییەکانیان بۆ لای ئەم تاوانە و تاوانەکانی دیکەی ئەم ڕێژیمە لە دژی گەلی کورد و ئێرانییەکان ڕاکێشا.

لە ئاکامی چالاکیی بەرین، بەردەوام و بەربڵاوی هاوبەشی کوردان و ئێرانییەکاندا، شەپۆلێک لە ناڕەزایەتیدەربڕین لە ئاستی نیو نەتەوەییدا بە دژی کۆماری ئیسلامی وەڕێ کەوت. هاودەردیی چەندین ناوەند و بنیاتی نێونەتەوەیی و، زۆر دامەزراوە و ڕێکخراوی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ئێران و مەحکوومکردنی کوشتن و لە نێو بردنی تێکۆشەران و ناڕازییان، زۆر وڵاتی دنیای گرتەوە.

هەم چالاکیی هاوبەشی کوردانی دەرەوەی وڵات و ئێرانییەکان بە مەبەستی لەقاودانی تاوانەکانی ڕێژیمی ئێران بەرامبەر بە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بەردەوامە، هەم هاوپێوەندیی ڕێکخراو و ناوەند و دامەزراوە و کەسایەتییە سیاسی، فەرهەنگی و مرۆڤپارێزەکان لەگەڵ گەلی کورد و خەڵکی ئێران درێژەی هەیە. ئەمەش بە جێگای خۆی کە میدیاکانی جیهان سەرنجی خۆیان لە سەر ڕێژیمی ئێران و ئەنجام و دەرکەوتەکانی تازەترین تاوانی ئەم ڕێژیمە، چڕکردوتەوە.

گرنگتر لە هەمووی ئەمانە، حەرەکەتێک بوو کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕدا بەخۆیەوە بینی.



ئەگەرچی مانگرتن وەک شێوەیەک لە ناڕەزایەتی دەربڕین، پێشتریش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەڵکی لێ وەرگیرا بوو. بەڵام ئەوە یەکەم جار بوو کە سێ پارێزگە لە چوار پارێزگەی پێکهێنەری کوردستانی ئێران و نزیکەی بیست شار و شاروچکە لە مانگرتنێکی گشتی دا بەشدار دەبوون. سەرەڕای بوونی هێزی زۆر و زەوەندی ڕێژیم لە نێو شاروکانی کوردستان و خۆ ئامادەکردنی دام و دەزگا سەرکوتگەرەکان بۆ پێشگیری لە پێکهاتنی مانگرتنی گشتی، چین وتوێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشوازییان لە بانگەوازی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ مانگرتنی گشتی کرد ئەم مانگرتنە گشتیە، دەری خست کە ئامادەیی و ئیستعدادی خەباتی مەدەنی و ناڕەزایەتی دەربڕین لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە لە نێو خەڵکی کوردستانی ئێران دا زۆر بە هێزە. هەر وەها سەلماندی کە کوشتوبڕو ئیعدام لە جیاتی ترساندنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، ئەوانی لە سەر دژایەتیی ئەو ڕێژیمە و پشتیوانی لە ڕۆڵە خەباتکارەکانیان و هێزە سیاسییەکانیان شێلگیرتر کردوە.

مانگرتنی ٢٣ی بانەمەڕ ئەم ئیدەیەشی خستە نێو مێشکی هێندێک لایەن و کەسایەتیی بەشدار لە بزووتنەوەی سەوز و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێراندا، کە ئەگەر لە ئاستی ئێران دا، بە هوی سەرکوتی توندی ئیمکانی هێنانی بە میلیون خەڵکی نارازی بۆ سەر شەقامەکان نیە، خۆ دەکرێ ئەزموونی مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان تاقی بکەنەوە. ئەزموونێک کە بە سەرنجدان بە دڕندەیی ڕێژیم و هەزینەی کەمی ئەم شێوە ناڕەزایەتی دەربڕینە، توانیویەتی کاریگەر بوونی خۆی بنوێنێ و پێویستە لە شوێنی دیکەش تاقی بکرێتەوە.

> **ئەگەرچی مانگرتن وەک شێوەیەک لە ناڕەزایەتی دەربڕین، پێشتریش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەڵکی لێ وەرگیرا بوو. بەڵام ئەوە یەکەم جار بوو کە سێ پارێزگە لە چوار پارێزگەی پێکهێنەری کوردستانی ئێران و نزیکەی بیست شار و شاروچکە لە مانگرتنێکی گشتی دا بەشدار دەبوون**

---

دریژەی:

# لەبنکەی دەفتەری سیاسی حیزب سمینارێک بۆ هەڵسەنگاندنی مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان و پەیام و ئاکامەکانی، بەڕێوەچوو

لەو سمینارەدا کە بە بەشداریی دەیان کەس لە کادرەکانی ڕاگەیاندن و کادر و پێشمەرگەکانی بەشەکانی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک وتار و بابەت پێشکێش کران و لە کۆتایی باسەکانیش دا سەرنج و تێبینیی بەشداران لە سەر هەر کام لە باسەکان خرانە ڕوو.

" پێویستیی هاوکاریی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای مانگرتنی ٢٣ی بانەمەڕ " باسێک بوو کە لە لایەن بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە پێشکێش کرا. بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە لە باسەکەیان دا وێڕای بەرزنرخاندنی هەڵویستی ئازایانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گوتار و هەڵویستی هاوبەشی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە خەڵکی کوردستان پیشانیان دا کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروا جێی متمانەی خەڵکی کوردستانن و ئەگەر ئەو حیزب و ڕێکخراوانە هاودەنگ و هاوهەڵوێست بن، ئەوا خەڵکی کوردستانیش لە هەموو کاتەکان دا لە پشتیانن و لە گەڵیانن.

دواتر کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات باسێکی لە ژێر ناوی" چۆن دەتوانین ئەم دەسکەوتە بکەین بە دەسمایەی خەباتی لەمەودوامان؟"، پێشکێش کرد. بەڕێزیان بە وردی باسی ئەو هەوڵ و هەنگاوانەی کرد کە بوون بە هۆی ئەوە کە سەرکەوتنە مێژووییەکەی ڕۆژی ٢٣ ی گوڵان تۆمار بکرێ و لە سەر ئەوە پێی داگرت کە ئەو سەرکەوتنە دەتوانێ ببێتە هەوێنی سەرکەوتنەکانی دیکەی خەباتی نەتەوایەتیمان، بە مەرجێک کە هەر بەو شێوەیە یەکگرتووی، هاوکاری و هاوهەڵوێستی لە سەرووی هەموو سەرنج و بەرنامەکانمانەوە بێ.

"پێشینەی مانگرتنی گشتی و ڕۆڵی ڕێکخستنی حیزبی دیموکراتی کوردستان"، بابەتێکی دیکەی ئەو سمینارە بوو کە لە لایەن کاک حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە پێشکێش کرا. کاک حەسەن قادرزادە لە باسەکەی دا ئاماژەی بە باوڕ و پرەنسیپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ برەودان بە خەباتی جەماوەری و بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان کرد و بە پشتبەستن بە چەند نموونەیەکی مێژوویی پێی لە سەر ئەوە داگرت کە ئەو شێوە لە خەبات و بەرخۆدانە خەریکە وەک میتۆدێکی سەرەکیی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر بێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا کاک عەبدوڵڵا بەهرامی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسیکی لە سەر "تایبەتمەندییە جەماوەرییەکانی ئەم مانگرتنە و هەڵوێستی بزووتنەوەی سەوز" کرد و وێڕای بە پۆزیتێڤ دانانی کاردانەوە و هەڵوێستی ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز و کۆمەڵێک لە لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی کوردستان لە ئێران، ئەو هاوپێوەندییەی بە خاڵێکی بە هێز لە گوڕ و تین بەخشین بە خەباتی جەماوەریی سەرتاسەریی ئێران ناو برد.

"هۆیەکانی بەشدارنەبوونی چالاکانەی هێندێک شار و ناوچە لەم مانگرتنە گشتییەدا" باسێکی دیکەی ئەو سمینارە بوو کە لە لایەن کاک خالید وەنەوشەوە پێشکێش کرا. کاک خالید لە باسەکەی دا بە کورتی خەسارناسیی ئەو بابەتەی کرد و کۆمەڵە هۆکارێکی سیاسی و ئابووریی لەو پێوەندییەدا بە کاریگەر لەو واقعە زانی.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا کاک ڕەحمان پیرۆتی خوێندنەوەیەکی گشتیی بۆ خەباتی مەدەنی و پێویستییەکانی کرد.

کاک سمایل شەرەفی یەکێکی دیکە لە کۆڕگێرانی ئەو سمینارە بوو لە باسێک دا خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ پەیوەست نەبوونی چەند شار و ناوچەیەکی کوردستان لە مانگرتنە گشتییەکەی ٢٣ی بانەمەڕدا کرد و لە باسەکەی دا لاوازبوونی ناوەند و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی لە هیندێک لە شارەکانی کوردستان بە فاکتەرێکی گرینگ لە بەرچاونەبوونی مانگرتن لەوان دا لە قەڵەم دا.

"ئایا مانگرتنی ٢٣ی بانەمەڕ خاڵێکی وەرچەرخان لە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو؟"، ناونیشانی بابەتێکی دیکەی ئەو سمینارە بوو کە لەلایەن کاک حوسێن ئەحمەدپوورەوە پێشکیش کرا. بەڕێزیان لە باسەکەی دا ئاماژەی بە خاڵە بەرچاو و خەسڵەتە دیارەکانی ئەو مانگرتنە کرد و وەک خاڵی وەرچەرخان لە ڕووتێکردنی خەڵکی کوردستان بۆ شێوە خەباتی مەدەنی پێناسەی کرد.

کاک مادیح ئەحمەدی یەکێکی دیکە لە کۆڕگێرانی ئەو سمینارە بە ئاماژە بە کاردانەوەی میدیایی تاوانی ١٩ی بانەمەڕ و مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان، ڕۆڵ و گرینگیی میدیای کوردی لە سەرخستن و بەربڵاوکردنی مانگرتنە گشتییەکە بەرز نرخاند و لەو پێوەندییەدا لە مەڕ میدیاکانی بیانی و هەڵویستیان سەبارەت بەو مانگرتنە چەند سەرنجێکی خستە ڕوو

کاک عەلی بداغی دوایین کۆڕگێری ئەو سمینارە بوو کە لە باسێک دا وێڕای هەڵسەنگاندنی چالاکیی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەر لە مانگرتنەکەی ٢٣ ی گوڵان و ڕۆژی مانگرتنەکە و ڕۆژانی دوایی سەرکەوتنی مانگرتنەکە، ئاماژەی بە کۆمەڵێک لە کەموکووڕییەکانی ڕێکخستن و ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بواریی میدیایی دا کرد.

لە دوایین بەشی ئەو سمینارەدا بەشداران بە گەرمی بە هێنانە بەرباسی سەرنج و تێبینییەکانیان بەشدارییان لەو کۆڕە دا کرد.

# سبەینێ منداڵەکانمان لە جیاتی تۆ ڕۆژباش بە ئازادی دەڵێن

**پێشەکی و وەرگێڕان: کوێستان فتووحی**

**"چۆن دەکرێ باری قورسی بەرپرسایەتیی مامۆستایەتی و چاندنی تۆوی وشیارکردنەوەت لەسەر شان بێ و زمانت نەگەڕێ"**

مامۆستای منداڵانی ئەم نیشتمانە ژێردەستە، نەمر فەرزاد کەمانگەر ئەو کاتەی ژیانی سەربەرزانەی لە زیندانی بێدادیدا تێپەڕ دەکرد و حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپا بوو، چەندین نامەی لە زیندانەوە ناردە دەرەوە و لە هێندێك لە سایتە کوردی و فارسییەکاندا بڵاو کرانەوە. نامەکانی ڕوویان لە قوتابییەکانی خۆی، لە ژنانی ئازار چێشتووی نیشتمانە برینداره‌کەی، لە هاوڕێ خۆشەویستەکانی دابوو کە وەك خۆی دیلی زیندانی زوڵم و زۆرداریی بوون هەروەها دوو نامەشی بەبۆنەی غەمی لەدەستدانی ئیحسان فەتاحییان، هاوڕێ ئێعدامکراوەکەی نووسیبوو . لە زۆربەیاندا باسی لە ئارەزووە وەدینەهاتووەکانی کردوە، باسی لەو غەمانە کردوە کە منداڵانی ئەم دیارە پڕ لە ئازارە (کوردستان) پێوەی دەناڵێنن، باسی لە غەمی ئەو فریشتانە کردووە کە دایکیان لەدەست ئازارەکانی ژیان ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداوە. باس لە بێبەشیی نەتەوەیەك دەکا کە بۆخۆی لە ڕێی بەختەوری ئەو لەزینداندایە. نامەکان جگە لە غەم و دڵتەنگی پڕن لە ئارەزوو، لە هەستی بەرزی ئینسانی، ئازادیخوازی و خۆشەویستی و هاوخەمی بۆ نیشتمان .

ئەو نامانە بۆ ئەوە دەبن دایکانی ئەم نیشتمانە ماندووە، بیانکەنە چیرۆك و بۆ نەوە دوای نەوە بیانگێڕنەوە، بۆ ئەوە دەبن منداڵەکانمان لەوانەوە فێری ئەوین، ڕاستگۆیی، خۆشەویستیی نیشتمان، ڕێزنان لە ئازادیی ئینسانەکان و هەموو بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی بن.

لێرەدا بە بۆنەی ئێعدامی ئەو مرۆڤە سەربەرز و بەنرخەی نیشتمان کە ماوەی ١٣ ساڵ لە کامیاران و ئاواییەکانی دەوروبەر، دەرسی بە منداڵە هەژارەکان دەگوتەوە، هەروەها یادی ٤ هاوڕیی دیکەی کە ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی گوڵان لە لایەن جەللادەکانی ڕێژیمی جینایەتکارو خوێنرێژی کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لێسەنرا، یەکێك لە نامە بە نرخەکانی کە بریتییە لە دەربڕینی غەم و دڵتەنگییەکانی خۆی بۆ قوتابییەکانی، بۆ خوێنەرانی "کوردستان" هەڵدەبژێرم و وەریدەگێڕمەوە سەر زمانی کوردی:

## نامەی فەرزاد کەمانگەر مامۆستای ئێعدام کراو، بۆ قوتابییەکانی

**منداڵەکان سڵاو،**

دڵم بۆ هەمووتان تەنگ بووە، شەو ڕۆژ بە خەیاڵ و بیرەوەرییە شیرینەکانی ئێوەوە شێعری ژیان دەهۆنمەوە، هەموو ڕۆژی لە جیاتی ئێوە ڕۆژ باش بە هەتاو دەڵێم. لە لای ئەو دیوارە بەرزانەوە لەگەڵ ئێوە لەخەو هەڵدەستم، لەگەڵ ئێوە پێدەکەنم و لەگەڵ ئێوە دەخەوم. هێندێك کات "شتێك وەك دڵتەنگی" هەموو گیانم دادەگرێ.

خۆزگە دەکرا وەك رابردوو ماندوو لە گەڕان، ئەو گەڕانەی ناومان لێ نابوو گەڕانی زانستی و ماندوو لە هەموو هەڵلاو هەنگامەکان، تۆز و خۆڵی ماندوویەتیمان بە ئاوی ڕوونی کانیی ئاوایی لەبیر دەبردەوە، خۆزگە دەکرا وەك رابردوو گوێمان ڕادەداشت بۆ "دەنگی پێی ئاو" و لەشمان بە لاواندنەوەی گوڵ و گیا دەسپارد و لەگەڵ سەمفۆنیای جوانی سروشت پۆلی وانە خوێندنمان پێك دێنا و کتێبی بیرکارییمان بە هەموو "مجهولات"ەوە دەخستە ژێر بەردێکەوە، چونکە باوك نانێك شك نابا بۆ پێشکەشکردنی سەر سفرە، جیاوازی چیە سێ مومەییز چواردە بێ یان سەد مومەییز چواردە، دەرسی زانستمان بە هەموو ئاڵوگۆڕی کیمیا و فیزیکی دنیاوە دەخستە لاوە و بە هیوای گۆڕانێك لە چەشنی "ئەوین وپەڕجۆ" پەلە هەورەکانی ئاسمانمان هاوڕی لەگەڵ شنە با بەڕێ دەکرد و چاوەڕوانیی گۆڕانێك دەبووین کە "کورش" هاوپۆلە پڕلە جۆش و خرۆشەکەتان لە سەر پۆلەوە نەنێرێ بۆ کرێکاری و لە هەڕەتی تازەلاویدا بۆ گەڕان بەدوای نان‌دا لە ئاپارتمانێکەوە نەکەوێتەخوارەوە و بۆ هەمیشە جێمان نەهێڵێ، چاوەڕوانی گۆڕانێك دەبووین کە بۆ جێژنی نەورۆز جووتێك کەوشی تازە و دەستێك لیباسی باش و سفرەیەکی پڕ لە نوقڵ و شیرینی بۆ هەموانی تێدا بێ.

خۆزگە دەکرا جارێکی دیکە و بە دوور لە چاوی نازمە مڕچ و مۆنەکەی قوتابخانە بە دزییەوە بە ئەلف و بێی کوردیدا دەچووینەوە و بە زمانی دایك شێعر و گۆرانیمان بۆ یەکتر دەگوت و دەست لە نێو دەستی یەکتردا هەڵدەپەڕین و هەڵدەپەڕین و هەڵدەپەڕین.

خۆزگە دەکرا دیسان لە نێو کوڕەکانی پۆلی یەکدا دەروازەوانەکە دەبووم و ئێوەش بە خەیاڵی بوون بە ڕۆناڵدۆ گوڵتان لە مامۆستا (آقا معلم) دەدا و لە خۆشییان یەکترتان لە باوەش دەگرت، بەڵام بەداخەوە نازانن کە لە وڵاتی ئێمە خەیاڵ و ئارەزووەکان بەر لە قاپی وێنەکانمان تۆزی فەرامۆشییان لێدەنیشێ.

خۆزگە دەکرا دیسان دەبوومەوە کۆڵەکەی نێوبەند "ثابت"ی یاریی مامەی زنجیر هۆن"عمو زنجیر باف"ی کچانی پۆلی یەك، هەر ئەو کچانەی کە لێم ڕوونە چەند ساڵێکی دیکە بە دزییەوە لە گۆشەی دەفتەری بیرەوەرییەکانیاندا دەنووسن خۆزگە کچ لە دایك نەدەبوون.

دەزانم ئێستا گەورە بوون، شوو دەکەن، بەڵام بۆ من هەر ئەو فریشتە پاك و بێگەردانەن کە ئێستاش "شوێنی ماچی ئەهوورا مەزدا" لە نێوان چاوەکانتان دا دیارە، بەڕاستی کێ دەزانێ ئەگەر ئێوەی فریشتە، ڕۆڵەی ڕەنج و هەژاری نەبووایەن، کاغەزتان بەدەستەوە نەدەگرت و بۆ کەمپەینی ژنان ئیمزاتان کۆنەدەکردەوە، یان ئەگەر لەم قوژبنەی "خاکی فەرامۆشکراوی خودا" لە دایك نەدەبوون، ناچار نەبوون لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا بە چاوی پڕ لە فرمێسك و حەسرەتەوە " لەژێر تارای سپیی بووکێنی دا، " بۆ دووا جار ماڵاوایی لە قوتابخانە بکەن و "چیرۆکی تاڵی ڕەگەزی دووهەم بوون" بە هەموو هەستتانەوە تاقی بکەنەوە. کچانی وڵاتی ئەهوورا، سبەینێ کە لە داوێنی سروشتدا ویستتان بۆ منداڵەکانتان پنگ بچنن یان لە وەنەوشە تاجی گوڵێنیان بۆ سازکەن هەموو پاکی و شادییەکانی سەردەمی منداڵیتان وەبیر بێننەوە.

کوڕانی سروشتی هەتاو! دەزانم ئیتر ناتوانن لەگەڵ هاوپۆلەکانتان دانیشن، گۆرانی بڵێن و، پێبکەنن، چونکە دوای "موسیبەتی بوون بە پیاو" غەمی نان"یش بەرۆکتان دەگرێ، بەڵام لەبیرتان بێ هیچکات پشت لە شێعر، لە گۆرانی، لە لەیلاکانتان و ئارەزووەکانتان نەکەن، منداڵەکانتان فێر بکەن بۆ وڵاتەکەیان بۆ ئەمڕۆ و سبەینێکان ڕۆڵەیەك بن لە ڕەگەزی "شێعر و باران" بن.

بە دەستی باران و هەتاوتان دەسپێرم تا سبەینێیەکی نەچەندان دوور وانەی ئەوین و ڕاستگۆیی بۆ وڵاتەکەتان بچڕن.

**هەڤاڵ و هاویاری و مامۆستای سەردەمی منداڵیتان**
**فەرزاد کەمانگەر ـ زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج**
**٩ی ڕەشەمەی ١٣٨٦**



# دووەمین کتێب لە بارەی فەرزادی کەمانگەرەوە بڵاوکرایەوە!

**پێناسەی کتێب:**
**ناو: نامەکان: لە زیندانەوە بۆ زیندان**
**نووسەر: فەرزادی کەمانگەر**
**وەرگێڕ و ئامادەکار: سیاوەش گۆدەرزی**
**گرافیکی بەرگ: چیا مەدەنی**
**زمان: دووزمانە، کوردی و فارسی**
**چاپخانە: ئاپێک، ستۆکۆڵم، سوید**
**نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم**
**قەوارە و لاپەڕە: ئا پێنج، ٣٥٨ لاپەڕە**
**تیراژ: ١٠٠٠**
**ژمارەی سپاردن: ISBN 978-91-633-6110-04**
**ئەم کتێبە لە سەر ئەرکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد Kurdish Association Human Rights چاپ کراوە.**
**لە بەشێک لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا هاتووە:**

لە مێژووی ئەدەبیاتی چەپ، شۆڕشگێری و بەرگریی نێو زیندانەکانی ئێراندا، خوسرەوی گولسورخی کەسایەتییەکی ناسراو بوو. فەرزادی کەمانگەر کەسایەتییەکی دیکەی ناسراوی ئەدەبی شۆڕشگێرییە کە خۆی لە شانی گولسورخی دەدات. بێجگە لەوە فەرزادی کەمانگەر یەکەم کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە زیندانەوە ڕچەشکێنی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی بە شێوازی نوێی کوردێتی، هومانیستی، ئێکۆلۆژیستی و فیمینیستی کردووە.

ئەو نامانەی لەم کتێبەدا دەکەونە بەر سەرنج، ئەو نامانەن کە فەرزادی کەمانگەر لە ژێر گرانترین ئەشکەنجە و لە ژێر سێبەری حوکمی لەسێدارەداندا لە زیندان نووسیونی و بە هۆی چالاکانی مافی مرۆڤەوە گەیشتووەنەتە دەرەوەی زیندان. فەرزادی کەمانگەر وەک مامۆستایەکی بەئەمەگی قوتابییەکانی، هەمیشە و دایم لە زیندانیش لە بیری منداڵاندایە و لە زیندانەوە نامەیان بۆ دەنووسێ. لە تێکستێکی ئەدەبیدا بەم شێوەیە یەکێک لە نامەکەی دەستپێدکا: "دڵم بۆ هەمووتان تەنگ بووە، لێرە شەو و ڕۆژ بە یاد و بیروەرییەکانی ئێوەوە، شێعری ژیان دەهۆنمەوە، هەموو ڕۆژێک لە بری ئێوە ڕۆژباش لە گەڵ خۆردا دەکەم، لە پەنای ئەم دیوارە بڵیندانە لە تەک ئێوەدا لە خەو هەڵدەستم، لە تەک ئێوە پێدەکەنم و لە تەک ئێوەش دەنووم."

فەرزادی کەمانگەر لە نامەیەکی دیکە، باسی چەوساوەی ژنی کورد تێکەڵ بە هەوادی چنینەوەی تێکستێک بۆ خۆشەویستەکەی دەکا و دەنووسێ: "نازەنینم سڵاو، ڕۆژی جیهانی ژنە، هەمان ڕۆژێک کە هەمیشە چاوەڕێیم. لەم ڕۆژانەدا لە باتی دەستە مێهرەبانەکانی تۆ، چڵە نەرگسی ئاڵۆزکاوتر لە پرچەکانت ئاراستەی خەونەکانت دەکەم. دوو ساڵە دەستەکانم نە ڕەنگی بنەوش و نە بۆنی گوڵی یاسیان بە خۆوە نەدیوە."



فەرزادی کەمانگەر هاوکات هومانیستێکی گەورەیە و مرۆڤایەتی و ئینساندۆستی لە هەموو تێکستەکانیدا ڕەنگدەداتەوە. کەمانگەر لە نامەیەکدا بۆ ئەژدەیی وەزیری پێشووی زانیاریی ئێران دەنووسێ: "ئیمڕۆ کە دەیانهەوێ ژیان لە من بستێنن، هاوڕێ لە گەڵ 'ئەڤین بە هاوڕەگەزەکانم' بڕیارم داوە کە ئەندامانی لەشم بدەم بەو نەخۆشانەی کە مەرگی من بتوانێ ژیانێک بەوان ببەخشێت، وەک دیاری پێشکەش بکەم و دڵم بەو هەموو 'ئەڤین و خۆشەویستیەی' کە تێدایە وەک سەوقاتێک دەم بە منداڵێک. فەرق ناکا ئەو منداڵە لە کوێ بێت لە ڕۆخی کاروون، یان داوێنی سەبەلان یان لە قەراخ وشکانی ڕۆژهەڵات یان بە منداڵێک کە چاوەڕێی هەڵاتنی خۆرە لە سەر کێوی زاگرۆس..."

بەڵێ، فەرزادی کەمانگەر نووسەر، مامۆستا، ژینگەپارێز و فیمینیست و هومانیست، ڕەخنەگرێکی قەڵەم بەبڕشتە کە نە تەنیا هەموو سیستەمی سیاسی و جڤاکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەداتە بەر ڕەخنە بەڵکوو وێرای هەموو ئەڤین و خۆشەویستییەک بۆ وڵاتەکەی و گەلەکەی کە هەر بەو هۆیەشەوە، حوکمی لەسێدارەدانی بە سەردا سەپاوە، بەڵکوو لە کەموکوڕی و هەڵەی سیاسی بزووتنەوەی کوردیش ناوبوێرێ. فەرزاد پێیوایە کە تەنیا چەک و شەڕ چارەسەری وەدیناهێنن و بزاڤی کوردی پێویستی بە ڕۆشنگەری و پێشوەچوون لە هەموو بوارەکانی خەباتی مەدەنی، ڕووناکبیری، ئەدەبی، جڤاکی و بەرجەستەکردنی پرسگری ژنان هەیە.



لە پاش چاپی کتێبی "نامەکانی فەرزادی کەمانگەر لە زیندانەوە"، پێویستە لە چاپی ئەم کتێبە نوێیەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک بکرێ:

یەکەم،

دوای پێشوازێکی گەرم لە کتێبی "نامەکانی فەرزادی کەمانگەر لە زیندانەوە"، هەوڵمدا جارێکی دیکە ئەم کتێبە بە قەوارەو نێوەرۆکێکی نوێوە بکەوێتە ژێر چاپ.

دووەم،

پاش چاپی کتێبی "نامەکانی فەرزادی کەمانگەر لە زیندانەوە"، لەو ماوەیەدا، چەند نامەیەکی دیکەی فەرزاد گەیشتنە دەروەی زیندان کە پێویست بوو ئەو نامە نوێیانەش لەم کتێبەکەدا جێ بگرن.

سێهەم،

نامەکانی فەرزادی کەمانگەر و بڵاوبوونەوەیان بە شێویەکی خێرا لە ماڵپەڕە کوردی و فارسییەکاندا بوون بە هۆی ئەوە دژکردەوەیەکی مەزن لە لای نووسەر، شاعیر، بلۆگنووس، قوتابییەکانی فەرزاد و بە گشتی خەڵکی ئاسایی کورد و فارس چێ بکەن. لەم نێوەدا زۆر کەس نامە، شێعر و پەخشان و بە گشتی تێکستی ئەدەبییان بۆ فەرزاد نووسی و لە ماڵپەڕ و ڕۆژنامەکاندا بڵاویان کردەوە. لەم کتێبە نوێیەدا، گوڵبژێرێک لەو نامانە کراونە کوردی و بڵاودەکرێنەوە.

چوارەم،

چاپی کتێبی "نامەکانی فەرزادی کەمانگەر لە زیندانەوە" لە بەر ڕەوشی تایبەتی فەرزاد و هەر ئەو مەترسی جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامی فەرزاد هەر لەو سۆنگەشەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی زیاتری بیروڕای گشتی لە فەرزاد و بیر و هزری فەرزاد، بە پەلە کرا. هەر بۆیە هێندێک هەڵە و پەڵەی تیکنیکی کەوتە نێو کتێبەکەوە، کە لە چاپی ئەم کتێبە نوێیەدا، هەوڵدراوە ئەو هەڵە و کەموکوڕییانە لا ببرێن.

# خوێندنەوەیەک بۆ مانگرتنە بەشکۆکەی ڕۆژی ٢٣ی گوڵان

حسێن ئەحمەدپوور

مانگرتنە گشتییەکەی ڕۆژی ٢٣ی گوڵان لە زۆر ڕووەوە پێویستی بە خوێندنەوەو شیکردنەوەیە. ئەم مانگرتنە بە باوەڕی من گەورەترین حەرەکەتی ئێعترازیی خەڵکی کوردستان لە شێوازی هێمنانەو مەدەنی لە لانی کەم لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بوو. ئەگەر لە بەکار هێنانی وشەی "گەورەترین" هەڵەم کردبێ، ئەوا بە جێگەی ئەو وشەیە لە وشەی "گرنگترین" کەڵک وەردەگرم و لێی دڵنیام. بۆ چی گەورەترین یان گرنگترین حەرەکەت؟ چوونکە:

یەکەم: لە ڕووی بەربڵاوییەوە تا ئێستا لە کوردستان حەرەکەتی لەو شێوازە نەکراوە. لە ماکۆوە هەتا هەندێک لە شارەکانی پارێزگەکانی کرماشان و ئیلامی گرتەوە. شارەکانی قوڕوەو بیجاڕ لە ڕابردوودا کە کەمتر بەشدارییان لە بزووتنەوەی کوردستاندا هەبوو، بەشدار بوون.

دووهەم: لە ڕووی ئاستی بەشداریی خەڵک لەم حەرەکەتەدا، ئاستی بەشداریی خەڵک لەم حەرەکەتانەدا لە چەندین شارو شارۆچکە وەک سنە، مهاباد، بۆکان، شنۆ، کامیاران، مەریوان و چەندین شاری دیکە سەرووتر لە ٩٠ لە سەدی خەڵکەکە بوو.

سێهەم: بۆ یەکەم جارە حەرەکەتێکی ئێعترازی لە سەر داخوازی زۆربەی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوو گرووپ و کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات بەڕێوە دەچێ. هاوئاهەنگی و هاوهەڵوێستی ئەو لایەنانە بێ بوو. هەموو لایەنەکان هاوئاهەنگ پێیان لە سەر مانگرتنێکی سەرتاسەری و خۆپاراستن لە هەر چەشنە دەرگیری و توندوتیژییەک داگرتەوە.

چوارەم: لە ڕووی دەنگدانەوە کاریگەرییەکانی ئەم حەرەکەتە، ئەم حەرەکەتە بە هۆی ئەوەیکە لە کاتێکی گونجاو داو واتە لە بەرەبەری ساڵڕۆژی کودەتای هەڵبژاردن دا ڕووی دا، دەنگدانەوەیەکی زۆری لە میدیاو ڕاگەیەنە جۆراوجۆرەکاندا هەبوو. هەروەها هیچ کاتێک حەرەکەتێکی ئێعترازیی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا تا ئەو ڕادەیە لە لایەن خەڵکانی غەیرە کوردی ئێرانەوەو بەتایبەت لە لایەن چالاکانی سیاسی و توێژە پێشڕەوەکانی کۆمەڵگای ئێرانەوە وەک خوێندکاران پێشوازیی لێ نەکراوە. بە دەیان وتارو وتووێژ لە میدیا جۆراوجۆرە فارسی زمانەکاندا هەر لە یەکەم ساتەکاندا بڵاو بوونەوە. ئەم حەرەکەتە سیمای گەلی کوردی وەک گەلێکی ئازادیخواز، خەباتکار، وشیار، یەکگرتوو، دێموکراسیخواز، سەنگەرو پێشڕەوی ئازادی و دێموکراسی لە ئێران تا ڕادەیەکی باش چەسپاند. ئەم حەرەکەتە ئەو وێنەیەی کە کۆماری ئیسلامی لە ڕابردوودا لە گەلی کوردی لە نێو پێکهاتەکانی دیکەی ئێراندا وێنا کردبوو، تا ڕادەیەک سڕییەوەو یارمەتی بە بەڕەوا ناسینی خەباتی خەڵکی کورد لە ڕابردوودا کرد. (دیارە خودی ئێعدامی ئەو ٥ تێکۆشەرە سیاسییەو بەتایبەتیش فەرزاد کەمانگەر هەمان کاریگەریی هەبوو). ئەم حەرەکەتە سەرکەوتووانەی خەڵکی کوردستان بووە بە هۆی ئەوەیکە ئەو باسە لە نێو چالاکانی سیاسی لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە و بەتایبەت لە تاران بێتە ئاراوە کە لەوە بەدوا کار بۆ بەڕێوەبردنی شێوازی "مانگرتن" لە داهاتوودا بکەنەوە.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەندێک کەس حەرەکەتی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی "٢٣ی گوڵان"یان وەک "خاڵی وەرچەرخان" لە بزووتنەوەی کوردستاندا پێناسە کرد، بەو واتایە کە سەرکەوتنی مانگرتنی ٢٣ی گوڵان و چوونە نێو لاپەڕەکانی مێژووی ئەو ڕۆژە دەبێتە هۆی ئەوەیکە لەمە بەدوا بزووتنەوەی کوردستان زیاتر بەرەو بزووتنەوەیەکی مەدەنی و جەماوەری و هێمنانە بڕوا. لەگەڵ ئەوەیکە ڕۆژی ٢٣ی گوڵان، بووە ڕۆژێکی مێژوویی لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا، بەڵام لە ڕاستیدا بڕیاردان لە سەر ئەوەیکە حەرەکەتی ٢٣ی گوڵان بۆتە خاڵێکی وەرچەرخان لە بزووتنەوی کوردستاندا، بڕیارێکی بە پەلەیە، چوونکەدەرکەوتنی ئەو حەرەکەتە وەک خاڵێکی وەرچەرخان کەوتۆتە سەر سیاسەتی لەمە بەدوای حیزب و لایەنە بەشدارەکانی بزووتنەوەی کوردستان. ئایا ئەو لایەنانە چ خوێندنەوەیەکیان بۆ ئەو حەرەکەتە هەیە؟ یان چ خوێندنەوەیەکیان بۆ خەباتی هێمنانەو جەماوەری لە کوردستان هەیە؟ چ بەرنامەیەکیان بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی خەباتی هێمنانە لە کوردستان هەیە؟ چۆن دەڕوانە باروودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران؟ بە کورتی گەشەسەندنی ئەم شێوازە لە خەبات پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە ڕوانین و خوێندنەوی ڕێبەران و لایەنە سیاسییەکانی بەشدارلە بزووتنەوەی کوردستانداو بەو ڕوانینەی کە تا ئێستا زاڵ بووە لە نێو ئەو لایەنانەدا بەرەوپێشچوونی ئەو شێوازە لە خەبات ئەستەم دێتە بەرچاو. لە کۆمەڵگای کوردستان وئێراندا ناکرێ دوو ڕەوتی جیا واتە ڕەوتێکی هێمنانەو جەماوەری و ڕەوتێکی چەکداری و توندوتیژ هاوتەریب بچێتە پێشەوە.

**لە کۆمەڵگای کوردستان وئێراندا ناکرێ دوو ڕەوتی جیا واتە ڕەوتێکی هێمنانەو جەماوەری و ڕەوتێکی چەکداری و توندوتیژ هاوتەریب بچێتە پێشەوە**

شایەد لە زەینی هەر کام لە ئێمەدا هەر زوو نموونەی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستانمان بێتەوە بیرو ئەو بۆچوونە ڕەت بکەینەوەو بڵێین بۆ لە باکووری کوردستان هەر دوو ڕەوتەکە بە باشی بەرەوپێش دەچێ؟ بۆیە ئەو نموونەیەم هێنایەوە چونکە زۆر جار ئەو بۆچوونەمان گوێ لێ دەبێ. بەر لەوەیکە بەراوەردێکی کورتی نێوان باکووری کوردستان و تورکیە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و ئێران بکەم بە پێویستی دەزانم بەرپرچێکی ئەو بۆچوونە بدەمەوە. ئەوە ڕاستە کە لە ساڵانی ڕابردوودا خەباتێکی گەرم و گوڕ لە هەر دوو ئاستەکەدا هەبووەو بە وتەی زۆر کەس ئەو دوو ئاستە تەواوکەری یەکتر بوون، بەڵام لە ئاکامدا مەسەلەکە پێچەوانە کەوتەوە. واتە بەر لەوەیکە تەواوکەری یەکتر بن، زیاتر ئەو بۆچوونە لە ڕاستییەوە نزیکە کە یەکێکیان کۆسپی سەر ڕێگەی ئەویتریانەو چارەسەری کێشەی کوردی وەدرەنگ خستوە. ئەمڕۆ کە هیچ هێزێکی نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی، تەنانەت ئەگەر دژی تورکیەش بێ، توانای داننانی بەڕەسمی ناسینی هێزی چەکداری "PKK"ی نیە. بۆیە لە کردەوەدا ئەم لایەنە وەک پاژنە ئاشیلی کورد دەرکەوتووەو لە باشترین حاڵەتدا داوای قبووڵکردنی PKKیەکی بێ چەک دەکری و هەتا زەمان بەرەوپێش بڕوا ئەم گوتارە زاڵتر دەبێ. بەڵام جیا لەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بەراوردی نێوان دوو وڵات بە قازانجی باسەکەمان تەواو دەبێ.

یەکەم: لە تورکیە سەرەڕای هەموو کێشەکان دێموکراسییەکی تا ڕادەیەک جێگیر هەیە، لە سیستمی سیاسی ئەو وڵاتەدا فرە حیزبی جێ کەوتووە. لەوێ تا ڕادەیەک یاسا سەروەرەو دەسەڵاتەکان لێک جیا کراونەتەوەو بە ئاسانی ناتوانرێ لە بەرژەوەندی کەس و لایەنێک تەفسیر بکرێن. ئەم حاڵەتە لە ئێران ڕێک پێچەوانەیە.

دووهەم: لە تورکیە گۆمەڵگایەکی مەدەنیی ڕەسمی بوونی هەیە. ئازادیی خۆپیشاندان و کۆڕو کۆبوونەوە هەیە. کورد بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی جەماوەری و مەدەنی لەم تایبەتمەندییە کەڵک وەردەگرێ. لە حاڵێکدا لە ئێران کۆمەڵگای مەدەنیی ڕەسمی لاوازە بەڵام لە بەرامبەردا بە پێچەوانەی تورکیە کۆمەڵگای مەدەنیی ناڕەسمی یان باشترە بڵێین کلتووری مەدەنی بەهێز هەیە. لە تورکیە سەرەڕای بوونی دەیان و سەدان ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی، کلتووری مەدەنی لاوازەو لە کلتووری هەر دوو گەلی کوردو تورک دا ئامادەیی بۆ پەنا بردنە بەر توندوتیژی زۆرە. ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەیکە بە پێچەوانەی ئێران لە تورکیە لە لایەک دەرفەت بۆ کورد بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی مەدەنی و هێمنانە لە بەراورد لەگەڵ کورد لە ئێران دا ئاوەڵاتر بێ و لەلایەکی دیکەوە شەڕو توندوتیژییەکی بێ ئاکام لەلایەن هەر دوو گەلی کوردو تورکەوە هێشتا کڕیارێکی زۆری هەیە. بەڵام لە ئێران ئەگەر چی مەجالی ڕەسمی بۆ خەباتی هێمنانە لە چاو تورکیە کەمترە، بەڵام بە هۆی کلتووری مەدەنی-یەوە شەڕ و توندوتیژی کڕیارێکی ئەوتۆی نیە و بە تایبەت لەلایەن دانیشتووانی شارە گەورەکانەوە دژایەتی زۆری لەگەڵ دەکرێ. ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردووی ئێران بە باشی دەریانخست کە شەڕ و توندوتیژی تەنیا لەلایەن حکوومەتەوە پێشوازی لێ دەکرێ.

بۆ کردنەوەی زیاتری ئەم باسە و هەروەها هەر لە درێژەی ئەو پرسیارە دا کە بۆ چی ناکرێ دوو ڕەوتی چەکداری و توندوتیژ و هێمنانە و جەماوەری هاوتەریب لە کوردستانی ئێران بچێتە پێشەوە، چەند مەسەلەیەکی گرینگ هەیە کە دەبێ ئاماژەیان پێ بکرێ.

لە هەلومەرجی ئەمڕۆکە دا مەرجی یەکەم بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم شێوازە لە خەبات، خۆپاراستن لە هەر چەشنە توندوتیژییەکە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوەیە. شەڕو توندوتیژی لەلایەک دەستی حکوومەت بۆ سەرکوت کردن ئاوەڵاتر دەکاو لەلایەکی دیکەوە ئیمکانی پشتیوانی کردنی خەڵکی دیکە لە بزووتنەوەی کوردستان کەمتر دەکاتەوە. لەم حاڵەتەدا حکوومەت بە ئاسانی دەتوانێ بە وەڕێخستنی ماشێنی سەرکوت لە ڕێگەی کوشتار، دەسبەسەرکردنی بە لێشاو و سەپاندنی حوکمی قورس لە دادگاکاندا بەسەر بزووتنەوە دا زاڵ بێ و بە جۆرێک بە چاوترسێن کردنی خەڵک ڕێگە لە بەردەوامی-یان سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی چالاک، بەردەوام و هێمنانە بگرێ. هەروەها ڕێبەران و چالاکانی بزووتنەوەی ئێعترازیی خەڵکی ئێران بە تایبەت کەسانێکی وەک مووسەوی و کەڕووبی کە هەڵوێستیان کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر درووست بوونی هەستی هاوپێوەندیی نێوان خەڵکی ئێران و کوردستان و کەمکردنەوەی توانای سەرکوتی حکوومەت، ناتوانن لە حاڵەتی توندوتیژی دا لەلایەن بزووتنەوەی کوردەوە بە ئاسانی داکۆکی لە خەڵکی کوردستان بکەن. ئەوان خۆپاراستن لە توندوتیژی و حزووری چالاکانەو بەردەوام بە ڕەمزی سەرکەوتنی بزووتنەوەکەیان دەزانن. لە باروودۆخی ئەمڕۆ دا باشترین حاڵەت بۆ کورد ئەوەیە خۆی لەگەڵ هەلومەرجی بزووتنەوەی ئێعترازیی خەڵکی ئێران ناسراو بە بزووتنەوەی سەوز بگونجێنێ. ئەمەش تەنیا ڕێگەی ڕەدکردنەوەی شەڕو توندوتیژییەوە ئیمکانی هەیە.

مەرجی دووەم بۆ بەرەو پێش بردن ئەم شێوە خەباتە، هاوهەڵوێستی و هاوئاهەنگیی نێوان لایەنە کوردییەکانە. سەرکەوتنی مانگرتنی ڕۆژی ٢٣ی گوڵان لە کردەوەدا زەروورەتی ئەم مەسەلەیەی سەلماند.

مەرجی سێهەم، پێویستی سەر لە نوێ پێناسە کردنەوەی بزوتنەوەی کوردستانە. ئەوەی کە تا ئێستا بە ناوی بزووتنەوەی کوردستانەوە باسی لێ دەکرێ پێناسەیەکی ناڕوون و ئاڵۆزە. هەر ڕەوتێک لە ڕوانگەی خۆیەوە بزووتنەوەی کوردستانی پێناسە کردوە کەلێک جیاوازن. پێناسەی ڕەوتی چەپ لە بزووتنەوەی کورستان لەگەڵ ڕەوتی نەتەوەیی زۆر لێک جیاوازن.

ئەم جیاوازییە لە ڕابردوودا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نایەکگرتوویی و پرش و بڵاوی لە بزووتنەوەی کوردستاندا بوو. ئەگەر چی ئێستا بە هۆی زاڵبوونی گوتاری نەتەوەیی و پاشەکشێ و بە خۆداچوونەوەی تارادەیەکی ڕەوتی چەپ جیاوازییەکە لە پێناسەکردنی بزووتنەوەی کوردستاندا کەمتر بۆتەوە. بەڵام بەو حاڵەش تا بە ئێستاش ئاڵۆزی و ناڕوونی لە چەمکی بزووتنەوەی کوردستاندا هەیە، بۆیە پێویستە لەمەبەدووا بزووتنەوەی کوردستان بەلەبەرچاو گرتنی جۆراوجۆرییەکان و ئامانجە هاوبەشەکان سەر لە نوێ پێناسە بکرێتەوە، کە ئەم جۆرە پێناسەکردنەوە کۆ کردنەوەی هێزەکان لە دەوری یەکترو یەکگرتوویی ڕیزەکانی خەڵکی کورد ئاسانتر دەکا.

مەرجی چوارەم بریتی‌یە لە زەرووڕەتی هاتنە ئارای پلاتفۆرمێکی هاوبەش بە ناوی بزووتنەوەی کوردستانەوە لە نێوان هێزو لایەنە بەشدارەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە. ئەم پلاتفۆڕمە هاوبەشە کە لانی کەمی داخوازییەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان و لە سەر خاڵی هاوبەشەکانی نێوان هێزەکانی کوردستان پێک دێ، یارمەتی بە سەر لە نوێ پێناسە کردنەوەی بزووتنەوەی کوردستان دەکا.

مەرجی پێنجەم و کۆتایی دارشتنی بەرنامەیەکی کاری لەسەر بنەمای ئەو پلاتفۆرمە هاوبەشەیە. بە چەشنێک کە هەموو هێزو لایەنەکان سەرەڕای جیاوازییەکانیان لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا کار بۆ سەر خستنی پلاتفۆرمی هاوبەش بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کۆمەڵێک کومیتە هەماهەنگی لە بووارە جۆراوجۆرەکاندا پێک بێ. ئەم کومیتانە خێرایی بە ڕەوتی ڕاپەڕاندنی کارەکان دەبەخشن و چیتر پێویست بەوە ناکا کە بۆ ڕێککەوتن لەسەر چووکەترین کاری هاوبەش سکرتێرەکان و دەفتەر سیاسییەکان کۆ ببنەوە کە بە داخەوە بە هۆی ناکۆکییەکانیشەوە دانیشتنی هەموویان پێکەوە وەک کارێکی مەحاڵ دێتە بەر چاو.



**"د. موحسین سازگارا" له وتووێژێکی تایبەت لەگەڵ "کوردستان"دا:**

# مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان، خاڵێکی وەرچەرخانە لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێراندا

دیمانە: مادح ئەحمەدی
وەرگێڕانی: حەسەن شێخانی

له سێدارەدانی ٥کەس له چالاکانی سیاسی و مەدنی بە ناوەکانی " فەرزاد کەمانگر"، " فەرهاد وەکیلی"، "شیرین عەلەم هوولی"،"علی حەیدریان" و" مێهدی ئیسلامیان" له ڕۆژی ١٩ی گوڵان دا له لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، نارەزایەتییەکی بەربڵاوی بەدوای خۆیدا هێناو لەم نێوەدا مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان له ڕۆژی ٢٣ی گوڵان سەرنجێکی زۆری بۆ لای خۆی راکێشا.

مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان له ڕۆژی ٢٣ی گوڵان دا، له ماوەی ٣١ساڵی رابردوودا بێ وێنە بوو. ئەم مەسەلەیە بوو بە هۆی هاتنە ئارای بۆچوونی جۆراوجۆر له پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی ـ مەدەنیی کوردستان.

هێندێک له خاوەن ڕایان پێیان وایە کە ئەم مانگرتنە بۆتە هۆی دروست بوونی چەشنێک یەکگرتوویی و لێک نزیک بوونەوە له نێو نەتەوە جیاوازەکانی ئێراندا. ژمارەیەکی دیکەش له سەر ئەم بڕوایەن کە دەتوانرێ له مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان وەک مۆدێلێک کەڵک وەربگیرێ، دەکرێ له ڕۆژی ٢٢ی جۆزەردانداا، خەڵکی شارەکانی دیکەی ئێران، بە تایبەت تاران و شارە گەورەکان، بە داخستنی دوکان و بازاڕەکان و نەچوونە سەرکار، ئیعترازی خۆیان بە نیسبەت ئاکامی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری نیشان بدەن. بێگومان ئەم بابەتانە پێویستیان بە شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی قووڵ هەیە. لەم پێوەندییەدا سەرنجی ئێوە خوێنەرانی بەرێز بۆ خوێندنەوەی وتووێژێک لەگەڵ " دوکتور موحسین سازگارا" بەرپرسی ناوەندی توێژینەوەکانی ئێرانی هاوچەرخ له واشینگتۆن رادەکێشین.

شایانی باسە کە لەبەر زۆریی وتووێژەکە، تەنیا کورتەیەکمان لەو وتووێژە لێرەدا هێناوە.

**دەقی وتووێژەکە دەتوانن له سایتی " کوردستان و کورد"دا بخوێننەوە.**

**کوردستان:** سەرەتا سپاستان دەکەین کە ئەم دەرفەتەتان دا بە ئێمە کە چەند پرسیارێک سەبارەت بە له سێدارەدانی ٥کەس له چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هەروەها مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان له ڕۆژی ٢٣ی گوڵان دا، ئاراستەی بەرێزتان بکەین.

دوکتور سازگارا هەر وەک دەزانن ٥کەس له چالاکانی سیاسی و مەدەنی کە چواریان چالاکیی کورد بوون، له بەرەبەری ٢٢ی جۆزەردان دا له لایەن کۆماری ئیسلامییەوە له سێدارە دران. دوای ئەمەش ئێمە شاهیدی قۆڵبەست کردنی چەندین کەسایەتیی بە نێو بانگ لەلایەن دامەزراوە ئەمنییەتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بووین. ئێوە ئەم بارودۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**د. سازگارا:** له بنەڕتدا کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە تەنیا زمانی توندوتیژی و سەرکوت دەزانێ. لەم ڕۆژانەدا ئێمە شاهیدی ئەوەین کە ڕێژیم له سەروبەندی ساڵرۆژی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەر کۆماریدا پەنا بۆ توندوتیژی و سەرکوتی زیاتر دەبا. وەک هەمیشەش بە بەراوەرد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێراندا سەرکوت و توندوتیژییەکی زیاتر له هەمبەر کوردستان پەیڕەو دەکرێ.

**کوردستان:** کوردستان چەندین بەرابەری بەشەکانی دیکەی ئێران تێچووی توندوتیژی و سەرکوتی ڕێژیمی داوە، ئێوە هۆکاری ئەمە لەچیدا دەبینن؟

**د. سازگارا:** بە بۆچوونی من هۆکاری یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ رادەی سیاسی بوون و هوشیاریی سیاسیی بەرزی خەڵکی کوردستان کە زۆر جار پیشەنگایەتی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران دەکەن. هۆکاری دووهەم مافخوازی خەڵکی کوردستانە. له راستیدا له مێژ ساڵە حکوومەتە یەک له دوای یەکەکانی ئێران مافەکانی خەڵکی کوردستان پێشێل دەکەن و هەوڵ دەدن له ڕێگەی بەکار هێنانی توندوتیژی و سەرکوتەوە، خەڵکی کوردستان له داواکردنی خواستەکانیان پاشگەز بکەنەوە. هۆکاری سێهەمیش ئەوەیە کە حکوومەتە یەک له دوای یەکەکانی ئێران بە دروست کردنی گومانی " جیا بوونەوەخوازی " هەوڵ دەدەن هەر سەرکوتێک کە له کوردستان بەرێوەی دەبەن بۆ بەشەکانی دیکەی ئێرانی پاساو بدەن. کە له راستیدا ئەمە تۆمەتێکە کە له خەڵکی کوردستان دەدرێ.

**کوردستان:** دوکتور سازگارا له وەڵامی پرسیاری یەکەم دا ئاماژەت بەوە کرد کە حکوومەت هەر چەشنە حەرەکەتێک له کوردستان بە توندی سەرکوت دەکا. سەرەڕای ئەوەی کە حکوومەت له هەمبەر هەموو ئەو نارەزایەتییانەی کە لەماوەی یەک ساڵی رابردوودا له ئێراندا هاتوونە ئارا، پەنای بۆ توندوتیژی و سەرکوت بردووە، بەڵام نەیتوانیوە بە ئامانجی خۆی بگاو بە گشتی سەرکەوتوو نەبووە. بۆچی حکومەت رێکارێکی گونجاو ناگرێتە بەر؟

**د. سازگارا:** هەڵبەتە ئەگەر له خودی حکوومەت بپرسی دەڵێ کە له سەرکوتی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێراندا سەرکەوتوو بووە. بەڵام هۆکاری نەگرتنە بەری ڕێگەیەکی دیکە لەلایەن حکوومەتەوە ئەوەیە کە له چییەتی و جەوهەری ئەم سیستمە دا مافەکانی خەڵک هیچ جێگەیەکیان نیە. بەم پێیە پەنابردن بۆ میتۆدگەلی دیکە کە بە چەشنێک گەرەنتی بەشداری خەڵک و بە فەرمی ناسینی بەشێک له مافەکانی خەڵک دەکەن لە تیوری ئەم حکوومەتە دا بوونیان نیە. له تیوری ئەم حکوومەتە دا تەنیا سەرکوت بوونی هەیە و حکوومەت هیچ ڕێگەیەکی دیکە نازانێ. بە خۆشیەوە خەباتگێڕانی ئێمە بە باشی ئەم تایبەتمەندییەی حکوومەتیان ناسیوەو دەزانن هەر کارێک بکەن حکوومەت تەنیا بە سەرکوت وەڵامیان دەداتەوە. خەباتگێڕانی ئێمە بە کەڵک وەرگرتن له میتۆدو تاکتیکی ئاشتیخوازانە، حکوومەتیان تووشی بنبەست کردووە. بارودۆخی هەنووکەیی ئێران بنبەستێکە کە کۆماری ئیسلامی تێیکەوتووە. بەم هۆیەیە کە حکوومەت کارانەوەی توندوتیژ له خۆی نیشان دەدا. له بەرامبەر دا ئێمە دەتوانین بە کەڵک وەرگرتن له میتۆدگەلی خەباتی ئاشتیخوازانەو مەدەنی ئەم حکوومەتە توشی بنبەست بکەین. بە رای من هەنووکە ئەو مەسەلەیە هاتۆتە ئارا.



> **کوردستان به هۆی هۆشیاریی سیاسیی بەرزی خەباتگێرانی وپەرەسەندویی سیاسی ( کە بە هەق لە باری سیاسییەوە یەکێک لە پەرەسەندووترین ناوچەکانی ئێرانە)، جاریکی دیکەش بوو بە پێشەنگی خەباتی خەڵکی ئێران و ڕێگەی دروستی خەباتی بە هەموو خەباتگێرانی ئێران نیشان دا**

**کوردستان:** له سێدارەدانی ئەم چالاکانە کاردانەوەی ناڕەزایەتیی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. هەر لەم پێناوەدا خەڵکی کوردستان له ڕۆژی ٢٣ی گوڵان دا مانیان گرت. ئەم کاردانەوانەو بە تایبەت مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان چۆن دەبینن؟

**د. سازگارا:** بە رای من کوردستان جارێکی دیکە بوو بە پێشەنگی خەباتی خەڵکی ئێران. ڕێبەرانی سیاسی، چالاکانی مەدەنی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتییە فەرهەنگییەکانی کوردستان بەم حەرەکەتەی وەرێیان خست، له راستیدا ڕێگەی دروستی خەباتیان بەهەموو خەڵکی ئێران نیشان دا. سەلماندیان کە بە پشت بەستن بە سێ پرەنسیپی: پاراستنی دیسپلینی خەباتی ئاشتیخوازانە، پاراستنی یەکێتی و یەکگرتوویی و بەرنامە ڕێژی گونجاو، دەتوانرێ ئاکسیۆنێکی زۆر سەرکەوتوو بەرێوە ببرێ. هەر چەند حکوومەت توندترین و زۆرترین سەرکوت له کوردستاندا بەرێوە دەباو بۆ ئەم مانگرتنەش هێزێکی زۆری له تاران، زەنجان و کرماشانەوە بۆ کوردستان هێنابوو، بەڵام چونکە میتۆدی "مانگرتنی گشتی" واتە یەکێک له تاکتیکە باشەکانی خەباتی ئاشتیخوازانە رەچاو کرابوو، حکوومەت نەیتوانی هیچ کارێک بکا و نەیتوانی پێش بەم مانگرتنە بگرێ. له راستیدا ئەم مانگرتنە وەکوو تۆفانێکی گەورە هەموو کوردستانی گرتەوە و هەموو بریارو ئامادەکارییەکانی حکوومەتیش لەم بارەوە بێ ئاکام مانەوە. بە رای من ئەم مانگرتنە گشتییە خاڵێکی وەرچەرخانە له مێژووی خەباتی ئازایخوازانەی خەڵکی ئێران دا. لەبەر ئەوەی کە "بزووتنەوەی سەوز" کە بزوتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی ئێرانەو هەموو گرووپەکان بە چەشنێک یارمەتی دەدەن و له پێوەندی لەگەڵ ئەم بزوتنەوەیەدا کار دەکەن، هەنووکە له قۆناغێک دایە کە دەبێ تاکتیکی خۆی له خۆپێشاندانەکانی سەر شەقامەوە بۆ تاکتیک گەلی نوێ بگۆڕێ، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ شەقامەکان له دەست بدەین. بزوتنەوەی سەوز له قۆناغێک دایە کە دەبێ بێجگە له خۆپێشاندانەکانی سەر شەقام، تاکتیکی دیکەش له ئەنجێندای خۆی باوێژێ.

**کوردستان:** دوکتور سازگارا من له وەڵامەکانی ئێوە وا تێدەگەم کە له مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان دەتوانرێ وەکوو مۆدێلێک کەڵک وەربگیرێ و وەکوو یەکێک له مێتۆدەکانی نافەرمانی مەدنی و خەباتی مەدەنی له ناوچەکانی دیکەی ئێراندا پێڕەو بکرێ؟

**د.سازگارا:** بەڵێ، بە تەواوەتی. هەنووکە باسێکی جیددی لەنێو چالاکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران دا هاتۆتە ئارا کە بۆ ساڵوەگەری هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و ساڵرۆژی شەهیدانی"بزووتنەوەی سەوز" مێتۆدێکی هاوشێوە له ئاستی سەرتاسەری ئێراندا پێڕەو بکرێ. هەر وەک پێشتریش وتم کوردستان بە هۆی هۆشیاریی سیاسیی بەرزی خەباتگێرانی وپەرەسەندویی سیاسی ( کە بە هەق له باری سیاسییەوە یەکێک له پەرەسەندووترین ناوچەکانی ئێرانە)، جاریکی دیکەش بوو بە پێشەنگی خەباتی خەڵکی ئێران و رێگەی دروستی خەباتی بە هەموو خەباتگێرانی ئێران نیشان دا.

**کوردستان:** ئایا بە رای ئێوە ئەم مانگرتنە گشتییە، بە سەرنجدان بەو کاردانەوانەی بە دوای خۆیدا هێنان، له کۆتاییدا بوو بە هۆی چەشنێک یەکگرتویی و لێک نزیک بوونەوە لەنێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئێران و خەڵکی کوردستاندا؟

**د. سازگارا:** بە تەواوەتی. بە رای من حکوومەت دەیویست ئەو دروشمەی خەڵکی کوردستان کە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بوو چەواشە بکاو ئەو گومانە لەنێو خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێراندا بڵاوبکاتەوە کە خەڵکی کوردستان جیاوازی خوازەو دەیەوێ له ئێران جیا ببێتەوە. له حاڵێکدا له مێژە کوردەکان بۆ هەموو لایەکیان روون کردۆتەوە کە پێش مەرجی بە دەستەوە گرتنی کاروباری هەرێمی ناوچەکان لەلایەن نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچانەوە ئەوەیە کە حکوومەتی ناوەندیش حکوومەتێکی دێموکراتیک بێ. بەم هۆیە له دروشمی قەدیمی و بەنێوبانگی خەڵکی کوردستاندا له پێشدا دێموکراسی بۆ ئێران باس دەکرێ و پاشان خودموختاری بۆ کوردستان. بە بۆچوونی من ئەو خودموختارییە بەم واتایە دێ کە کاروباری هەر ناوچەیەک لەلایەن خەڵکی خۆجێییەوە بەرێوە ببرێ. ئەمەش لەلایەک بە واتای ئەوەیە کە زمان و دین و فەرهەنگی خەڵکی هەموو ناوچەکانی ئێران بە فەرمی بناسرێ و رێزی لێبگیرێ و لەلایەکی دیکەش بە واتای پێکهێنانی پارلمانە هەریمیەکان و هەڵبژاردنی قایمقام و پارێزگارەکانی هەموو هەرێمەکانە لەلایەن خەڵکی ئەو هەرێمانەوە. پێویستە خەرج کردنی باج و داهاتی ئەو هەرێمانە و هەموو ئەو بوارانەی کە دەسەلاتدارەتی خەڵکی هەرێمەکان بەسەر کارو بارەکانیان دا دابین دەکەن له ژێر چاودێری پارلمانی هەڵبژێردراوی خەڵک دا بن. ئەگەر ئەم مەسەلانە بە وردی و بە دروستی جێبەجێ بکرێن دەبنە هۆی پتەو کردن و جێگیربوونی دێموکراسی له ئێراندا. هەڵبەت پێویستی جێبەجێ بوونی ئەو شتانە ئەوەیە کە له تارانیش حکوومەتێکی دەسپۆتیک ئەویش له چەشنی دەسپۆتیزمی دینی یان حکوومەتێکی دیکتاتۆری نیزامی لەسەر کارنەبێ. بە دەربرینێکی دیکە خودموختاری یان دەسەلاتداریتی خەڵک له هەرێمەکان دا، دەبێ هەموو هەرێمەکان و نەتەوەکان بگرێتەوە. هەر هەرێمێک کلتوور و داب و نەریتی خۆی هەبێ و کاروباری خۆیان بەرێوەبەرن. پێویستی جێبەجێ بوونی ئەم مەسەلەیە له هەر هەرێمێک دا ئەوەیە کە له ئاستی کەڵان (ناوەند یا تاران)یش دا حکوومەتێکی دێموکراتیک لەسەرکار بێ. من بە نۆبەی خۆم سپاسی ئەم کردنەوەی ڕێگە لەلایەن خەباتگێرانی کوردەوە دەکەم و پێم وایە کە ئێمە پێویستمان بە شی کردنەوەیەکی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی ئەو حەوت "قەوم"ەی له ئێراندا دەژین بتوانن بە پشت بەستن بە پرنسیپەکانی دێموکراتیک و فەرهەنگی پلۆرالیستی کاروبارەکانیان لەگەڵ یەکتر هەماهەنگ بکەن و بە ئاسوودەیی لەگەڵ یەکتر بژین.

**کوردستان:** هێندێک له کەسایەتییە کوردەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە لەم مانگرتنەدا خەڵکی کوردستان تەنیا مانەوە (شارەکان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران مانیان نەگرت)، وەڵامی ئێوە چیە؟

**د. سازگارا:** هەمیشە لەم چەشنە خەباتەدا گرووپە پێشەنگەکان هەنگاوی یەکەم هەڵدەهێنەوە، خەڵکی دیکە لەوان فێر دەبن و لەسەرخۆ حەرەکەت دەکەن. له راستیدا خەڵکی ئێران و هەموو گرووپە جیاوازەکانی ئێران دڵیان بۆ کوردستان لێی دا و

ل ١٠

## هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە مەڕ لە سێدارەدانی خەباتگێڕانی کورد

# (هەڵوێستی شیاو لە باکوورو بێ دەنگی گشتی لە باشوور)

سامان فەقێ نەبی

هەڵبرووکانی ئیرادەی هەر نەتەوەیەک لە هاوهەڵوێستی و هاوخەمی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پێشهاتە تراژیدیکی یەکاندا دەردەکەوێ. نەتەوەی خاک داگیرکراوی کوردیش سەرەڕای پیلانە هاوبەشەکانی داگیرکەرانی کوردستان توانیویەتی لەو ئەزموونەدا سەرکەوتووانە دەربچێ.

تراژێدیی لە سێدارەدانی ٥ زیندانیی سیاسی کە چواریان کورد بوون، بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی داگیرکەران دیسان ئەو دەرفەتەی خولڵقاند کە پارچەکانی کوردستان(بە تایبەت ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان) هاوهەڵوێستی و هاوچارەنووسیی خۆیان دەربخەن. هاواری مافخوازیی کوردان ئەمجارەش سنووری باکوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەزاند و لاوانی کورد لە باکوور بە ڕێپێوانی سەر سنووری خۆیان تێکەڵ بە ئازارەکانی گەلی ڕۆژهەڵاتی وڵات کرد. لە شاری گەوەڕیش هەزاران کەس ڕژانە سەر شەقامەکان و سەرەڕای هێرشی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتی تورکیە هاوخەمی و هاودەنگیی خۆیان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کورستان دووپات کردەوە. لە زۆربەی شارەکانی باکوور بەرپرسانی پارتی ئاشتی و دێموکراسی (BDP) بە پێکهێنانی کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی، لە سێدارەدانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کورستانیان پرۆتستۆ کرد.

باکووری کوردستان لە بوواری خەباتی مەدەنی دا خاوەنی پۆتانسیەلێکی بەهێز و خەباتکارانی مەدەنی لەو پارچەیەی کوردستان لە زۆربەی بۆنەکاندا وەک هەڵەبجە و ئەنفال و ئەمجارەش پشتیوانی لە چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئیرادەی نەتەوەییان بە مەبەستی پشتگیری لە خەباتی ڕزگاریخوازانە لە پارچەکانی تر بە خاوەن دەرکەوتوون. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەو هاوخەباتی‌یەدا بە سەربەرزییەوە دەرکەوتوە و لە کاتە تاڵەکاندا بۆ وێنە کاتی ڕفاندنی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان(pkk) بە وەڕێخستنی ڕێپێوان و مانگرتن، باکووری کوردستانیان بە تەنیا نەهێشتۆتەوە.

لە باشووری کوردستان دۆخێکی جیاواز لە ئارادایە، جیا لە ژمارەیەک لە شاعیران و ڕووناکبیرانی کورد لەو پارچەیە، نە خەڵک و نە هێزە سیاسییەکان



دیاربەک ـ نارەزایەتی دژی ئێعدامی ٥ تێکۆشەری سیاسی لە ئێران

کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان نەدا. تەنانەت هێندێک لە میدیا سەرەکییەکان لە چوارچێوەی هەواڵیشدا ئاماژەیەکی ئەوتۆیان بەو تراژیدییە نەکرد. بێ دەنگیی هێزە سیاسی‌یەکان و حیزبەکان لە باشوور لەکاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای میدیاکانییەوە بەردەوام لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەزموونی کوردستان دەگوازێتەوە نێو بیروڕای گشتی.

هەر دەڵێی هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ئێستاش بە ڕوانگەی دەیەی ٩٠ی سەدەی ڕابردووەوە دەڕواننە سیاسەت و ئەو واقیعە لەبەرچاو ناگرن کە ئەو ڕێژیمەی ئێستا لە زەینی ئەواندا تابۆیە، ڕێژیمێکە کە لە ئاستی جیهاندا بە یەکێک لە ڕەشترین دەسەڵاتەکان ناسراوە. بێگومان بێ دەنگی لە بەرامبەر کردەو جینایەتکارەکانی وەها ڕێژیمێکی خوێنمژ دا ناکەوێتە خانەی سیاسەتەوەو تەنیا لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکی ناواقیعی بۆ هاوکێشە سیاسی-یەکانی جیهانیدا دەکرێ ڕاڤەی لە بارەوە بکرێ. لە ئاستی جەماوەریشدا بێ هەڵوێستی و بێ دەنگی بە خەڵکی باشووری کوردستانەوە دیار بوو. لێکدانەوەی هۆکاری ئەو مەسەلەیە کارێکی ئاستەمە. شیکردنەوەی کۆمەڵناسییانەی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان پەیوەستە بە ورد بوونەوە لە کولتووری عەرەبیی زاڵ بە سەر ئەو کۆمەڵگەیە داو ناسینی پێکهاتەی عەشیرەیی و بە یەکتر نامۆ بوونی تاکەکانی کۆمەڵگە. لە باشووری کوردستان ناسیۆنالیزم هەر لە چوارچێوەی نەریتی و سوننەتیی خۆیدا ماوەتەوە و نەبۆتە پرۆژەیەکی فکری. کۆمەڵگەی باشووری کوردستان تەنیا لە ڕەواڵەتدا حاڵەتی مۆدێرنی بە خۆوە گرتووەو سروشتییە کە هاوپێوەندی و هەڵبرووکانی ئیرادەی نەتەوەیی لە وەها فەزایەکدا شتێکی مەحاڵە. هەر چەند لەو نێوەدا و بە نیسبەت تراژێدیی لە سێدارەدانی خەباتگێڕانی کورد لە ڕۆژهەڵات ناکرێ کاریگەریی بێ هەڵوێستیی هێزە سیاسییەکانی باشوور و کەمتەرخەمیی میدیاکانیان لە بیر بکەین.

هەر بۆیە دارشتنی ستراتژییەکی نەتەوەیی و تێکۆشان لە پێناوی گەشەی ناسیۆنالیزم لە بواری زەینی دا، ئەرکێکی سەرەکیی سیاسەتمەداران و ڕووناکبیران و نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی باشووری کوردستانە، بێ گومان ئەو کات چیتر شاهیدی بێ دەنگیی باشووری کوردستان نابین. بێ دەنگی‌یەک کە کەس لێی سوودمەند نابێ.....

# چۆن دەتوانین ئەم دەسکەوتە بکەین
# بە دەسمایەی خەباتی لەمەودوامان؟

قادر وریا

تاوانی ئیعدامی ٥ بەندیی سیاسی لە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕی ئەمساڵدا، لە چەند ئاست دا لێك نزیك بوونەوە، یەکیەتی و هاوخەباتیی نەیارانی کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە:

١ــ لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا،

٢ــ لە ئاستی خەڵکی شارو گوندو ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

٣ـ لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوو کۆمەڵەو کەسایەتییە کوردستانی و ئێرانییەکاندا

لە ئاستی یەکەم دا، ئەم لێك نزیکبوونەوەو یەکرەنگییە بە شێوەی هێنانە گۆڕی بانگەوازی مانگرتنی گشتی و پێشوازی و پشتیوانیی سەرجەم حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم پێشنیارە خۆی نواند. تەنانەت ئەو حیزب و ڕێکخراوانەش کە ڕۆژی دیکەیان بۆ مانگرتنی گشتیی لە نەزەر دا بوو، یا شێوەی دیکەیان بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە بەرنامەدا هەبوو، بە مەبەستی پێکهاتنی کۆدەنگی و یەکگرتوویی، لەگەڵ بانگەوازی مانگرتنی گشتی، ئەویش لە ڕۆژی ڕاگەیەندراو (پێنجشەممە ٢٣ی بانەمەڕ) دا کەوتن و لە پێناوی دروستکردنی حەرەکەتێکی گشتی و نەتەوەیی دا، دەمارگرژیی حیزبی و ڕێکخراوەیی و ناکۆکی و کێشەی لاوەکی و نێوخۆییان وەلانا.

لە ئاستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەوە گرنگ نەبوو کە ئەم بەندییە ئێعدامکراوانە، خەڵکی کوێن، سەر بە چ حیزب و ڕێکخراوێکن، لە چ چین و توێژێکن. گرنگ ئەوە بوو کە تێکۆشەری ڕێگای ئازادیی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێرانن، بە ناحەق گیانیان لێ ئەستێندراوەو پێویستە بە کۆماری ئیسلامی و دنیا نیشان بدرێ کە گەلی کورد لەم تاوانە بێدەنگ نابێ و بە مانگرتنێکی گشتی و سەرانسەری، نەفرەت و بێزاریی خۆی لەو ڕێژیمەو پشتیوانیی خۆی لە ڕۆڵە بەندکراوەکان و هێزو ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی خۆی ڕادەگەیەنێ.

مانگرتنی گشتیی ئەمجارە، لەباری ڕووبەری جۆغرافیایی و جۆراوجۆری شارو ناوچەکانی بەشدار لەم حەرەکەتەدا، بێوێنە بوو. ئەگەرچی ئەم حەرەکەتە هێندێك شارو ناوچەی نەگرتەوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ڕووبەر و چوارچێوەی مانگرتنەکانی پێشوو، هەروەها بە وەبەرچاوگرتنی جۆراوجۆریی چین و توێژەکانی بەشدار لە مانگرتن دا، بێوێنە بوو.





تاوانی ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕ لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی کوردو ئێرانییش دا، هاودەنگی و هاوپێوەندییەکی بێوێنەی وەڕێ خست. ئەگەر لە ڕابردوودا، تەنیا هێندێك ڕێکخراو و کەسایەتیی چەپ و دێموکرات لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا، هاودەنگییان لەگەڵ گەلی کورد دەنواند، ئەمجارە زۆربەی نزیك بە تەواوی حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی و بە سەدان هەزار ئێرانیی دانیشتووی وڵاتانی دنیا لە دژی ئەم تاوانە وەدەنگ هاتن، ئێعدامی هاونیشتمانانی خۆیان مەحکووم کردو شانبەشانی کوردەکانی ئێران، لە ڕێپێوان و مانگرتن و خۆپیشاندان لەبەر دەرگای سەفارەتخانەی ئێران و لە بەردەم ناوەندو دامەزراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا بەشدار بوون. ئەم پشتیوانی و هاوپێوەندییە هەروەها لە تویی سەدان بەیاننامەو وتارو وتووێژو لێدوان لە ڕاگەیەنە کوردی و فارسییەکاندا، خۆی نواند.

دوای نزیکەی ساڵێك سەرکوتی بێبەزەییانەی خۆپیشاندانی خەڵکی ناڕازیی ئێران، پاش ئەو هەمووە تاوانانە کە لە گرتووخانەکانی دەوڵەتی کودەتادا دژی گیراوانی سیاسی ئەنجام دران، بە شوێن چەندین فەقەرە ئێعدامی گیراوانی سیاسی و زەبر وەشاندن لە تێکۆشەرانی کورد، بەلووچ، عەرەب و، سەرەنجام لە کەشوهەوایەك دا کە بەندیخانەکانی ئێران لە چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنیی نەتەوە بندەستەکانی ئێران و بزووتنەوەی سەوز، ئاخنراون، مانگرتنی گشتیی ٢٣ی بانەمەڕی کوردستان و هاوپێوەندیی کوردو ئێرانییەکان، گیانێکی تازەی بە جەستەی شەکەت و زامداری بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان و ئێران دا کردەوە. وەك لەسەر وتاری ماڵپەری "اخبار روز"دا هاتبوو، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و خەڵکی وڵاتەکەمان بەم یەکگرتوویی و هاوپێوەندییە بەرینەیان لەگەڵ یەکتر ئەم پەیامەیان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا: **"ئێوە دەمانکوژن، ئێمەش یەك دەگرین"**. ئەم یەکگرتنە جگە لەوەی گیانی بەرخۆدان و ورەی بەرگریخوازیی لە میلیۆنان خەڵکی ناڕازی لە کوردستان و ئێران دا گەشاندۆتەوەو، هومێدی بە هەزاران گیراوی سیاسی و چالاکی مەدەنیی نێو بەندیخانەکانی ئەو ڕێژیمە بەخشیوە، سەرنجی بیروڕای گشتیی دنیا و ناوەندو دامەزراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤیشی بۆ لای سەرکوت و تاوانەکانی ڕێژیمی ئێران دەرحەق بە کوردو ئێرانییەکان ڕاکێشاوەو بەرەورووی گوشارێکی نێونەتەوەیی جیددی کردۆتەوە. ئەم دەسکەوتانە دەبێ بپارێزرێن و ئەم سەرکەوتنە دەبێ بکرێتە هەوێنی سەرکەوتن و دەسکەوتی زیاتر. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە:

ل ٩

# ڕەهەندەكانی گەندەڵی دارایی لە دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامی دا

منوچێهر ئاتەش پووش
وەرگێڕان: ئاڵەشین

لەو كاتەوەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لە جیهاندا سەری گرت دیاردەی گەندەلیی سیاسی و ئابووی لێی پەیدا بوو. دیاردەیەك كە ئەمڕۆكە لە زۆر بوارەوە لە وڵاتان دا دەبینرێ و هەموو ساڵێش راپۆرتێكی زۆری لەسەر بڵاو دەكرێتەوە. گەندەڵی دارایی و ئابووریی بەرچاوترینی ئەم دیاردەیەن كە لە جیهان دا دەبینرێ.

گەندەڵی دارایی بریتییە لە هەر جۆرە هەڵسوكەوت و تایبەتمەندییەك كە لەگەڵ ؟؟؟ و رێوشوێن و یاساو رێساكانی ئەو كۆمەڵگەیە نەیەتەوە كە تێیدا دەژین. ئەوە گومانی تێدا نیە كە گەندەڵی دارایی و ئابووریی بێهۆكارو پێش زەمینە سەرهەڵنادا و لە هەموو كۆمەڵگەیەك دا هۆكاری تایبەت بە خۆی هەیە. ئەگەرچی دەكرێ لە زۆربەی وڵاتەكان ئەم فاكتەرانە وەك یەك بچن كە دەتوانین ئاماژە بە هۆكارەكانی كۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری بكەین. لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی رابردوودا ئێران بە شێوەیەكی نێونجی هەموو ساڵێ لە باری گەندەڵیی داراییەوە ١٦ پلە دابەزیوەو ساڵی ٢٠٠٨یش بە ١٠ پلە دابەزین لەچاو ساڵی پێشتر لە نێو ١٨٠ وڵات دا لە بوواری گەندەڵی ماڵییەوە كەوتۆتە پلەی ١٤١ەوە. سەرۆكی رێكخراوی لێپرسینەوە (بازرسی) وڵات لەم بووارەدا رایگەیاند: دوویەمین دەوڵەتی ئەحمەدینژاد بە نرخی ٢٧٪ گەندەڵترین دەوڵەتی مێژووی كۆماری ئیسلامییە. هەروەها نووسینگە بەرنامەی گەشەپێدانی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و بانكی جیهانی رایانگەیاندوە كە ئێران لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٨ ساڵانە نزیك بە ١٦ پلە دابەزینی لە بواری گەندەڵی دا بەخۆوە بینیوە.

دیاردەی گەندەڵیی دارایی و ئابووری لە ئێران دا ئەگەرچی خاوەن رابردوویەكی دوورودرێژە بەڵام لەگەڵ هاتنە سەر كاری كۆماری ئیسلامی ئەو دیاردەیە بە پێچەوانەی دروشمی دەسەڵاتبەدەستان رەهەندێكی بەربڵاوتری گرتۆتەوە، بە جۆرێك كە هیچ ئۆرگان و رێكخراوێكی دەوڵەتی نەماوە كە لە لیتاوی گەندەڵیی دارایی و ئابووری دا نەچەقیبێ. بە جۆرێك بەرپرسانی وزارەتخانەكانی حكوومەتی كۆماری ئیسلامی لەم بوارەدا كێبەركێیانە، بۆیە ساڵ نییە لەم بووارەدا ناوی چەند وزارەتخانەو ئۆرگانی دەوڵەت لە قاو نەدرێ.

هەر لەم بووارەدا، ماوەیەك لەوەپێش سەرۆكی دیوانی (محاسبات)ی وڵات ناوی دوو وزارەتی ئابووری و دارایی وەك سەرپێچكارترین وزارەتخانەكانی ساڵی ٨٨ی هێناو وتی: لە كۆمپانییەكانیش دا ئەو كۆمپانیایانەی لە بواری نەوت دا كار دەكەن لەگەڵ بانكەكان زیاترین سەرپێچكارییان هەبووە.



دەوڵەتێك كە بچووكترین نارەزایەتی دەربڕین و هێنانە گۆڕێ و ویستی خەڵك بە كوشت و بڕو ئەشكەنجە وەڵام دەداتەوە بۆ ناتوانێ بە گژ تاڵانچییەكانی بە وتەی رێژیم "بیت المال" دا بچێتەوە. وەڵام روونە، حكوومەتێك كە خۆی هۆكاری ئەو هەمووە گەندەڵییە داراییەیە ناتوانێ رووبەرووی دزیی ملیاردی لە ئێران دا بێتەوە

هەروەها بانكی جیهانی لە بڵاوكراوەی كۆبوونەوەی بەهارانەی سندووقی نێونەتەوەیی دراو دا رێژیمی كۆماری ئیسلامیی بە "پول شوئی" لە جیهان دا تاوانبار كرد. لە لایەكی دیكەوە نووسینگەی بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان و بانكی جیهانی هەشت پێوەری بۆ خوێندنەوەی وڵاتێكی باش دیاری كردوە كە بریتین لە: بەشداری، حاكمییەت، قانوون، بەرپرس بوون (مسئولیتپذیری)، شەفافییەت، پێكهێنانی كۆدەنگی، دادپەروەری و ئینساف، كارامەیی و كاریگەربوون و وەڵامدەر بوون. بە وردبوونەوە لەم پێوەرانە دەبینین كە دەوڵەتی ئەحمەدینژاد كارنامەیەكی باشی لەم بوارانەدا نییە.

بە سەرنجدان بەم شتانەی وتمان گەندەڵیی دارایی لە ئێران كە خودی رێژیم دەورێكی بەرچاوی لە پەرەپێدانی دا هەیە، كێشەو ئارێشەیەكی زۆری بۆ چین و توێژە جۆراوجۆرەكانی خەڵك بە تایبەتی كرێكاران و جووتیاران دروست كردوە. نەبوونی كار بە گوێرەی پێویست و چالاكی لە شارە جۆراوجۆرەكان دا كرێكارانی تووشی كێشەیەكی زۆر كردوە. نەبوونی وەبەرهێنان (سرمایەگذاری) لە بەشی كشت و كاڵیش دا بۆتەوە هۆی زەرەرو زیانێكی بەرچاو لەم بەشەدا.

بە هۆی سیاسەتە نابەرپرسیارانەكانی رێژیمی كۆماری ئیسلامی و گەمارۆكانی سەر ئەم دەسەڵاتە، خەڵك ناچارن تێچوویەكی زۆر زیاتر بۆ هاوردە كردنی كاڵا بدەن كە ئەوەش بۆ خۆی كێشەیەكی دیكەیە لەسەر كێشە ئابوورییەكانی دیكە.

بە درێژە كێشانی قەیرانی ئابووری و نەبوونی چارەسەری پێویست بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم قەیرانە، لك و بەشەكانی دیكەش تووشی ریكورد و قەیران هاتوون.

لە وڵاتانی دیكە دا هەموو ساڵێ بەرنامەو پرۆژەی تایبەت بۆ خەبات دژی گەندەڵی دادەرێژرێ. بەڵام لە ئێران دا ئەگەر چی خەبات دژی نەهێشتنی گەندەڵیی ئیداری و دارایی بە رواڵەت لە بەرنامەی كاری دەوڵەت دا هەیە، بەڵام بە هۆی نەبونی پرۆژەو سوور نەبوون لەسەر جێبەجێكردنی كارەكەو دزیی قوورس لە لایەن كاربەدەستانی حكوومەتەوە خەبات دژی گەندەڵیی دارایی لەم وڵاتەدا لەگەڵ شكست رووبەروو بۆتەوە. لەم بارەیەوە دەتوانین بۆ وێنە ئاماژە بە محەمەد رەزا رەحیمی جێگری یەكەمی ئەحمەدینژاد بكەین كە لە پەروەندەی دزیی ناسراو بە "شەقامی فاتمی تاران" دا رۆڵی یەكەمی هەبووە. محەمەد رەزا رەحیمی و سەدان كەسی دیكەی وەك ئەو كە لە دامودەزگای حكوومەتی كۆماری ئیسلامیدان، هەر كامیان بە دزیی، گەندەڵیی دارایی و ئابووری، ئێرانیان تووشی كێشەیەكی زۆر كردوە كە دەتوانین بڵێین بوونی ئەو جۆرە كەسانە لە دەسەڵات دا ئێرانیان كردۆتە خاوەنی یەكێك لە شپرزەترین ئابوورییەكانی جیهان.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ كە دەوڵەتێك كە بچووكترین نارەزایەتی دەربڕین و هێنانە گۆڕێ و ویستی خەڵك بە كوشت و بڕو ئەشكەنجە وەڵام دەداتەوە بۆ ناتوانێ بە گژ تاڵانچییەكانی بە وتەی رێژیم "بیت المال" دا بچێتەوە. وەڵام روونە، حكوومەتێك كە خۆی هۆكاری ئەو هەمووە گەندەڵییە داراییەیە ناتوانێ رووبەرووی دزیی ملیاردی لە ئێران دا بێتەوە. بەرێوەبردنی حكوومەتێك كە گەورە بەرپرسەكانی، تاوانباری سەرەكیی پەروەندەی گەندەڵییەكانن چۆن دەتوانن دروشمی خەبات دژی گەندەڵی هەڵگرن لە كۆتایی دا دەبێ بڵێین لە حكوومەتێك دا كە تاڵانچییەكانی "بیت المال" ی خەڵك بە جێی سزادران، رێزیان لێ دەگیرێ و میداڵی شانازی بە دەستی "ولی امر مسلمین" داوێژرێتە گەردنیان، دەبێ نەك لە ئێراندا گەندەڵترین بەڵكو لە ئاستی جیهانیشدا یەكەم گەندەڵ بن.

درێژەی:

## چۆن دەتوانین ئەم دەسكەوتە بكەین بە دەسمایەی خەباتی لەمەودوامان؟

١- حیزب و رێكخراوەسیاسییەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان، ناكۆكییەكان و كێشە لاوەكییەكانیان وەلابنێن لەسەر بناغەی ئامانجە هاوبەشەكان و بەرژەوەندیی نەتەوەیی، و لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەكی كوردستانی داو بە گوێرەی پلاتفۆرمێكی هاوبەش یەك بگرن و دامەزراوی تایبەت بۆ پێكهێنانی هاوهەنگاوی و هاوهەڵوێستی و رووبەروو بوونەوە لەگەڵ رووداوەكان و رێنوێنی كردنی نارەزایەتییەكانی خەڵك پێك بێنن. بە بێدەرباز بوون لەم پرژو بڵاوییەی ئەم چەند ساڵەی رابردوو و بێ دابینكردنی یەكگرتوویی و هاوخەباتییەكی بەردەوام، ئۆپۆزیسیۆنی كورد لە ئێران، نە لە عۆدەی رێبەریكردنی نارەزایەتی روو لە گەشەی خەڵكی رۆژهەڵاتی كوردستان دێتە دەر و نە جۆشدانی بزووتنەوەی كوردو بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران مسۆگەر دەبێ.

٢ـ هەروا كە ئوپوزیسیۆنی كورد پێویستی بە هاوكاری و هاوخەباتی لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەكی كوردستانی دا هەیە، ئوپوزیسیۆنی ئێرانیش بە هەموو جۆراوجۆرییەكانییەوە، پێویستە لە دەوری بەرنامەیەكی هاوبەش و لە چوارچێوەی بەرەیەك دا، لێك كۆببێتەوەو كۆتایی بە تەفرەقەو پرژوبڵاویی چەندین ساڵەی ریزەكانی بێنێ. دیارە لێك كۆبوونەوەی ئەو هەمووە روانگە جیاوازانە، ئاسان نیە. بەڵام ئەگەر قبوول كەین كە دوژمنی هەر هەمووان و كۆسپی سەرەكیی هاتنە دیی ئامانج و بەرنامەكانی هەر هەموویان رێژیمی دیكتاتوری كۆماری ئیسلامییە، یەكگرتن ئیمكانی هەیە، بە مەرجێك شانبەشانی گرنگیدان بە پێویستیی لابردنی ئەم كۆسپە، ئەو ئامانجانە بكەین بە هەوێنی یەكگرتن و هاوكاری و هاوخەباتی، كە ویست و داوا سەرەكییەكانی ئێرانی فرەگەل و فرەئایین بگرنە خۆو هەموومان كار بۆ بنیاتنانی ئێرانێك بكەین كە جارێكی دیكە نەبێتەوە بەندیخانەی دانیشتووانی، بەڵكوو هەمووان تێیدا هەست بە ئازادی و دابینبوونی مافەكانی خۆیان بكەن.

٣ـ كۆماری ئیسلامی ئەگەر تەنیا لە تاران یا كوردستان لەگەڵ نارەزایەتی دەربڕین و موخالیفەت بەرەوڕوو بێ و بەربەرەكانی و موخالیفەتی خەڵك نەبێتە گشتی و سەرانسەری، لە عۆدەی دێتە دەر و سەركوتی دەكا. هەروا كە پێویستە ئۆپۆزیسیونی كورد كار لەسەر گشتگیر كردنی بەربەرەكانیی خەڵك و بەهێزكردنی یەكیەتی و هاوپێوەندیی خەڵكی كوردستان بكا، ئۆپۆزیسیونی سەرانسەرییش دەبێ هەوڵ بدا سەرانسەری ئێران ببێتە گۆڕەپانی بەربەرەكانێی خەڵك لەگەڵ ئەو رێژیمە. گشتگیركردن و بەردەوامكردنی بەربەرەكانێو نارەزایی دەربڕین، هەم لە ئاستی كوردستان و هەم لە ئاستی ئێران دا، پێویستی بە دیالۆگ و پێوەندی و هاوكاریی ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەو خەباتگێڕان و تێكۆشەرانی نێوخۆی وڵاتەوە هەیە. ئەم راستییەش نابێ لە بیر بكرێ كە شانبەشانی وەرێخستن و رێنوێنكردنی خەبات و بەربەرەكانیی نێوخۆیی دژی كۆماری ئیسلامی، دەبێ لە ئاستی نێونەتەوەییش دا، كار بۆ راكێشانی هاوپێوەندیی جیهانی بۆ لای خەڵكی ئێران و دروستكردنی گوشار بۆ سەر كۆماری ئیسلامی بكرێ. ناچاركردنی ئەم رێژیمە بە رێگەدان بە نوێنەران و چاوەدێرانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ بۆ سەفەری ئێران، گران كردنی هەزینەی بەڕێوەبردنی سزای ئێعدام لە سەر كۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی داو، راكێشانی پشتیوانیی جیهانی بۆ دروشمەكانی هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدام و ئازادیی بەندییە سیاسییەكان و ئازادیی بیرورا دەربڕین، دڵگەرمی و هومێد بۆ خەڵكی وەزاڵەهاتووی راپەڕیو بە گشتی و بەتایبەتی چالاكانی سیاسی و مەدەنی و پێشەنگان و رێبەرانی حەرەكەتە ئێعترازییەكانی نێوخۆی وڵات، لەگەڵ خۆیاندا دێنن.

**ئەنجام:**

بە دوای ئیعدامی ٥ تێكۆشەری سیاسی لە رۆژی ١٩ی بانەمەڕو بە شوێن مانگرتنە گشتییەكەی ٢٣ی بانەمەڕی خەڵكی كوردستان دا، بەستێن و هەلومەرجێكی نوێ بۆ كاری سیاسی و خەباتگێرانەی هاوبەش لە ئاستی نێوخۆو دەرەوەی وڵات دا هاتۆتە كایە. دەبێ ئەم هەلومەرجە لەبارە بقۆزێتەوە و بە قازانجی قووڵكردنەوەو بە هێزكردنی خەباتی هاوبەشی ئێرانییەكان لە دژی رێژیمی دیكتاتۆرو خوێنرێژی كۆماری ئیسلامی كەڵكی لێ وەربگیرێ.

# مانگرتنی کوردستان، هەنگاوێك بەرەو پێشەوە

ڕەحمان سەلیمی
و: مستەفا مەعرووفی

ئێعدامی چوار زیندانیی سیاسی کوردلە نۆزدەی بانەمەڕدا نارەزایەتییەکی بەربڵاوی لە نێوخۆو دەرەوەی ئێران بەدواوە بوو و سەرنجی کۆڕکۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤی لە ڕێگەی ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە بۆ لای خۆی ڕاکێشا بە جۆرێك کە لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا هیچ کات ئێعدامی کەسێك یان کەسانێك دەنگدانەوەیەکی ئاوای نەبووە. گرنگترین ئاکامی ئەم ئێعدامانەی دوایی مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕ لە وەڵامدانەوە بە بانگەوازی حیزبو هێزە سیاسیو مەدەنییەکانی کوردستان بوو کە دەکرێ لە لایەنی جۆراوجۆرەوە هەڵی سەنگێنین. ئەو حەرەکەتە مەزنەی کە بێدەنگیی واتاداری کۆمەڵگەی کوردستانی لە چەند ساڵی ڕابردوو، بە تایبەتی ساڵی دوایی دا شکاند، دەزگای ترس و سەرکوتی ڕێژیمی لەلایەكو ڕەوتە شۆڤێنیستە سانترالیستەکانی لەلایەکی دیکەوە تووشی ترس و ناهومێدی کرد. جارێکی دیکەش بزووتنەوەی کورد بە پێناسەی سەربەخۆی بوو بە پێشەنگی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران.

**نافەرمانیی مەدەنی**

نافەرمانیی مەدەنی لە لایەنێکی خەباتی سیاسی - کۆمەڵایەتییەو لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆیەکە لەواندا بیروڕای گشتی بەهۆی نیهادەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ڕێك دەخرێو بۆ ماوەیەکی دیاریکراوو سنووردار شوێن لەسەر کاروباری ڕۆژانە دادەنێو دەزگای دەسەڵات ناچار دەکا لەبەرامبەر ویستو داخوازی کۆمەڵدا هێندێك مەسەلە فبووڵ بکا یان ڕەت بکاتەوە. ئەم شێوە نارەزایەتییە پێویستیی بە ئاگایی یەك یەکی کەسانی نێو کۆمەڵو کامڵبوونی پێکهاتەی مەدەنیو ڕێکخستنی بیروڕای گشتی لە ڕێگەی کەشوهەوای مەجازیی ڕاگەیاندن لە ماوەیەکی کورتدا هەیە. بە جۆرێك کە خەڵك لە دژکردەوە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی یان ئابووریدا کە بە بۆچوونی ئەوان هەڕەشە لە بەرژەوەندی گشتی دەکا، خێرا زانیاری وەدەست دێننو گرنگیو حەساسیەتی دیاردەکە ڕوون دەکەنەوەو نیهادەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خەریکی هاندانو بزواندنی خەڵك دەبن بۆ ئەوەی لە مانگرتنی گشتی لە شێوەی نافەرمانیی مەدەنیدا بەشداری بکەنو سەرەنجام ( بەم جۆرە ) شاهیدی بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی بە دوور لە توندو تیژی دەبین.

بە سەرنجدان بەوەی گوترا کۆمەڵگەی کوردستان زۆر لەو پێویستییانەی بەکارهێنانی ئەو شێوە لە خەباتەی لە هەناودا دا نیە. پێویستییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك ڕێکخراوە دێموکراتیکە نا دەوڵەتییەکان، ڕاگەیاندنی ئازادو پێکهاتەی دێموکراتیکی دەسەڵاتی سیاسی بە مەبەستی وەڕێ خستنی ئەم جۆرە خەباتە لە کوردستاندا نییە.

**کوردەکان لەگەڵ سەوزەکان نەکەوتن:**

ئەوەی دوای هەڵبژاردنی جۆزەردانی ساڵی ڕابردوو لە تارانو شارە گەورەکانی ناوەندی ئێراندا بۆ نارەزایەتی لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن و پاشان هاتنە گۆڕی داخوازی قووڵترو بنەڕەتی تر ڕووی دا، بە بزووتنەوەی سەوز ناوی دەرکرد، وەك قۆناغێکی نوێ لە خەباتی دێموکراسیخوازیی خەڵك لە بەرامبەر دیکتاتۆریی تیئۆکراتیکی کۆماری ئیسلامیدا سەیری دەکرێ. ئەو نارەزایەتییانە کە بۆ ماوەی چەند مانگ درێژەیان کێشا ئێستاش زایەڵەیان لە گوێی کۆمەڵگەی ئێراندا دەلەرێتەوە.

هەرچەند بزووتنەوەی سەوز تایبەتمەندیی دێموکراتیکی هەیە، بەڵام سەبارەت بەوەی کە نوێنگەی بیری نەتەوەی ئێرانیو سکۆلاری چینی نێونجی نوێ لە چوارچێوەی بیری ناوەندخوازانە دایە، لەگەڵ قەیرانی سانترالیزمو شۆڤینیزمی تیئۆری بەرەو ڕوویە. گوتاری زاڵ بەسەر چالاکانی بزووتنەوەی سەوزدا، بێدەنگیو دیزە بە دەرخۆنە کردنی جۆراوجۆریی نەتەوەییو ئایینیو بە واتایەکی دیکە موزاییکی بوونی نەخشەی ئێرانە، بیرکردنەوەیەك کە بە ڕواڵەت ناوچە پەراوێزەکانی ئێرانی تووشی تەریك خستنەوە کردوە، بەڵام بۆ خۆی لەلایەن نەتەوە پەراوێزەکانەوە تووشی تەریك مانەوە بووە. تێنەگەیشتنی دروستی ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز لە داخوازەنەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان ( و نەتەوە ژێر ستەمەکانی دیکە )و وەبەرچاو نەگرتنی ئەزموونی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان، شكو گومانی بۆ خەڵکی کوردستان لە بزووتنەوەی سەوز پێك هێناو نەی توانی ئەو پوتانسیەلە مەزنە کە لە کوردستان دا شاراوەیە لەگەل بزووتنەوەی سەوز بخا.

**٢٣ی بانەمەڕو بزووتنەوەی سەوز**

مانگرتنی سەرانسەریو سەرکەوتووانەی خەڵکی کوردستان لە ٢٣ی بانەمەڕدا شكو گومانەکانی لە بارەی پاشەکشەو لاوازیو بێدەنگیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان ڕەواندەوە. خەڵکی کوردستان بە بەشداریی یەکگرتووانەو بەشکۆو بە کەڵك وەرگرتن لە مێتۆدی مۆدێرنی نافەرمانیی مەدەنی ( بە هێندێك کەمو کورییەوە ) لە لایەك ڕۆڵی پێشڕەوانەی خۆی لە کەڵك وەرگرتن لە مێتۆدە دێموکراتیکەکانی خەبات لە پێناوی ئامانجەکانی دێموکارسیخوازیو لە لایەکی دیکەوە پێداگری لەسەر داخوازە نەتەوایەتییەکانی خۆی سەلماندو پەیامێکی ڕوونو ئاشکرای دا بە بزووتنەوەی سەوز کە ئەوەی کۆمەڵانی خەلچکی کوردستان دەبزوێنێ ئەو هێزە تێکۆشەرە سیاسییانەن کە جێگەی متمانەی خەڵکی کوردستانن. ئەوانەن کە خوازیاری وەدیهاتنی دێموکراسیو دابین بوونی مافە نەتەوایەتییەکان پێکەوەن.دانی دروشمی دێموکراسیخوازانە بەڵام باسێکی لە مافە نەتەوایەتییەکان تێدانەبێ، قەت خەڵکی کوردستانو بزووتنەوەی سەوز ناخاتە بەرەیەکەوە. مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان نوێنگەی ئیرادەی نەتەوە خوازانەی تێکەڵ بە دێموکراسی بوو کە لە درێژەی خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستانو لەژێر کاریگەریی کەشوهەوای ساڵی ڕابردوو لە نارەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنی دوایی دا بەڕێوەچوونو گرنگیی ئەمەش لە لایەنی جۆراوجۆرەوە بۆ تێفکرین دەبێ.



١ - ڕوانگەی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستانو میلیتاریزە کردنی کوردستان تێچووی هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی ئیعترازیی بردۆتە سەر.

٢ - نەبوونی گەورە شار لە کوردستان، کە ئەمەش ئیمکانی بەشداریی بەربڵاوی خەڵك لەم جۆرە نارەزایەتییانەدا لەگەڵ گیرو گرفت بەرەوڕوو دەکا.

٣ - پێشوازیی خەڵك لە بانگەوازی حیزبە سیاسییەکانو نیهادەکانی مەدەنیو مافی مرۆڤ لە کوردستان.

٤ - پشتیوانیی ڕێژەیی کەسایەتیو ڕووناکبیرانی ئێرانی بە تایبەتی لە دەرەوەی ئێران.

٥ - زەقبوونەوەی داخوازە نەتەوایەتییەکان لەم مانگرتنانەدا.

مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان مانگێك بەر لە ساڵڕۆژی هەڵبژاردنە پڕ لە کێشەکەی سەرۆککۆماری بەڕێوە چوو، ئەو هەڵبژاردنانەی کە نارەزایەتیی بەربڵاوی خەڵکی ناوەندی ئێرانیان بە شێوەی خۆپێشاندانی سەر شەقام لێکەوتەوە نرخێکی زۆری بەسەر خەڵك دا سەپاند. ڕێبەرانی بزووتنەوەی ناسراو بە سەوز لە بازنەی خۆپێشاندانی سەر شەقامەکاندا خۆیان قەتیس کردو بەم جۆرە دەرفەتی سەرکوتی هەمە لایەنەیان بۆ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم ڕەخساند کە لە خۆپێشاندانی ڕۆژی عاشووورادا، هەروەك دیتمان گەیشتە لووتکەو، سەرەنجام بوو بەهۆی جۆرێك ناهۆمێدی لە نێو خۆپیشاندەرانداو بە کردەوە ئیمکانی درێژەکێشانی خۆپێشاندانەکان بەرتەسك بۆوەو هاوسەنگیی نێوان دەسکەوتەکانی بزووتنەوەو ئەو نرخەی هەڵی گرت، تێك چووو بزووتنەوەکەی تووشی پاشەکشە کرد.

ئێستا کە لە بەرەبەری ٢٢ی جۆزەرداندا ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز خەڵکیان بۆ دستپێکردنەوەی نارەزایەتییەکان بانگهێشتن کردووە، ئەزموونی سەرکەوتووی مانگرتنی خەڵکی کوردستان دەتوانێ نموونەو ڕێنوێنێکی سەرکەوتوو بۆ درێژەی نارەزایتییەکان بێو خەسارەکانی بگەیەنێتە لانی کەمی خۆیو دەسکەوتی بەرچاوی بەدواوە بێ. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ئەگەر بزووتنەوەی سەوز لە چوارچێوەی تەسکی ناوەندگەرایی بێتەدەرو بە پشتیوانی کردن لە بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی نەتەوە ژێر ستەمەکان، مەودای نارەزایەتییەکان بۆ هەموو ناوچەکانی ئێران بەرین بکاتەوە، لەلایەك دەرفەتی سەرکوتی هێزەکانی ڕێژیم کەم دەکاتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە هاندەرێك بۆ کۆمەڵانی خەڵك تاکوو لە نارەزایەتییەکانی دواتردا بەشدار بن. ئەگەر چالاکانی بزووتنەوەی سەوز ئەم دەرفەتە نەقۆزنەوەو لە بەرامبەر ڕووداوەکانی کوردستاندا هەروا بێدەنگیو شكوگمانیان لە دڵ دابێ، ئەو متمانە کەمەی خەڵکی کوردستانیش بە تەواوی لەدەست دەدەن. مانگرتنی خەڵکی کوردستان کە سەلمێنەری توانای کردەوەی خەڵك تێکەڵ بە خەمی لەدەستدانی لاوانی وڵات بوو، قۆناغێکی نوێ لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردەکان دەست پێ دەکاو ئەگەر بزووتنەوەی سەوز لە شۆڤینیزمی ئێرانی دوور بکاتەوە، بێگومان کۆماری ئیسلامی لەگەل کێشەیەکی جیدی بەرەوڕوو دەکا.

ئێستا کە جارێکی دیکە ئاستی بەرزی توانای خەڵکی کوردستان لە خەباتی مافخوازانەو درێژەدان بە ڕێگەکانی ئاشتیخوازانە بۆ وەدەسهێنانی مافەکانی خەڵك بۆ هەموو لایەك ڕوون بۆوەو تا ڕادەیەك هاوڕێیەتیو هاودەنگی لە سەرانسەری ئێران دا خۆی نواندو ناوەند نشینان بەو ستەمە چەند قاتەی ڕێژیم لە کوردستاندا گەیشتن، دەبێ چالاکانی کوردو بزووتنەوەی سەوز بە گرتنە پێشی هەلوێستی هاوبەش بە مەبەستی گەیشتن بە دێموکراسی لە چوارچێوەی ئێرانی فرەنەتەوەدا هەنگا هەڵێننەوەو بە پەنابردن بۆ عەقڵی بەکۆمەڵ چارەنووسی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی دیاری بکەن.

ئەگەر گوتاری بزووتنەوی سەوز لە پەنابردن بۆ چینی نێونجیی شار بگوازرێتەوە بۆ ناوچە پەراوێزەکان بە تایبەتی نەتەوە غەیرە فارسەکان، بە پێداگرتن لەسەر داخوازەکانیان، و هێزە نارازییە چالاکەکان بە تایبەتی لە کوردستاندا، لە بزووتنەوەی سەوزدا جێگەی خۆیان پێ بدرێ، ئەوە کۆمەڵانی وەزاڵە هاتوون کە خوڵقێنەری سەرەکیی ڕووداوەکانی داهاتووی ئێرانن. ئێستا کە کوردستان بەو مانگرتنە گشتییەی خۆی هەنگاوێك بەرەوە پێش چووەو ئەرکی مێژوویی خۆی لە بەرەو پێشبردنی خەباتی ئازادیخوازانەدا بەجێ هێناوە، چاوەڕوانی ئەویە کە بیرکردنەوەی سانترالیستیی بزووتنەوەی سەوز بگۆڕێ بۆ بیرکردنەوەی پلۆرالیستیو زەمینەی یەکیەتیی نارازییان لە ئێراندا پێك بێنێ.

---

درێژەی:

## مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان، خاڵێکی وەرچەرخانە لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێراندا

لەگەڵ کوردەکان هاودەردیان کرد. بەڵام ئەگەر ئەو چاوەڕوانیمان هەبێ کە لە تاران، مەشهەد، ئیسفەهان، قوم، زاهیدان، ئەهواز، تەورێز و تورکەمەن سەحراش ئەو هەنگاوە بەرنامە بۆ داڕێژراوانەی کوردستان هەڵێننەوە، چاوەڕوانییەکی زۆرە. لەبەر ئەوەی کە تا هەنووکەش ئامادەییان بۆ حەرەکەتێکی لەو چەشنە نیەو ڕێکخستنی پێویستیان بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە نیە. هەر وەک وتم کوردستان یەکێک لە سیاسیترین ناوچەکانی ئێرانە و بە خۆشیەوە ڕێبەران، حیزب، ئەنجوومەن، ڕێکخراو و چالاکوانانێکی خاوەن پێشینەی هەیە. بەڵام ئێمە ئەو کێشەیەمان لە شوێنەکانی دیکەدا هەیە. ئەگەر ئێمە ئەو توانایەمان هەبایە کە هاوکات لەگەڵ کوردستان، خەڵکی سەرتاسەری ئێران بخەینە ناو مانگرتنەوە، بێ گومان دەمانکرد. بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران لە شوێنەکانی دیکە ئەم ئیمکان و توانایەی نیە. دەبێ سەبر بکەین خەڵکی ناوچەکانی دیکەش فێری ئەم حەرەکەتانە بن. بەدڵنیایەوە ئەکات ئەوانیش ئەم کارە دەکەن.

**کوردستان:** وەکوو دوایین پرسیار مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ٢٣ی گوڵان دا هەڵگرێ چ پەیامێک بوو بۆ نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بە گشتی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەتی؟

**د. سازگارا:** بە ڕای من ئەم حەرەکەتە هەڵگری دوو پەیامی گرینگ بوو: ١) خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانە کارایيەکی زۆری هەیە و حکوومەتە سەرکوتکەرەکانیش هیچ کاریگێکیان لەدەست نایە. پرەنسیپی خەباتی ناتوندوتیژ ڕادەی تێچووەکان زۆر دێنێتە خوارێ و لە لایەکی دیکەش ڕادەی بەشدار بوون و ژمارەی بەشداربوان زیاتر دەکا. ٢) ئەم مانگرتنە سەلماندی کە ئەگەر حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان یەکگرتوو بن دەتوانن سەرکەوتوو بن و بە ئاکامیش دەگەن و هەروەها دەتوانن حەرەکەتی لەو چەشنە لە داهاتوودا وەڕێ بخەن. ئەم دووپەیامە زۆر گرینگ بوون کە کوردستان بە ناوچەکانی دیکەی ئێرانی دا و دەبێ کەڵکیان لێوەربگرین و لێیان فێر بین.

**کوردستان: سپاستان دەکەین کە ئەم دەرفەتەتان لە ئیختیار ئێمە نا.**

**د. سازگارا: سپاس بۆ ئێوەش. سەرکەوتوو بن.**

# کۆماری سێداره‌ی ئیسلامیی ئێران

**په‌خشانی مامۆستا شێرکۆ بێکه‌س بۆ رێز گرتن له شه‌هیدانی ١٩ی گوڵان**



تیرۆر کرن و له سێداره دان... دوو مه‌دالیا و پێناسه
ی هه‌ره دیاری ئه مرۆی رووناکبیران و گه‌نجانی ئه‌م
کوردستانه‌ن.
ئه و پێناسه‌یه‌ی که دیکتاتۆره‌کان بۆ دووا جار ئه‌ی ده
ن له سنگ و به رۆکی قوربانییه کانیان...ئه‌وان بۆ ئه‌وه‌ی
گوایه بێ ده‌نگمان بکه‌ن و بمانترسێنن و بمانگه‌رێننه‌وه...
ئێمه یش بۆ ئه وه‌ی ئه‌و پێناسه‌یه به‌و دیوه جوانه‌که‌ی
و به‌و دیویا بکه‌ینه ملمان و به قه‌ڵه‌می رووناکی، تاریکیی
ئه‌وان بکوژێنینه‌وه و بنووسین:
لای ئێمه له‌م جۆره مه‌رگانه‌وه ژیان ده‌ست پێ
ده‌کاته‌وه و له سه‌ر ئه‌م سێدارانه‌وه سه‌رمان
هه‌ڵده‌ستێته‌وه و شه‌وق ئه‌ده‌نه‌وه...
تێرۆریستانی سۆرانی مامه حه‌مه و سه‌رده‌شت
عوسمان لێره‌و... ته‌وره‌کانی کۆماری ئیسلامی له‌و لاوه..
هه‌ر دوو لایان له دووریانی مردن و تاریکیدا یه‌ک
ئه‌گرنه‌وه....
له راستی دا ئێمه ژیانین و گه‌نجه‌کانمان ئاینده‌ن و
نابڕێینه وه..
ده پێم بڵێن : له‌م رۆژهه‌ڵاته‌وه تا رۆژئاوا له سه‌ره‌وه
بۆ خواره‌وه‌ی ئه‌م وڵاتانه له کۆنه‌وه تا ئێستا سیداره‌کان
چییان له ئێمه دا کوشت!
توانیان چی له هاواری شۆرش و ئازادیمان که‌م
بکه‌نه‌وه...
سێداره‌کان توانیان شاهۆ بترسێنن..؟
توانیان ده‌ریاچه‌ی وان و ورمێ بێ ده‌نگ بکه‌ن؟
توانیان چۆک به پیره مه‌گروون دابده‌ن؟
ئه‌وه‌ی تا ئێسته سێداره‌کان کردوویانه..
هه‌میشه پێچه‌وانه‌که‌ی هاتوونه ده‌ی: کاروانمان درێژتر
بووه‌ته‌وه...
ده‌نگمان زوڵاڵ تر و ئاپوورەمان چڕوپڕتر گه‌وره‌تر بووه
ته‌وه!.
سێداره‌کان ترساون... له کورد ترساون..
سێداره‌کان به‌زیون و ئێمه هه‌ر ماوین..
کۆماری سێداره ی ئیسلامیی ئێران
پیر پیر بووه و
به‌ڵام وره‌ی ئێمه هه‌ر گه‌نج..

کۆماری سێداره‌ی ئیسلامی خوار خوار بووه‌ته‌وه و
به‌ڵام ئێمه تازه وا خه‌ریکین له مله ی به‌رزه‌وه
ده‌ست بۆ خۆر ئه‌به‌ین و دائه‌گرینه سه‌ر ئه‌رز..

له‌م به‌یانییه‌وه.... شه‌قامی هه‌ره گه‌وره‌ی سنه
بو به فه‌رزادی که‌مانگه‌ر...
له‌م به‌یانیه‌وه... گه‌وره‌ترین باغچه ی مه‌هاباد بوو به شیرینی
عه‌له‌م هوولی..
له کازیوه‌ی ئه‌مڕۆوه..هه‌موو ئه‌و منداڵانه‌ی له دایک بوون
ناوی فه‌رهادی وه‌کیلیان لێ نرا!
له‌مڕۆوه...
له یه‌که‌م گزنگی ده‌مه‌و به‌یانه‌وه مه‌هدی ئیسلامیان بوو به
گۆمی وان
له شه فه‌قی ئه‌مڕۆوه..
عه‌لی حه‌یده‌ریان
بوو به تاق بوستانی کرماشان..
ده فه‌رموون سنه له سێداره بده‌ن؟!
مه‌هاباد سه‌ر بڕن...
ده فه‌رموون مه‌هێڵن منداڵانی ئێمه له دایک بن؟!
ده فه‌رموون
مه‌هێڵن باران بباریێ و مه‌هێڵن گیا سه‌وز بێ و
مه‌هێڵن زه‌وی بژی!

من ئیتر له‌مڕۆوه عاشقی چاوانی شیرینی عه‌له‌م هوولیم
له‌مڕۆوه هه‌ر چی شێعرم هه‌یه ئه‌یانکه‌م به
گوڵی گۆرانی بۆ باڵای شیرینی عه‌له‌م هوولی..
له ئێسته‌وه من تاڵێ له قژی ئه وم..
له ئێسته‌وه
من نینۆکی په‌نجه‌ی ئه‌وم..
له ئێسته‌وه من ئیتر ئه‌بمه ئه‌و جووته پێڵاوه‌ی
که دواجار له پێی کردو پێی چووه سه‌ر سێداره
له ئێسته‌وه من بازنه‌ی به جێ ماوی ده‌ستی
شیرینی عه‌له‌م هوولیم...
کۆماری سێداره‌ی ئیسلامی
چی له سێداره نه‌دا ، له خه‌ونه‌وه بۆ شێعر و
له شێعره‌وه بۆ ژن و له ژنه وه بۆنان و
بۆ ئاو و بۆ گوڵ و بۆ کانی
کۆماری سێداره ی ئیسلامی
ئه‌وه‌ی ناتوانێ هه‌رگیز هه‌رگیز له سێداره ی بدا
ئاینده‌یه و ئازادی..
شێرکۆ بێ که‌س
٢٠١٠/٠٥/٩
سلێمانی

★★★★★★★★★★★★

## بۆ فه‌رزادی که‌مانگه‌ر

**ژینی کورتم دی پڕاوپڕ بوو له شانازی و شه‌ره‌ف**

**عومری زۆرم دی که دوایی هات به ریسوایی و نه‌ده‌م**

ره‌سووڵ سوڵتانی



تۆ له سه‌رده‌می ته‌پوتۆزی حه‌ڵاڵ و حه‌رامدا له دایك بوویت. له سه‌رده‌می گێژه‌ڵووکه‌ی بێ ئاماندا. تاوانی تۆ جگه له‌وه‌ی که چه‌مۆڵه‌ت له روخساری شه‌وه‌زه‌نگی ئه‌نگوسته‌چاو نابوو، چ بوو؟ تاوانی تۆ چ بوو هاوڕێم، جگه له‌وه‌ی گڵۆپێکت له‌سه‌ر لێواری هه‌ڵدێر و زه‌لکاوه‌کاندا هه‌ڵکرد و به قوتابییه‌کانی خۆت گوت: ئه‌م زه‌لکاوه ره‌چه‌ڵه‌کی ده‌چێته‌وه سه‌ر بیابان. ئه‌م سه‌رابه ده‌چێته‌وه سه‌ر بریسکه‌ی شمشێره‌کانی غه‌زوه. ئه‌م هه‌ڵدێره سه‌ره‌تای فه‌توایه‌که و ده‌بێ خۆی لێ بپارێزن.

تۆ تاوانت چ بوو هاوڕێم؟ جگه له‌وه‌ی قوتابییه‌کان فێر ده‌کرد تیشکی خۆری راسته‌قینه و مانگی ده‌ستکرد به سیله‌ی چاو لێك بکه‌نه‌وه. جگه له‌وه‌ی قوتابییه‌کانتت هان ده‌دا به‌ره‌و لوتکه‌ی به‌رزی چیا هه‌نگاو بنێن و نه‌سره‌ون.

مامۆستا گیان!

تۆ ده‌تزانی له تاریکستانی ئێره، داگیرساندنی بزه‌ی مۆم و گه‌شاندنه‌وه‌ی پشکۆکانی بن ئاگردان تاوانێکه و لێی خۆش نابن. ئاخر ئێره سه‌رزه‌مینی سووڕه‌تی شه‌و و نازڵبوونی ئایه‌ته درۆزنه‌کانه. ساتێك نییه له‌م وڵاته باڵنده‌یه‌ك باڵی نه‌کرێ و په‌پووله‌ی ئاوازێکی سه‌وز هه‌ڵنه‌وه‌رێ. ساتێك نییه ده‌ست نه‌نێنه بینه‌قاقای کانیاوه‌وه و دڵی روونی رووبارێك هه‌ڵ نه‌قرچێنن. ساتێك نییه له‌م وڵاته شمشێری دڵ پڕ له‌قینی ئایه‌تێکی عه‌با به‌كۆڵ، گه‌رووی سه‌وزی که‌نارییه‌ك هه‌ڵ نه‌بڕێت. ساتێك نییه داو به داوی ریشی ره‌شی تاریکه‌شه‌و نه‌بێته په‌تی سێداره‌و پرشنگێکی پێ نه‌خنکێت.

به‌ڵام مامۆستای خۆشه‌ویست! خه‌م دات نه‌گرێ، قوتابییه‌کان وشه وشه‌ی نامه‌کانتیان له‌به‌ر کردووه‌و پیت به پیتیان کردووه به مارشی سرووودێك بۆسه‌رکه‌وتن. ده‌م به‌یانیان بۆ هه‌تاوی ده‌ڵێنه‌وه و ئێوارانیش ده‌یکه‌ن به مۆم و ناهێڵن چیتر تاریکی زاڵ بێ به‌سه‌ر چوارده‌وریاندا. مامۆستاگیان، خه‌مبار مه‌به، دڵت خۆش بێ، که هاتیت و به ته‌مه‌نێکی کورته‌وه چی هه‌ڵدێر و هه‌ڵه‌مووت و زه‌ردو ماهی رژد و ره‌وه‌زی به‌رد هه‌بوون، هه‌موویانت ده‌ستنیشان کرد بۆ قوتابییه چاو گه‌شه‌کان. خۆت پێت گوتن: کامه‌یان بکه‌ن به سه‌نگه‌ر و خۆ له کامه‌یان ببوێرن. تۆ به‌و ته‌مه‌نه کورته‌وه هاوارێك بووی تا هه‌تایه له نێو داڵانه هه‌زاربه‌هه‌زاره‌کانی مێژوودا ده‌نگ ده‌ده‌یته‌وه و نامری. تۆ کپ نابی. هه‌موو رۆژێ قوتابییه‌کان له ته‌خته‌ڕه‌شی پۆلێدا ناوی سه‌وزت ده‌نووسنه‌وه و بیره‌وه‌رییه خۆشه‌کانت ده‌که‌ن به شیعر و گۆرانی.

مامۆستا گیان!

ره‌نگه زۆر که‌س پێی سه‌یر بێ که سێداره چۆن دڵی هات په‌نجه‌ی له قورگت توند بکا و بتخنکێنێ؟ سه‌یر نییه، له‌سه‌رده‌می پیاوه بووده‌ڵه‌کانی مێژوودا باڵای به‌رز مه‌ترسییه. له هه‌رێمی کوێره‌کاندا، باسی سه‌ره چاو کراوه‌یی و به‌رز روانین.

ئه‌م سێداره‌ی بۆتیان هه‌ڵخست، په‌ڵه‌یه‌کی ره‌ش و شه‌رمه به ته‌وێڵی ئه‌وانه‌وه. تۆ نامریت وه‌ك چۆن هه‌تاو گه‌ر له دیوێکی گۆی زه‌وی نه‌دیو ده‌بێت، تیشك و تیرێژو رووناکی به دیوه‌که‌ی تر ده‌به‌خشێت. تۆ نامریت، وه‌ك چۆن کانیاو ده‌چێته ئامێزی چه‌م و چه‌م و رووبار ده‌خزێنه باوه‌شی ده‌ریا. خه‌مبار مه‌به مامۆستا گیان! خه‌مبار مه‌به، تۆ به په‌یژه‌ی سێداره‌دا وه‌سه‌ر که‌وتی و خۆره‌تاو بوو به به‌رده‌بازی رێگه‌که‌ت. به‌ڵام ئه‌وان قوڕیان به‌سه‌ر، له نێو چه‌قی زه‌لکاوه‌وه قاقا به تۆ پێ ده‌که‌نین. چون نازانن به‌رزفڕین مانای چییه. ئاخر ئه‌وان له تۆره‌مه‌ی چه‌په‌ڵترین بوونه‌وه‌ری سه‌ر رووی زه‌وین. بۆگه‌نی ئاوه‌ڕۆ و زه‌لکاو به‌هه‌شتیانه. ئه‌وان هه‌رگیز له واتای به‌رزایی ناگه‌ن، ئه‌وان وێڵی به‌هه‌شتێکن له به‌رزایی ده‌ست ناکه‌وێ. بۆیه کاتێك که‌سێك ده‌فڕێ، ئه‌وان قاقا پێ ده‌که‌نن و پێیان وایه به‌ره‌و دۆزه‌خ هه‌ڵفڕیوه. خه‌مبار مه‌به و لێیان گه‌ڕێ با له جیهانی بۆگه‌نی گه‌مژه‌ییدا بتلێنه‌وه.

مامۆستا گیان! تۆ ده‌تزانی لێره هه‌ناسه‌ی با پڕه له ده‌نگی شمشێر و فه‌توای حه‌رام. به‌ڵام رۆحی به‌رزه‌فڕت خووی نه‌گرتبوو له سێبه‌ری داری نزما چینه بکات و بسره‌وێت. خه‌مبار مه‌به، تۆ به‌و ته‌مه‌نه که‌مه‌وه سه‌رت له ئاسمانان ده‌سووی و ئه‌وان به‌و ده‌سه‌ڵاته‌وه سه‌ریان شۆڕه له هه‌نته‌شی مێژووماندا.

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 -  MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental  -  S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 535     20 May 2010


# فێستیڤاڵی کان بە بێ بەشداری سینەمای ئێران دەستی پێکرد



فێستیڤاڵی سینەمایی کان دەستی پێکرد بێ ئەوەی تاقە فیلمێکی ئێرانی وەربگرێ، تەنیا بەرهەمێک نەبێ کە ئەویش دەکرێ زیاتر بڵێین فەرەنسییە نەک ئێرانی.

نزیک بە ٢٠ فیلم لە ڕێگەی بنیاتی سینەمایی "فارابی"یەوە ناردرابوون بۆ ئەوەی بەشداری ئەم فێستیڤاڵە جیهانییە بن.

بەڵام هیچ یەک لەم فیلمانە لە لایەن بەڕێوەبەرانی "کان"ەوە پەسەند نەکراون و سینەمای ئێران نەیتوانی لەم گۆڕەپانە نێونەتەوەییەش دا دیار بێ، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە بڕوای زۆربەی ڕەخنەگرانی سینەمایی، سینەمای ئێران بەشێکی زۆری پێشکەوتنی لە ئاستی جیهانی دا دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنەکانی لە فێستیڤاڵی "کان".

ساڵی ڕابردووش ئێران سەرکەوتنێکی وای لە "کان" دەست نەکەوت، تەنیا فیلمی بەشداربووی "کەس بە پشیلە ئێرانییەکان نازانێ"لە دەرهێنانی بەهمەن قوبادی بوو. کە ئەو فیلمەش بە هۆی ئەوەی بە شێوەی فەرمی لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئێران ڕێگەی بە بەرهەمهێنان و پێشاندرانی نەدرا، بە نوێنەری ئێران ناژمێردرێ.

مەسەلەکە ئەمە نییە کە سینەمای ئێران توانای بەرهەمهێنانی فیلمی شایانی بەشداربوونی "کان"ی نیە، بەڵکوو ئەوە کۆنترۆلی وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئێرانە کە ڕێگە نادا ئەو بەرهەمە نموونەییانە بگەنە ئاستی دیاری جیهانی. کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سنوورو بەرتەسکییەکان ڕۆژبەڕۆژ و بوار بە بووار هەموو گۆڕەپان و چالاکییەکانی ئێرانی دەتەنێتەوە.

## کوشنێر:
# ئەم سینەماکارە کوردە بەتواناو نوێخوازو ماندوونەناسە



ڕێکەوتی ١١ی مەی لەسەر بانگهێشتی "بێرنارد کۆشنێر" وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، فیلمی سینەمایی "کەس بە پشیلە ئێرانییەکان نازانێ" لە دەرهێنانی بەهمەن قوبادی سینەماکاری کورد، بە ئامادەبوونی ٥٠٠ میوانی تایبەت لە بەپرسانی باڵای فەرهەنگی، سیاسی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی فەرەنسە لەگەڵ ڕاوێژکارانی "کۆشنێر"لە هۆڵی سینەمایی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسە لە شاری پاریس پێشان درا.

کۆشنێر سەرەتا خۆشحاڵی خۆی بۆ قبوڵکردنی بانگهێشتی بەهمەن قوبادی دەربڕی و وتی: ئەم سینەماکارە کوردە فیلمسازێکی بەتوانا، نوێخوازو ماندوونەناسە.

هەروەها قوبادییش بە نۆرەی خۆی نیشاندانی فیلمەکەی بە ڕۆحی پاکی ئەو ٥ براو خوشکە خەباتگێڕە کوردو فارسەی پێشکەش کرد کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەیەکی مەزلوومانە لە سێدارە دران. هەروەها لەم بۆنەیەدا قوبادی یادی لە هاوڕێی بەندکراوی خۆی جەعفەر پەناهی کردەوەو ناوبراوی بە گرینگترین فیلمسازی ئەمڕۆی ئێران ناساندو هەر لەمبارەشەوە "کوشنێر" ڕوو بە ڕاوێژکارانی خۆی وتی: لە ئێوەو تەواوی هاوکارانتان و هەروەها دەوڵەتی فەڕەنسە داوا دەکەم کە لە هیچ هەوڵێک بۆ ئازادیی فیلمسازی ناودارو جیهانی، جەعفەر پەناهی کەمتەرخەمی نەکەن.



# جەعفەر پەناهی مانی لە خواردن گرت



جەعفەر پەناهی دەرهێنەری ئێرانیی لایەنگری بزووتنەوەی سەوز ڕۆژی سێشەممە لە پێوەندییەکی تەلەفۆنی دا لەگەڵ بنەماڵەکەی، ڕایگەیاند کە مانی لە خواردن گرتوە.

بە پێی ڕاپۆرتی "پویا خبر" پەناهی لە پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی دا هۆی ئەو مانگرتنە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی ناشیرینی کاربەدەستانی گرتووخانە. بە پێی هەواڵەکان گوایە شەوی شەممە مەئموورانی زیندان شاڵاو دەبەنە سلولی ٥٦و بەندییەکانی نزیک بە کاتژمێرو نیوێک بە بێ جلوبەرگ لەبەر سەرما ڕادەگرن. پەناهی لە درێژەدا دەڵێ ڕۆژی یەکشەممە دوای لێپرسینەوەیەکی زۆر هەڕەشەیان لێ کردم کە بنەماڵەکەشم دەگرن و لە زیندانی ئێڤینیان دەپەستێون، تەنانەت وتیان کچەکەم بۆ شوێنێکی نائەمن بۆ ڕەجائی شار ڕادەگوێزن.

ناوبراو لەو کاتەوە مانی لە خواردن گرتووەو داوای دیتنی بنەماڵەو مافی هەبوونی پارێزەر و ئازادی دەکا.

لە کۆتایی پێوەندییەکەی دا وێرای سوێندخواردن بە سینەما دەڵێ: تا گوێ لە داواکانم نەگرن دەم لە هیچ نادەم و تەنیا ویستیشم ئەوەیە تەرمەکەم بدەنەوە دەست بنەماڵەکەم تا لە هەر کوێیەک پێیان خۆش بوو بمنێژن.

# هەڵسوکەوتی نالەباری دەوڵەت لەگەڵ خەڵکدا، فرمێسکی پێ ڕشتووم



محەممەدڕەزا شەجەریان، گۆڕانیبێژی ناوداری ئێرانی کە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک کۆنسێرت بە هاوڕێیەتی گرووپی شاناز لە دەرەوەی وڵاتە، لە وتووێژێکیدا لەگەڵ کاناڵی "ئێس بی ئێس"ی ئوستراليا جارێکی دیکە بە ڕوونی و ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆی دژی سەرەڕۆیی و هەڵسوکەوتی نالەباری ڕێژیمی دەسەڵات بە دەستی ئێران دژی خەڵکی دەربڕی.

شەجەریان کە پێشتریش لە کاتی دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان لە ئاکامی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری دا هەڵوێستی خۆی دەربڕیبوو، وتی من دەنگی "پووش و پەلاش"م لەو وتووێژەدا بە جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر کەس نەیدەزانی شۆڕشی گەلانی ئێران لەو زەلە ڕۆ دەچێ وتی: خەڵک ڕێگەی خۆیان دەبیننەوە، بەڵام کاتی پێ دەوێ.

شەجەریان دەڵێ: من بە خاتری خەڵکەکەم چەندین جار لەبەر شاشەی تیڤی فرمێسکم هەڵڕشتوو، دەسەڵات بە هەڵەدا چووە، هەر دەڵێی ئەو خەڵکە ناناسێ.

شەجەریان کە چەندین ساڵە داوای لە دەزگای "دەنگ و ڕەنگ"ی کۆماری ئیسلامی کردوە بەرهەمەکانی بڵاو نەکەنەوە، نەک هەر بە هونەرمەندێکی ئێرانی بەڵکوو جیهانییش دەناسرێ و ساڵی ١٣٧٨ خەلاتی پیکاسۆو دیپلۆمی ئیفتخاریی لە لایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆوە پێ بەخشراوە. هەروەها ساڵی ٢٠٠٦یش موتزارستی لەو ڕێکخراوە وەرگرتوەو دیسان کاندیدی خەلاتی ئوسکاری موسیقا کراوەتەوە.

# ئاکادیمیای کوردی بانگەواز بۆ کۆکردنەوەی دیکۆمێنت و دەستنووسە کوردییەکان دەکا



ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر لە بانگەوازێکدا داوای لە هەموو لایەن و تاکەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کرد کە هەر لە پێناو پاراستن و ناسین و ناساندن و نەفەوتان و بەهێز کردنی شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپوورو.. هتد کوردیی هاوکاریی ئەم دامەزراوە بکەن کە دیکۆمێنت و بەڵگەنامەو وێنەی کۆن و ئاسەواری کەسایەتییە کوردستانییەکان لەهەر قوژبنێکی ئەم دنیایەدا هەبێ کۆبکرێتەوە و لە پاشان لە دوو توێی ئەم کارانەدا چەند کتێبێک چاپ بکرێ.

لە بەشێکی ئەم بانگەوازەدا هاتوە کە: نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو تووشی چەندین دەردەسەری و ماڵوێرانی و لە نێوبردن، ژینوساید هاتوەو دوژمنان هەر زوو وێنەکان، دەستنووسەکان و کتێبخانەکانیان یان سووتاندوە یان بە تاڵان بردوە. پاش ٤١٤ ساڵان، شەرفخان کتێبە بە نرخەکەی خۆی لەسەر مێژووی کورد خولقاند کە لەگەڵ هەموو نەهامەتییەکانمان، تەنیا ئەو بەرهەمەمان بۆ ماوەتەوە و شانازی پێوە دەکەین و سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ مێژوونووسان و وڵامدانەوە بە ناحەزانی کورد.

بۆیە ئەم دامەزراوە کاری کۆکردنەوەی دیکۆمێنت و کتێب و دەستنووسەکانی بە لیژنەیەک ئەسپاردوە داوای هاوکاری هەموو لایەنێک دەکا کە بەشداری ژیاندنەوەی هەرچی زیاتر ژێرخانی فیکری و مەعنەوی گەلەکەمان بین و فیکرو هزرو مەعنەوییاتی نەوەکانی ڕابردووی خۆمان ون نەکەین و بە زیندوویی بەدەست نەوەکانی داهاتووی بسپێرین.

## بەر لەماڵاوایی

### چەند بەشێک لە یادنامەی مەجید تەوەکولی

# لە ئێوینەوە بۆ فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان و فەرهاد وەکیلی

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئازاد خەلیفەزادە**

ڕایانگەیاندبوو کە عەلی بۆ بەندی ٢٠٩ دەنێرن. تەلەفوونی ساڵۆنەکەیان داخرابوو. ویستم لە ڕێگەی تەلەفوونی ژوورەکەی خۆمەوە پێوەندی بگرم، بەڵام ئەوانیشیان داخستبوو. کە گەڕامەوە، فەرزاد وتی کە پێیان ڕاگەیاندوە کە ئەویش بۆ بەندی ٢٠٩ دەگوێزنەوە(بەڵام درۆ بوو و ئەوانیان بۆ ٢٤٠ ڕەوانە کرد).

ئەم بەڕێکردنانەی دوانیوەڕۆی شەممە، هەموومانی تووشی دڵەڕاوکێ کردبوو، لەبەر ئەوەی زیاتری ڕەوانە کردنەکان، بۆ ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان دوانیوەڕۆیانی شەممە بوو. خەمبارییەکی شێتانە تەواوی لەشمانی داگرتبوو، بەڵام فەرزاد دەیگوت شتێکی وا نیە و لەوانەیە چەند پرسیارێکمان لێ بکەن. ئەو ڕاستییەکەی دەزانی، بەڵام وەک پێشوو ئەوەندە ورەی بەرز بە ڕووی خۆی نەدەهێنا.

.... زۆر ناخۆش و پڕ ژان بوو. ئەغڵەب هەموو ڕۆژێک لەم کاتانەدا، عەلی دوای وەرزش دەهات پێکەوە وانەی فیزیک بخوێنین، ئاخر دەیهەویست ئەو یەک دوو وانەی کە بۆ وەرگرتنی دیپلۆم مابووی، تەواویان بکاو خۆی بۆ تاقیکردنەوەی زانکۆ ئامادە بکا. بەو ورەو هێزەوە کەس باوەڕی نەدەکرد کە حوکمی ئێعدامی ببێ. ئەگەر بە نیسبەت عەلی‌یەوە قبووڵ بکرایە، بە نیسبەت فەرزادەوە بە هیچ شێوەیەک قبووڵ نەدەکرا. فەرزادیش خۆی بۆ تاقیکردنەوەی زانکۆ ئامادە دەکرد. بە سەر هاتی دەزگیرانداریێتی و ژن هێنانیشی بێ وێنە بوو. لە بەرامبەر ورەو هێزی ئەو کچەی کە دەیهەویست ببێتە هاوسەری کەسێک کە حوکمی ئێعدامی بەسەر دا سەپاوە، هەستم بە زەبوونی دەکرد. ئەمە یەکەم جار نەبوو کە وەها هاوڕێیەکم دەبینی. هاوینی ساڵی ٨٦و چاوپێکەوتن بە هاوڕێیانی بەندی ٢٠٩ی ئێوین، یەکەم کەس کە دوای ڕۆژە سەختەکانی ژووری تاکەکەسیدا بینیم فەرهاد بوو. ئەو باسی قەندیلی دەکرد و نیگارەکانی کوڕە بچووکەکەی و ویست و ئیرادەی ئەو، پشتیوانی هەر هەموومان بوو. دوای ماوەیەک عەلی و فەرزادم بینی. هێوری و خۆڕاگریی عەلی، هێورکەرەوە بوو. فەرزادیش ئوستوورەیەک بوو لە نێوانماندا. بە تەنیا میللەتێک بوو، ڕاوەستاو. هەمیشە لێو بە پێکەنین و هومێد بەخش بوو کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ناخۆشییەکان و لە کاتی فرمێسک و خوێن و لێپێچینەوە و حوکمە ناعادڵانەکانی دادگای ئینقلاب و.. هەر ڕۆژ ئەوم بەم شێوەیە دەبینی. ئەو کاتەی کە لە بەندیخانەی سامناکی سنەوەو، بۆ دووهەمین جار نێردرایە ئێوین، ملی بەستبوو، شانی دەرچووبوو و ددانەکانی شکا بوون. بەڵام ئیرادەو خۆڕاگریی پتەوتر ببوو. ساڵی ڕابردوو کە عەلی و فەرزادیان لە بەندیخانەی" ڕجایی شهر"ەوە، بۆ ئێعدام کردنیان هێنایە ٢٤٠ی ئێوین، ئەو کاتەی کە لە بەندی تاکەکەسی دا چاوەڕێی کاتژمێر ٤ی بەیانیان دەکرد و منیش لە مانگرتندا بووم و زۆر لاواز ببووم، دەمزانی ئەوانیان بە چ مەبەستێک هێناوە، بێ دەسەڵاتتر لە هەمیشە بووم ــ فەرزاد ورەی پێدەدام و، عەلیش هێمنی‌یەک بوو لە بەرامبەر هەموو ناخۆشییەکان.

.... لە هەموو ڕۆژەکانی ئازادیدا، بە پێوەندییە ورە بەخشەکانی فەرزاد و ئەو ڕۆژانەی لە ژووری تاکە کەسیدا بووم بە دەنگە گەرمەکەی کە نەیدەهێشت دایکم تەنیا بێ، بۆم دەرکەوت کە مرۆڤ دەتوانێ لە خراپترین هەلومەرجیش دا دەتوانێ باشترین کارەکان بکا.

.... و برای گەورەمیان کوشت، برای کوردم کە ئەویندارانە خۆشم دەویست. براو مامۆستام، مامۆستایەک بۆ خۆڕاگری و مامۆستایەک بۆ هەموو ڕۆڵەکانی ئێران. ئەو ڕۆژانەی کە ئەلف وبێی خۆڕاگریی لە بەرامبەر خراپترین ئەشکەنجەکان وپەروەندەسازییەکان دا لە ئەو فێر بووم، فێر بووم کەئیمان و باوەڕی مرۆڤ لە بەرابەر گیروگرفت دا بە نرخترینە، فێربووم دەکرێ زۆر جار دەکرێ لە ژووری لێپێچینەوە و لە ژوورە تاکەکەسیەکاندا، گیان بەخت بکەین و ڕێز لە بیروباوەڕمان بگرین. فەرزاد مامۆستای من بوو. مامۆستایەک کە فێری دەکردین دەتوانین هەمیشە پێیکەنین و بە شێوەیەکی مرۆییانە بڕوانیینە هەموو مرۆڤەکان، بە بێ لەبەرچاو گرتنی هەر جۆرە ناکۆکی وجیاوازییەک.

ئێستا ڕۆی، لە حاڵێکدا کە ئامادە نەبوو ماڵئاوایی بکا و دەیگوت بەیانی دەتبینمەوە. ڕێگەی نەدا ماچی بکەم و لە باوەشی بگرم. دەزانم هەنگاوە پتەوەکانی لەگەڵ هەنگاوە پتەوەکانی هاوڕێکانی هەڵگرتوەو لە مەیدانگە نزیک بۆتەوە. ئەو زۆر جار بەڵێنی دەدا کە نەهێڵێ قەومی پڕ لە بوغزی ستەمکار چوارپایە لە ژێر پێی ڕابکێشێ. فەرزاد بەڵێنی دابوو کە بۆ خۆی چوار پایەی ژێر پێی وەلابخا. ئەو ڕێگەی نەدەدا کە دەستی چەپەڵی زۆرداری گیانی لێ بستێنێ. دڵنیام کە فەرزاد بەڵێنیەکەی بردە سەر. دەزانم کە بە دەم مەرگیشەوە پێکەنیوە، پێکەنینێک، کە هاوار دەکا ئوستوورەیەک لە نێوانمان ڕۆیشت تا هەتا زیندوو بمێنێتەوە.

فەرزاد و هاورێ بێ تاوانەکانی ڕۆیشتن و یادیان بۆ هەمیشە لە دڵماندا زیندوە. ئەو بە خۆشناوی ڕۆیشت و بوو بە مامۆستایەکی هەمیشە زیندوو. مامۆستایەک بۆ مێژووی خۆڕاگری و بەرەنگاری. ئوستوورەیەک بۆ هیواداریی، ڕەمزێکی هەمیشەیی و ورە بەخشین بە مرۆڤە ئازادیخوازەکان.

.... و ئێستا بارمتەکانیان بردوە تا نیشانی بدەن کە لە خۆڕاگریی وەها بەندییەک ماندوو بوون. تا نیشانی بدەن کە دەسەڵاتی ستەمکار لە بەرامبەر ئیرادەو ویستی ڕۆڵەکانی کوردستان، زەبونە. تا نیشانی بدەن کە چاویان بە زیندوویی هێمای شکستیان، هەڵنایە... و ئەمڕۆش دیسان چوومە کتێبخانە. فەزادو عەلی لەوێ نەبوون. فەرزاد لەوێ نەبوو تا باس لە بیرەوەری و هاورێکانمان بکەین، هیواو خۆشی بەخەبەر بێنین و ڕاوێژ بکەین تا چارەسەرێک بۆ دەردی ستەمکار بدۆزینەوە. داهاتوویەکی گەش وێنا بکەین و گۆرانییەک بۆ ئازادی بڵێین. عەلی لەوێ نەبوو تا لە نێوان لاپەڕەی کتێبەکان دا، ئارامی و هێز و وورە هەڵبدەمەوە. بەڵام یادی فەرزاد و عەلی و فەرهاد هەر لە لام ماوە. بەڵێنم بە فەرزاد دا کە نەگریم و ئاخ هەڵنەکێشم، چونکە لە ستەمکار، چاوەڕوانی جگە لە زوڵم ناکرێ، بەڵام با براکەم فەرزاد بزانێ کە وەک هەموو ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە بەڵێنم داوە کە ڕێگەی لە بیر نەکەم.

مەجید تەوەکولی _ زیندانی ئێوین _ ١٣٨٩/٢/٢١

# پاشکۆی کوردستان

ژمارە: ٥٣٥

٣٠ی بانەمەڕی١٣٨٩_ ٢٠ی مای ٢٠١٠


## تایبەت بە مەحکووم کردنی تاوانی ئێعدامی 5 تێکۆشەری سیاسی



## لە بارەی ئەم پاشکۆیەو ئەم ژمارەیەی "کوردستان"ەوە

ئەم ژمارەیەی "کوردستان" بە گشتی و ئەم پاشکۆیە بەتایبەتی، تەرخان کراوە بۆ باس لە تاوانی کوشتنی ٥ تێکۆشەری سیاسی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، کە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕی ئەمساڵ لە بەندیخانەی ئێوین ئێعدام کران. ئەم تاوانە گەورەیە لە ئاستی کوردستان و لە ئاستی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات دا، حەرەکەتێکی ئێعترازیی کەم وێنەی وەڕێخست. لە ئاستی میدیا کوردی و فارسی زمانەکان و تەنانەت لە ئاستی میدیا بەناوبانگەکانی جیهانیش دا، بایەخی تایبەتی پێ درا. زۆر کۆمەڵەو ناوەندو دامەزراوەی جیهانییش بەم بۆنەیەوە هاودەردی و هاوپێوەندییان لەگەڵ گەلی کوردو خەڵکی ئێران ڕاگەیاند.

"کوردستان" وەک گرنگیدان بە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی تاوانی ١٩ی بانەمەڕو مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان و چالاکی و خۆپیشاندانی کوردان و ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات، پێی باش بوو ئەم ژمارەیەو، ئەم پاشکۆیە بۆ وتارو نووسینی پێوەندیدار بەم ڕووداوانەو هەروەها بۆ هەواڵ و ڕاپۆرتی تایبەت بە مەحکوومکردنی ئەم تاوانە، تەرخان بکا. بەو حاڵەش بە داخەوە نەمانتوانی زۆر هەواڵی گرنگ لە بارەی مەحکوومکردنەکان و خۆپیشاندنەکانی دەرەوەی وڵات، هەروەها چالاکییەکانی نێوخۆی وڵات، بڵاو بکەینەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری و بەربڵاوی هەواڵ و ڕاپۆرتەکان و سنووردار بوونی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە. هیوادارین بە تەرخانکردنی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" و زیادکردنی ئەم پاشکۆیە لەم ژمارەیە، لانیکەمی ئەو ئەرکەی لەم پێوەندییەدا دەکەوێتە سەر میدیاییەکی وەک ڕۆژنامەی "کوردستان" جێبەجێ بووبێ.

"کوردستان"

**جیا لە شەپۆلی بەرینی مەحکووم کردنی ئێعدامی ٥ تێکۆشەری سیاسی لە ئێران لە لایەن خەڵکی نارازی، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، شەهیدانی ١٩ی بانەمەڕ و بەتایبەت مامۆستای شەهید فەرزاد کەمانگەر بوونە هەوێنی گەلێک شێعرو پەخشان و دەقی ئەدەبی بە پێزو هەستبزوێن لە نێو ئەدەبی کوردی و فارسیدا. بۆ وێنە دوو شێعری شاعیرانی گەورەی کوردو فارس مامۆستا شێرکۆ بێکەس و سیمسن بێهبەهانی ناوو یادی ئەو شەهیدانەیان لە نێو دنیای ئەدەب و هونەردا بە نەمری هێشتەوە. جەللادان ویستییان ئەوان لەسەر ڕووی زەمین بسڕنەوە بەڵام ئەوان بوونە شێعرو سروود لە سەر لێوی منداڵانی ئێستاو داهاتوو.**

# هەڵوێست و ڕاگەیەندراو و مەحکوومکردنەکان لە ئاستی نێوخۆیی و جیهانی دا

## مەحکوومکرانی تاوانی ١٩ی بانەمەڕ لە لایەن
## کۆمیتەی نێودەوڵەتیی دژی ئێعدام و ناوەندی زیندانیانی سیاسی لە تاراوگە

دوابەدوای ئێعدامکرانی چالاکانی سیاسیی کورد مامۆستا فەرزادی کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی و شیرین عەلەم هوولی لە زیندانی ئێڤین، کۆمیتەی نێودەوڵەتیی دژی ئێعدام لە ڕاگەیەندراوێک دا ئێعدامی ئەو ٤ کەسە و ئێعدامی مێهدی ئیسلامییانی مەحکوم کرد.

لە بەشێکی ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای ساڵانی بەدەسەڵات گەیشتنەوە، خوێنی ڕشتووە و ئێستاش لەگەڵ بەرەیەکی ناڕازی بەرەوڕوو بۆتەوە. ئێستا کە کۆماری ئیسلامی دەبینێ بە میلیۆن فەرزادی کەمانگەر لە بەرامبەری دا ڕاوەستاون و لە دژی گەندەڵی و جینایەت و مرۆڤکوژی خەبات دەکەن، ڕوی لە خوێن ڕشتنی



زیاتر لە جاران کردوە.

کۆمیتەی نێودەوڵەتیی دژی ئێعدام لەو ڕاگەیەندراوەیدا گوتوویەتی کە ئێعدامی چالاکانی سیاسی دەبێ لە لایەن هەموو کۆمەڵگا و سەرجەم ڕێکخراوە سیاسییەکان و ئۆپۆزیسیۆنەوە مەحکووم بکرێ.

هەر ئەو کۆمیتەیە داوای لە سەرجەم خەڵکی جیهان، کوردستان و ئێران کردوە بڕژێنە سەر شەقام و ئەو جینایەتە نوێیەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن.

لە لایەکی دیکەش "ناوەندی زیندانیانی سیاسی لە تاراوگە" لە بەیاننامەیەکدا ئێعدامکرانی فەرزادی کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی و شیرین عەلەم هولی مەحکوم کردوە.

ئەو ناوەندە لەو بەیاننامەیەیدا خوازیاری وەڕێخستنی ناڕەزایەتییەکی خەڵکی بە دژی ئەو جینایەتە بووە.

ئەو ناوەندە پێی وایە کە بێدەنگی لە بەرامبەر هەر جینایەتێکی ڕێژیم دەستی کاربەدەستانی ئەو حکوومەتە بۆ کوشتارەکانی داهاتوو ئاوەڵاتر دەکا.

## فیدراسیۆنی جیهانیی یەکیەتیی مامۆستایان

فیدراسیۆنی جیهانیی یەکیەتیی مامۆستایان لە ڕاگەیاندراوێکدا خەم و پەژارەی خۆی بە بۆنەی ئێعدام کردنی فەرزاد کەمانگەر و ٤ کەسی دیکە دەربڕیوە.

لەو ڕاگەیاندراوەدا هاتووە کە ڕێکخراوی فێرکاریی نێونەتەوەیی سەبارەت بە ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر ئەندامی ناوەندی مامۆستایانی ئێران لەگەڵ ٤ کەسی دیکە کە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕ لە ناکاو ئێعدام کران زۆر بەداخە.

فەرزاد کەمانگەر مامۆستای ٣٥ ساڵە کە بە تۆمەتی هەنگاونان دژی ئەمنیەتی نەتەوەیی و لە یاسای کۆماری ئیسلامیدا بە "موحارب" تاوانبار کرابوو، لە دادگایەکی ٥ خولەکی دا حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپابوو. هەر چەند بەرپرسانی ئێرانی پێداچوونەوە بە حوکمەکەی فەرزادیان قەبووڵ کردبوو بەڵام لە جیاتی ئەوەی کە پەروەندەکەی بۆ دادگای باڵا بەڕێ بکرێ دوای ماوەیەک ڕاگیرا و دواتر لە لایەن بەرپرسانەوە بە پارێزەرەکەی ڕاگەیەندرا کە پەروەندەی ناوبراو ون بووە و پاشان دوای ماوەیەک بە نهێنی بە بێ پێڕاگەیشتن بەو پەروەندەیە ناوبراو لەگەڵ چوار کەسی دیکە لە سێدارە درا.

فیدراسیۆنی جیهانیی یەکیەتیی مامۆستایان داوا لە هەموو یەکیەتیی مامۆستایانی جیهان دەکا کە ناڕەزایەتیی خۆیان سەبارەت بە ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر دەربڕن.

## پەیامی لایەنگرانی
## ئایەتوڵڵا بروجێردی بۆ بنەماڵەی ئێعدامکراوانی ١٩ی بانەمەڕ

لە پەیوەندیی لەگەڵ ئێعدامکرانی ٥ زیندانی سیاسی، لایەنگرانی ئایەتوڵڵا برووجێردی پەیامێکی سەرەخۆشییان بۆ بنەماڵەی ئەو ٥ کەسە ناردوە کە لە بەشێکی دا هاتوە:

وێڕای دەربڕینی سەرەخۆشیی خۆمان بە بۆنەی ئێعدامی ٤کەس لە چالاکانی کورد فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان، شیرین عەلەمهوولی و کەسێکی دیکە بە ناوی مێهدی ئیسلامیان بە بنەماڵە جەرگسووتاوەکانیان، و مەحکومکردنی ئەو جینایەتە و دەربڕینی ناڕەزایەتی و بێزاری خۆمان لەو پێشێلکارییەی مافی مرۆڤ، جارێکی دیکە دەستی بنەماڵەکانی ئەو ئازیزانە دەگوشین و لە خەمیان دا بەشدارین.

لە بەشێکی دیکەی ئەو پەیامەدا هاتوە کە لەوە بەداخین کە بە هۆی بوونی کەشی پڕ لە سەرکوت و دیکتاتۆری و ئیستبداد لە ئێراندا، دەبێ هەر ڕۆژە شایەتی جینایەتی لەو چەشنە و ڕژاندنی خوێنی بێتاوانەکان بین.

ئەو جینایەتە دژە مرۆییانە سەلماندی کە ڕێژیمی سەرەڕۆ بۆ گەیشتن بە ئامانجی، لە ڕشتنی هیچ خوێنێک خۆی نابوێرێ.

لایەنگرانی ئایەتوڵڵا برووجێردی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، لەو پەیامەیاندا داوا لە گشت کۆڕ و



کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ دەکەن کە بەرامبەر بەو جینایەتانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەمتەرخەم نەبن و ناڕەزایەتیی خۆیان بەو پێشێلکارییە ئاشکرایەی مافی مرۆڤ، دەربڕن و بێدەنگ نەبن.

## ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ٢١ ی بانەمەڕ بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک ئێعدامە سیاسییەکانی ڕۆژی ١٩ ی بانەمەڕی لە ئێراندا مەحکووم کرد.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن لەو بەیاننامەیەدا باس لەوە دەکا کە ئەو ئێعدامە کتوپڕ و لە ناکاوانە بە توندی مەحکووم دەکا، چونکی سەرەرای ئەو تاوانە قورسانەی درابووە پاڵ ئەو کەسانە، بەڵام ڕەوتی دادگایی کردنیان قانوونی و دادپەروەرانە نەبووە و بە تایبەت چالاکانی کوردی ئێعدامکراو لە ژێر ئەشکەنجە و فشاری قورسدا ئێعترافی زۆرەملییان بە تاوانی نەکراو لێ وەرگیراوە.

مالکوم ئیسمارت، بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن ڕایگەیاندوە کە ئێعدامکردنی ئەو ٥ کەسە تەنانەت ناتەبایی لکە گەڵ یاساکانی نێوخۆیی ئێرانیش هەیە، چونکی لانیکەم دەبووا پارێزەرانی ئەو کەسانە لە بەڕێوەچوونی حوکمەکان ئاگادار کرابان.

ناوبراو هەروەگا گوتویەتی کە ئەو ئێعدامە بە کۆمەڵانە پەیامی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردەکانی ئێران لە بەرەبەری ساڵرۆژی هەڵبژاردنەکانی ٢٢ ی جۆزەردان دایە و بۆ چاوترسێن کردنی ئەوان بەڕێوە چووە.

شایانی باسە کە ئێعدام کرانی ٤ تێکۆشەرتی سیاسیی کورد لە یەکشەممە، ١٩ ی بانەمەڕ دا مەحکوومکرانی کۆماری ئیسلامیی لە لایەن زۆربەی کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندە نێونەتەوەییەکانەوە بە دواوە بووە.

## ڕێکخراوی داکۆکی لە زیندانیانی سیاسی

ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی بانەمەڕو دوای لە سێدارەدرانی ٥ بەندکراوی سیاسی، کۆمیتەی خوێندکاریی ڕێکخراوی داکۆکی لە زیندانیانی سیاسی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە لەمەوبەردوا بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بووە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران قەت ڕێزیان لە یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و یاسا مرۆییەکان نەگرتوە.

ئەو کۆمیتەیە لە بەیاننامەکەیدا گوتوویەتی کە ئێعدامی ئەو ٥ کەسە لە حاڵێک دا بەڕێوە چوو کە هەموویان لە هەبوونی پارێزەر بۆ بەدواداچوونی پەروەندەکانیان بێبەش کرابوون.

کۆمیتەی خوێندکاریی ڕێکخراوی داکۆکی لە زیندانیانی سیاسی لە درێژەدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەو ئێعدامە بە کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی، پێی وایە کە ئەو ئێعدامانە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کردەوەیەکی تەواو سیاسییە.

ئەو کۆمیتەیە داوای لە هەموو خەڵکی ئێران کردوە کە لە هەر شوێنێک دەژین، بە بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوە و بە هەر جۆرێک کە بۆیان دەکرێ ئەو ئێعدامانە مەحکووم بکەن و داوای ئازادیی زیندانیانی سیاسیی دیکە لە ئێران بکەن.

کۆمیتەی خوێندکاریی ڕێکخراوی داکۆکی لە زیندانیانی سیاسی پێی وایە کە کۆماری ئیسلامی هیچ بەڵێنێکی بەرامبەر بە لەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ نیە و پێویستە کە کەمپەینێک بۆ داکۆکی لە زیندانیانی سیاسیی بە ئێعدام مەحکوومکراو لە ئاستی جیهانی داپێک بهێنرێ.

## هەڵوێستی یەکیەتیی ئۆرووپا

یەکیەتیی ئۆرووپا ئێعدامی پێنج چالاکی سیاسی لە ئێرانی بە توندی مەحکووم کرد و داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی دوو بەندکراوی سیاسی بە ناوەکانی زەینەب جەلالیانو حوسێن خزری کرد.

هەواڵدەریی فەرانسە وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە ئاشکرای کرد کە کاترین ئەشتۆن، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئۆرووپا، ڕایگەیاندووە ئەو یەکیەتییە زۆر بە جیددی نیگەرانی سەپاندن و بەڕێوەبردنی سزای ئێعدام لە پێوەندی لەگەڵ کەمینەکان و کەسانێک دایە کە لە خۆپیشاندانەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێراندا بەشدارییان کردوە.

ناوبراو هەروەها داوای لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کردوە تا سزای زەینەب جەلالیان و حوسێن خزری کە ئێستا لە بەندیخانەدا چاوەڕێی ئێعدامن، هەڵ بوەشێنێتەوە.



# دریژەی چالاکی و خۆپیشاندانەکان

## ئۆتریش



ئێوارەی رۆژی یەکشەممە، ١٩ی بانەمەڕ بە بەشداریی سەدان کەس لە دانیشتووانی کورد وئێرانیی ئەم وڵاتە خۆپیشاندانێک لەبەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وڵاتی ئۆتریش لە لە شاری وییەن بەڕێوەچوو و لەودا ئیعدامی ٥ بەندکراوی سیاسی مەحکووم کرا.

بەشدارانی ئەو خۆپیشاندانە کە لە ئێرانی و کوردستانیانی نیشتەجێی شاری وییەن پێک هاتبوون ، بە وتنەوەی دروشمی جۆراوجۆر ناڕەزایەتیی خۆیان لەم جینایەتە نوێیەی کۆماری ئیسلامی دەربڕی.

پێویستە بگوترێ ئەم حیزب و رێکخراوانە کە لەم خۆپیشاندانە دا بەشداریان کرد بریتی بوون لە : حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، پارتی ژیانی ئازادی کورد (پژاک)، پارتی چارەسەری دیمۆکراتی کورد( پچدک)، پارتی یەکیەیتی دیمۆکراتی کورد( پید ، رێکخراوی فەیکۆم و رێکخراوی ندای ئێران.

## بێلژیک

رۆژی دووشەممە ٢٠ی بانەمەڕ ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردان و ئێرانیانی نیشتەجێی وڵاتی بلژیک بۆ مەحکووم کردنی ئیعدامی پێنج کەس لە چالاکانی کورد و ئێرانی خۆپیشاندانیان وەڕێ خست.

خۆپیشاندەران لە بەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە شاری بروکسێل کۆبوونەوە و دژ بەو تاوانە دژی مرۆییە بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی دروشمیان دا .

شایانی باسە کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی بێلژیک چالاکانە لەو خۆپیشاندانە دا بەشدارییان کرد.

## ستۆکهۆڵم

رۆژی چوارشەممە ٢٢ ی بانەمەڕ ژمارەیەکی بەرچاو لە کورد و ئێرانییەکانی دانیشتووی ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سوئێد، بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە جینایەتی ئەم دواییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ولە سێدارەدانی شەهیدان: فەرزاد کەمانگەر، شیرن عەلەمهولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مێهدی ئیسلامیان، لە گۆڕەپانی"سێرگێلس تۆریی" کۆبوونەوە.

لەم خۆپێشاندانەدا نوێنەرانی حیزبە کورد و ئێرانی و سوئێدییەکان بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین و مەحکووم کردنی ئەم جینایەتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران وتاریان



خوێندەوە.

هەمووان بە تێکرا لەسەر ئەم خاڵە کۆک و یەکدەنگ بوون کە کۆماری ئیسلامیی ئێران مەشروعییەتی نەماوەو ئەم تاوانەی ١٩ی بانەمەڕ دەکەوێتە خشتەی تیرۆری دەوڵەتیی دژی خەڵکی مەدەنی و ئازادیخواز.

کاک محەممەد ئیسماعیلی بە نوێنەرایەتی لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا وتاری خوێندەوە لە وتارەکەی دا ئاماژەی

بە خەباتی ٣٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی خەباتگێڕ و ئازادیخوازی کوردستان کرد و وەبیر بەشدارانی هێنایەوە کە ئەو دەنگەی ٣٠ ساڵە لە کوردستان را بەرز بووەتەوە، ئێستا بۆتە دەنگی نارەزایەتی زۆربەی گەلان و خەڵکی ئێران و رژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران رێگایەکی جگە لە رووخان یان ملکەچ بوون لە بەرامبەر خواستی گەلانی ئێرانیان بۆ نەماوەتەوە.

ناوبراو لە درێژەی وتارەکەیدا پێویستیی خەبات و تێکۆشانی وێکڕای هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانی ئێرانی، بە تەنیا رێگای رزگاریی لە دۆڵپای کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوبردو یەکگرتوویی و هاودەنگیی هەموو نەتەوەو گەلانی ئێرانی بۆ بەربەرەکانیی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تەنیا ئامرازی مسۆگەرکردنی ئاواتی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران لەقەڵەم دا.

لەبڕگەکانی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا ئەم حیزب و کەسایەتییانە وتاریان خوێندەوە:

حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد، رێکخراوی لاوانی سوسیال دێموکراتی سوئێد، بەرپرسی رێکخراوی لاوانی حیزبی گەڵ، حیزبی ژینگەی سەوزی سوئێد ، حیزبی دێموکراتی کوردستان، جەبهەی میللیی ئێران، ئیرەج مێسداقی زیندانیی سیاسیی پێشوو، ئەحمەد نەوین لە کانونی ئێرانیانی خەباتکار، دوکتور مێهرداد دەروێش پوور بەرپرسی " کۆمەڵەی پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ئێران". شایانی باسە کەخۆپێشاندانەکە سەعات ٥ ی دوانیوەرۆ دەستی پێ کرد و زیاتر لە ٢ سەعاتی خایاند.

## پارلمانی سوئیس

هەیئەتێکی هاوبەشی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەگەڵ رێکخراوی داکۆکیکار لە نەتەوە هەڕەشە لێکراوەکان بە مەبەستی گەیاندنی قووڵایی کارەساتی لە سێدارەدرانی ٥ کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد و ئێرانی لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە گەڵ بەشێک لە ئەندامانی پارلەمانی سوئیس کۆبوونەوە .

رۆژی چوارشەممە ٢٢ ی بانەمەڕ ، دانیشتنێکی هاوبەش لە شاری بێرن پیتەختی وڵاتی سویس بە بەشداریی کومیتەی کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە وڵاتی سویس و نوێنەری کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان "جەماڵ ئۆوەیسی" و " زاهیر قادر حاجی" لە گەڵ "کاسپێر هالێر"، بەرپرسی رێکخراوی داکۆکی لە نەتەوە هەڕەشە لێکراوەکان لە پارلەمانی سویس پێک هات.

لەو دانیشتنەدا کارەساتی لە سێدارەدرانی ٥ ئازادیخوازی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە گەڵ "کاسپێر" تاتوێ کرا و داوای لێ کرا کە دەوڵەت و پارلمانی سویس لە مەر جینایەتە یەک لەدوای یەکەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلانی ئێران بەتایبەت گەلی کورد بێدەنگ نەبن. بەتایبەت ئەم ئێعدامە بە کۆمەڵەی ئازادیخوازانی مەدەنی و بێ تاوانی کورد، مەحکووم بکەن. هەروەها پێشیان راگەیەندرا کە مەحکووم کردنی تاوانی کوشتنی ئەو



ئازادیخوازانە دەبێتە هۆی رزگار کردنی گیانی دەیان ئازادیخوازی دیکەی کورد کە ئێستا لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ئەم حوکمەیان بەسەردا سەپاوە.

بەڕێز هالێر، لە درێژەی قسەکانی دا بەڵێنی هاوکاری و پشتیوانی لە ویستەکانی وەفدی میوانی دا و هەروەها سەرکەوتنی ئەو ئەرکەشی بە هاوکاری و پێکەوە کار کردنی حیزب و هێزە سیاسییەکانی ئێرانی و کوردستانیەوە بەستەوە و بۆ سەرکەوتن لەم ئەرکەشدا چەندین بۆچوونی خۆی خستە ڕوو.

## دانمارک

بە بەشداریی زۆربەی هێزە کوردستانییەکان خۆپێشاندانێک لە دژی جینایەتەکانی ئەم دوایانەی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە کۆپێنهاگ، پێتەختی دانمارک بەڕێوە چوو.

ئەو خۆپیشاندانە بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکان و زۆربەی حیزبە کوردستانییەکانی نیشتەجێی ئەم وڵاتە ، بە خۆلەکێک بیدەنگی بۆریزگرتن لە شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان ئەم حیزب و رێکخراوانە پەیامەکانیان پێشکەش



بە بەشداربووان کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆنگرەی نەتەوەی کورد. (کنک)، پارتی ژیانەوەی کوردستان، حزبی کۆمۆنیستی ئیران.کۆمەڵە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ناوەندی هەڵەبجە دژی ئەنفال و ژینۆساید کورد.چاک، کۆمیتەی بەرگری لە زیندانییانی سیاسی لە ئیران، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرال، کۆمەلەی هاوکاریی کورد و دانمارکی، یەکیەتیی قوتابییان و ئەکادمییەکان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆران لە دانمارک، کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانێەکان لە دانمارک

شایانی باسە کە پەیامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن " ناسر پیرانی" بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە خۆیندرایەوە. بەشداربووانی ئەو خۆپێشاندانە وێرایی درۆشمدان و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهیدان بەتایبەتی لە سێدارەدانی ئەو ٥ تیکۆشەرە وەک نوێترین تاوانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی بۆجارێکی دیکەش رایانگەیاند کە تا گەیشتن بە ئاواتەکانی نەتەوەی کورد رێگای ئەو شەهیدانە درێژەی هەیە.

## ئاڵمان – فەڕانسە

بە گوێرەی راپۆرتی هەواڵدەرییە نێودەوڵەتییەکان، دوای ئێعدامی کرانی مامۆستا فەرزادی کەمانگەر ، شیرین عەلەم هوولی ، عەلی حەیدەرییان و فەرهادی وەکیلی و کەسێکی دیکەش بە ناوی مێهدی ئیسلامیان، ناڕەزایەتی دەربڕینی کوردەکان و ئێرانییەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە شارەکانی "بێرلین" و "کۆڵن"یشی گرتەوە.

سەدان کەس لە کوردەکان و ئێرانییانی دانیشتووی شارەکانی "بێرلین" و "کولن" هاتنە سەر شەقام و ناڕەزایەتیی خۆیان لەم جینایەتە نوێیەی کۆماری ئیسلامی دەربڕی.

بە پێی هەواڵی "دۆیچە وێلە" ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی رێکخراوە سیاسی و ناوەندە داکۆکیکارەکانی مافی مرۆڤ لە گۆڕەپانی ناوەندیی شاری کۆڵن کۆبوونەوە و خۆپێشاندەران بە دوو زمانی فارسی و ئاڵمانی ناڕەزایەتیی خۆیان بەرامبەر ئەو ئێعدامە بە کۆمەڵەی رۆژی ١٩ی بانەمەڕ راگەیاند.

لە لایەکی دیکە، هەواڵدەریی فەرانسە رایگەیاند کە بە بۆنەی ئێعدامکرانی ٥ بەندکراوی سیاسی لە ئێرا ، ئێوارەی رۆژی یەکشەممە سەدان کەس لە ئێرانییەکانی دانیشتووی شاری پاریس لە گۆڕەپانی "ترۆکادرۆ"ی ئەو شارە کۆبوونەوە و ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی و بە وتنەوەی درووشمی دژی کۆماری ئیسلامی نەفرەت و تووڕەیی خۆیان لەو ئێعدامانەی رێژیمی تاران پیشان دا.



بە پێی راپۆرتی رادیۆ فەڕانسە خۆپێشاندەرانی تورە و وەزاڵەهاتوو هێرشیان کردۆتە سەر باڵوێزخانەی ئێران لە پاریس کە دواتر لە لایەن پۆلیسەوە پێشیان پێ گیراوە و نیزیک بە ٢٠٠ کەس لە خۆپێشاندەران قۆڵبەست کراون.

شایانی باسە کە رۆژی پێشتر خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی لە چەند شاری دیکەی ئورووپا وەکوو میلان ، هامبۆرگ ، لەندەن و فرانکفۆرت بەڕێوەچووبوو.

## ئاڵمان _ فرانکفۆرت



ئێوارەی رۆژی سێشەممە١١ی مانگی مای کوردەکانی شاری فرانکفۆرت و دەوروبەر، سەبارەت بە ئیعدامی پێنج تیکۆشەری سیاسی و مەدەنی فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هوولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مێهدیی ئیسلامیان لە لایەن جینایەتکارانی کۆماریی ئیسلامیی ئیران لە زیندانی ئێوینی تاران خۆپیشاندانێکیان بە بەشداریی زۆربەی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بەڕێوە برد.

خۆپیشاندەران لە نێوەراستی مەیدانی شاری فرانکفۆرت بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەعات کۆبوونەوە و چەندین وتار لە لایەن هیزە سیاسیەکانی بەشدار بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئالمانی خۆیندرانەوە کە تێیدا ئەم جینایەتە سامناکە مەحکوم کرابوو.

هەروەها بەشدارانی خۆپیشاندانەکە بەردەوام بە هەر سێ زمان دروشمیان دژ بە ریژیمی کۆماریی ئیسلامی دەدا و ئەم جینایەتەیان بە توندیی مەحکووم دەکرد . لەو خۆپیشاندانە دا کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ئالمانیش چالاکانە بەشدار بوو.

## بریتانیا

## بنکەی تەلەفزیۆنی BBC

رۆژی پێنجشەممە، ٢٣ ی بانەمەڕ خۆپیشاندانێک بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی بریتانیا بە وتنەوەی دروشمی دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوو. خۆپێشاندەران لەو کۆبوونەوەیەدا رق و بێزاریی خۆیان سەبارەت بە لەسێدارەدانی تێکۆشەرانی کورد و ئێرانی بەدەستی کۆماری ئیسلامی بە خەلکی لەندەن و میدیا بیانییەکان نیشان دا و هەروەها بێزاریی خۆشیان بۆ بێدەنگی میدیا بیانیەکان بەتایبەت بی بی سی لەبەرامبەر ئەو کردەوەیەدا دەربڕی.



شایانی باسە ئەو خۆپێشاندانە دوایە بۆ بەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە لەندەن گوازرایەوە.

# ئۆتریش



لە درێژەی نارەزایەتییەکان بە دژی لە سێدارەدانی تێکۆشەرانی کورد و ئێرانی لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بۆ جاری دووهەم لە وڵاتی ئوتریش خۆپێشاندانێکی بەرین بە بەشداریی سەدان کەس لە دانیشتووانی ئێرانی و کوردی ئەم وڵاتە، لە گۆڕەپانی بەردەم پارلمانی ئوتریش لە شاری وییەن بەڕێوەچوو و تێیدا ئیعدامی ناجوامێرانەی بەندییە سیاسییەکان مەحکووم کرا.

بە گوێرەی زانیارییەکان سەدان کەس لە هاوڵاتییانی کورد و ئێرانی و ئوتریشی لە شاری وییەن لە خۆپێشانێکدا لە گۆڕەپانی بەردەم پارلمانی ئەم وڵاتە لە سێدارەدانی ئەم پێنچ تێکۆشەرەیان مەحکووم کرد.

بەشداران بە دروشمی جۆراجۆر نارەزایەتیی خۆیان لەم کردەوە جنایەتکارانەیەی کۆماری ئیسلامی دەربڕی.

پێویستە بگوترێ ئەم حیزب و ڕێکخراوانە بەشداری ئەم خۆپێشاندانەیان کرد.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، پارتی ژیانی ئازادی کورد (پژاک)، پارتی چارەسەری دیمۆکراتی کورد( پچدک)، پارتی یەکیەیتی دیمۆکراتی کورد( پید)، ڕێکخراوی فەیکۆم، ڕێکخراوی ندای ایران، ڕێکخراوی چاک، جنبش سبز در وین، ڕێکخراوی پزشکە ئێرانییەکان، پارتی ئازادیی کورد لە سوریە، ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد، کۆمەڵەی ڕێکخراوە کوردیەکان (کۆمکار)، پ ک ک

# پاریس، پرێس کۆنفرانسێک لە بارەی تاوانی ١٩ی بانەمەڕ

هەوڵی چالاکانی مافی مرۆڤ و، کورد و ئێرانییەکانی نیشتەجێی ئامریکا و ئوروووپا بۆ مەحکوومکردنی ئێعدامی ٤ چالاکی سیاسیی کورد و تێکۆشەرێکی دیکەی فارس کە لە بەرەبەیانی ١٩ ی بانەمەڕ دا لە سێدارە دران، هەروا بەردەوامە.

هەر بۆ ئەو مەبەستەش لە وڵاتی فەڕانسە کۆنفڕانس پرێسێک بە بەشداریی دەیان ڕۆژنامەنووس و پەیامنێر لە باشگای ڕۆژنامەنووسانی بیانیی ئەو وڵاتە پێک هات و لەو کۆنفڕانسە دا دوکتور عەبدولکەریم لاهیجی، بریکاری سەرۆکی فدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵەکانی مافی






مرۆڤ و بابەک داد، ڕۆژنامەنووسی راکردوو لە ئێران وەڵامی ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی بەشداریان دایەوە.

دوکتور لاهیجی لەو کۆنفڕانسەدا پێی لە سەر ئەوە داگرت کە ئێعدامکردنی چالاکانی کورد بە هیچ شێوەیەک پاساوی قانوونیی نیە، چونکە ئەوان لە هیچ کردەوەیەکی چەکداری دا بەشدارییان نەکردبوو و ئەو ئێعدامانەش زۆر سیاسی و بە مەبەستی کەڵکوەرگرتنی سیاسی جێبەجێ کران، چونکە هەم فەرزاد کەمانگەر و شیرین عەلەم هوولی و ئێعدامکراوەکانی دیکەی ١٩ ی بانەمەڕیش، زیندانیی عەقیدەتی بوون و تەنیا بە تاوانی جودابیری و ئازادیخوازی بوو کە لە سێدارە دران.

لە درێژەی ئەو کۆنفڕانسە ڕۆژنامەنووسییەدا چەند ڕۆژنامەنووس و بەرپرسی بنیاتەکانی راگەیاندن و پشتیوانی لە مافی مرۆڤ بە جیا لە مەڕ بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بۆ بەشداران دووان و ڕەنگدانەوەی هەواڵەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێرانیان لە دەرەوەی وڵات بە گرینگ و بە قازانجی ڕەوتی خەباتی مەدەنیی و بەرەنگارخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە قەڵەم دا.

# پێکهاتنی ئاکسیۆنێکی دژ بە ئێعدامەکانی ١٩ی بانەمەڕ لە شاری ئۆسلۆ

کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆروێژ دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ٢٤ی بانەمەڕ بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنیی کوردستانی و ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی تاراوگە لە نۆروێژ خۆپیشاندانێکی جەماوەریی بەرینیان لە شاری ئۆسلۆ، پێتەختی نۆروێژ بەڕێوە برد. ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە بە مەبەستی پشتیوانییکردن لە مانگرتنی سەرتاسەریی خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مەحکوومکردنی تاوانی ئیعدامکردنی پۆلێک ڕۆڵەی ئازادیخوازی کورد، عەلی حەیدەریان، شیرین عەلەم هوولی، فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلی و



مەهدی ئیسلامیان بەڕێوەچوو کە ڕۆژی یەکشەممە ١٩ ی بانەمەڕ لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە لە سێدارە درابوون، خۆپیشاندەران کە ژمارەیان سەدان کەس دەبوو، سەرەتا لە بەردەم پارلمانی نۆروێژ کۆبوونەوە، دواتر بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و دروشمی سیاسیی بە زمانی نۆروێژیی، بە شێوەیەکی هێمنانە بەرەو وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ ڕۆیشتن و، کاتژمێر دوو و نیو لە گۆڕەپانی بەردەم وەزارەت دا کۆبوونەوە.

بە کۆبوونەوە لە بەردەم وەزارەتی دەرەوە بەرنامەکانی خۆپێشاندانەکە بەم شێوەیە دەستی پێ کرد:

سەرەتا لەلایەن بەڕێوەبەرەکانەوە بە هەردوو زمانی کوردی و نۆروێژی بەخێرهاتنی ئامادەبووان کرا. پاشان بە خوێندنەوەی سروودی (ئەی شەهیدان) و خولەکێک راوەستان بە بێدەنگیی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان، بەرنامەکان دەستیان پێ کرد. دوای ئەوە چەندین پەیام و وتە و شێعر و پەخشان خوێندرانەوە کە بەم شێوەیە بوون:

- پەیامی کومیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆروێژ بە زمانی کوردی لەلایەن کاک سەلاح سوڵتانپەنا، بەرپرسی دەورەیی کۆمیتەکە.
- پەیامی کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زمانی نۆروێژی، لەلایەن خوشکە تروسکە ئوستادی.
- هۆنراوەیەک لەلایەن کاک حوسێن شەبەق
- پەیامی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ ( واتە ئێس. ڤێ)
- پەیامی ناوەندی ڕێکخراوە پیشەیی و زانستییەکانی نۆروێژ، ناسراو بە (لەیبور ستارت) لەلایەن کاک باقی تالیبولعیلم
- پەیامی (چاودێری کوردۆساید) لەلایەن کاک ڕەفیق
- بروسکەی هەریەک لە: کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران،
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و پارتی ئازادیی کوردستان
- پەیامی حیزبی شیوعیی کوردستان لەلایەن کاک دڵشاد
- وتەیەک لەلایەن کاک جەعفەر حامیدی
- پەیامی کەمپینی بەجیهانییکردنی ژینۆساید دژ بە گەلی کورد
- پەیامی ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان لە نۆروێژ لەلایەن کاک سەرچل شێخ حوسێن
- پەیامی ناوەندی دژە ڕەگەزپەرەستی، واتە ئێس. ئۆ. ئێس راسیسمە، لەلایەن کاک کەریم ئەڵڵاوەیسی
- دەردەدڵێک لەلایەن پێشمەرگەی دێرین کاک عەبدوڵڵا

شایانی ئاماژەیە کە لە ناواخنی بەرنامەکەدا بەردەوام بە هەردوو زمانی کوردی و نۆروێژی بە دەنگی بەرز چەندین دروشم لەلایەن خۆپێشاندەرانەوە دەگوترانەوە. هەروەها سەدان لاپەرە لە ئامانجی ئەو ڕێپێوانە و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە زمانی نۆروێژی نوسرا بوون، لە نێو خەڵکی دا بڵاو کرانەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە لە کۆتایی خۆپێشاندانەکەدا لیژنەی پێکهێنەر و هەڵسووڕێنەری خۆپێشاندانەکە بە نوێنەرایەتی هەموو خۆپێشاندەران و بە ئیمزای هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشدار لەو کۆبوونەوە جەماوەرییەدا نارەزایەتییینامەیەکیان ئاڕاستەی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی نۆروێژ کرد کە تێیدا داوا کرابوو دەوڵەتی نۆروێژ ئیعدامی نامرۆڤانەی ئەو پێنج تێکۆشەرە ئازادیخوازە مەحکووم بکا و چاو بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕژیمی دیکتاتۆر و دژەئازادیی ئێراندا بخشێنێتەوە.

کومیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆروێژ پێکهاتوو لە:

ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان
پارتی سەربەخۆیی کوردستان
حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان
بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
پارتی سەربەستیی کوردستان

# فەنلاند _ هێلسینکی



ڕۆژی هەینی ٢٤ ی بانەمەڕ دەیان کەس لە ڕەوەندی کوردی نیشتەجێ لە شارە جۆرواجۆرەکانی فەنلاند بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرانبەر بە ئیعدامی بە کۆمەڵی چالاکانی کورد و ئێرانی کە لە لایەن کۆمەلیک حیزب و ریکخراوی سیاسیی ئامادەکاریی بۆ کرابوو، لە چەند لاوە خۆیان گەیاندە شاری هێلسینکی پێتەختی وڵاتی فەنلاند وبە دروشمدان بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نزیک دەرگای سەفارەتی ئێران کۆبوونەوە. خۆ پیشاندەران بە هەلگرتنی ئالای کوردستان و وێنەی شەهیدانی ١٩ی بانەمەر بە زمانەکانی کوردی و فارسی دروشمی جۆراوجۆریان لە دژی کۆماری ئیسلامی بەرز کردەوە. لەو خۆپێشاندانەدا جگە لە کوردەکان ژمارەیەکیش لە ئیرانییانی نیشتەجیی فەنلاند بۆ پشتگیری و هاودەردی لە گەڵ کوردەکان بەشدارییان لەو کۆبوونەوەیەدا کرد و لە دژی کۆماری ئیسلامی دەنگیان خستە پاڵ دەنکی کوردەکان.

لەو کۆبوونەوەیەدا کاک کەریم رەسولی بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکان لە کۆمیتەی فینلاند بە نوێنەرایەتی لە لایەن حیزبە سیاسییە کوردستانییەکانی بەشدارەوە پەیامێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد کە لەو دا وێڕای مەحکومکردنی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە لە سێدارەدانی رۆلەکانی گەلی کورد و گەلانی ئیران، داوای لە کۆر و کۆمەلە بەشەردۆستەکان کرد کە لە ئاست ئەو جینایەتەدا بێدەنگ نەبن.

ناوبراو لە قسەکانیدا هاودەردی و هاوخەمیی کوردەکانی وڵاتی فەنلاندیشی لە گەل بنەماڵەی شەهیدەکان دەربڕی و پەیمانی وەفاداری بۆ درێژەی خەبات لە پیناو ئازادی گەلەکەماندا دووپات کردەوە.

ئەو کۆبوونەوەیە پاش ٢ کاتژمیر مانەوە لە بەر دەرگای سەفارتی ئیران بە دانی دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر مەرگ بۆ خامنەیی و ئەحمەدی نژاد کۆتایی پێ هات.

ئەو حیزب و ریکخراوانەی ئە و خۆپیشاندانەیان رێک خستبوو بریتی بوون لە: حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئیران، بزووتنەوەی دیموکراتیکی یارسان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان / پژاک، کۆمیتەی کەمپەینی یەکبوون، کۆمەلیک لە ئێرانییەکانی فینلاند

# فەنلاند– ماری هامن




ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٤ ی مەی ٢٠١٠ ی، ژمارەیەک لە کورد و غەیرەکوردەکانی شاری ماری هامن- ی فینلاند، ئێعدامی جینایەتکارانەی مامۆستا فەرزاد کەمانگەر و هاورێیانی، شیرین عەلەم هوولی،عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی و مێهدی ئیسلامیان- یان مەحکووم کرد.

بەشداران لە ناوەندی شاری ماری هامن کۆ بوونەوە و بەهەڵاوەسینی پۆستێری زیندانیانی سیاسی و شەهیدانی ١٩ ی بانەمەڕ و بەدەستەوەگرتنی دروشمی ئینگلیسی، سوئێدی، کوردی و فارسی، ئەو کارەساتەیان بەپێی توانا بە خەڵک ناساند

شایانی باسە کە سێ کەس لە بەشداران بەشێوەی سەمبولیک تەنافیان لە ملیان کردبوو، هەتا سەرنجی خەڵک بۆ ئێعدام لە ئێران رابکێشن و بۆ ئەو کۆبوونەوەیە تلویزیۆن، رادیۆ و ڕۆژنامەیەکی ئەو شارە بۆ ئامادەکردنی هەواڵ و راپۆرت هاتبوونە شوێنەکە و بەشداریی کۆبوونەوەکەیان کرد.



## ڤانكۆڤێری كانادا

دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ٢٤ ی گوڵان لە ئارت گالەری داوون تاونی ڤانكۆڤێری كانادا، بە بەشداریی ژمارەیەكی بەرچاو لە كوردستانیان و ئێرانیانی دانیشتوی ڤانكۆڤێری كانادا خۆپێشاندانێك بۆ مەحكووم كردنی تازەترین جینایەتی كۆماری ئیسلامیی ئێران لە مەڕ ئێعدامەكانی ١٩ ی بانەمەڕ وەڕێ خرا.
.

ئەو بەرنامەیە بە ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێز لێنان لە هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی ئێران و كوردستان و بە تایبەتی تازەترین شەهیدان ئەم فەرزاد كەمانگەر، شیرین عەلەم هوولی، فەرهاد وەكیلی، عەلی حەیدەریان و مێهدی ئیسلامیان، دەستی پێ كرد.

دوایە بانگەوازێك بە زمانەكانی كوردی، ئینگلیسی و فارسی خوێندرایەوە كە لە لایەن كومیتەی بەرێوەبەری ئەم خۆپێشاندانە ئێعترازیەوە ئامادەكرابوو. ئەم بانگەوازە ڕوو لەكۆڕو و كۆمەڵە لایەنگرەكانی ماف مرۆڤ و دەوڵەتی كانادا نووسرابوو. لەم بانگەوازەدا وێڕای لەقاودانی نوێترین جینایەتی ڕێژیمی ئێران دژ بە ئازادیخوازانی ئێران بە گشتی وكوردستان بە تایبەتی بە گشتی داوا لە وڵاتی كانادا كرابوو كە لە بەرامبەر جیینایەتەكانی كۆماری ئیسلامیدا بێدەنگ نەبێ. هەروەها لەو بانگەوازەدا داوا كرابوو كە دەوڵەتی كانادا هەوڵ بدا لە شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتووەكان كۆدەنگییەك بۆ دەركردنی بڕیارنامەیەك بۆ مەحكوومكردنی كردەوەكانی كۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی پێشگرتن لە ئێعدامی زیندانیانی سیاسی مەدەنی و ناردنی هەیئەتێكی مافی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ لێكۆلینەوە و ئاگادار بوون لە وەزعی زیندانیانی سیاسی مەدەنیی كورد لە زیندانەكانی ڕێژیمی جینایەت پیشەی كۆماری ئیسلامیی ئێران پێك بێنێ.

دوای خوێندنەوەی ئەو بانگەوازە چەندین پەیام و شێعر و پارچە هەڵبەستی هەست بزوێن لە لایەن ژمارەیەك لە ڕێكخراوو لایەنە سیاسی و كەسە سەربەخۆكانی بەشداربووی ئەم خۆپێشاندانە ئێعترازیە خوێندرایەوە.

پێویستە بگوترێ كە ئەم خۆپێشاندانە لە لایەن كومیتەیەك وەڕێ خرابوو كە بە بەشداریی چەند حیزب و ڕێكخراوی سیاسیی ڕۆژهەلاتی كوردستان و چەند كەسی ئازادیخوازی سەربەخۆ پێك هاتبوو و كومیتە و تەشكیلاتی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە ڕۆژئاوای كانادا یەكێك لە ئەندامانی كومیتەی بەرێوەبەری ئەو خۆپێشاندانە بوو.

## زیندانیانی سیاسیی بەندیخانەی ئێوین مانیان لە خواردن گرت

كۆمیتەی هەواڵنێرانی مافی مرۆڤ ڕایگەیاند كە كۆمەڵێك لە زیندانیانی ناڕازی لە ئیعدامەكانی ڕۆژی یەكشەممە١٩ی بانەمەڕ و ڕاگواستنی كۆمەڵێك لە بەندكراوانی دیكە بۆ شوێنێكی نادیار، مانیان لە خواردن گرتووە.

ئەو زیندانیانە مانگرتنەكەیان تا ڕۆژی پێنجشەممە٢٣ی بانەمەڕ درێژە پێدا.

ڕۆژی ٢١ی بانەمەڕ سەرچاوەكانی هەواڵ باسیان لە گواستنەوەی چەند زندانیی سیاسی وەكوو حیشمەتوڵڵا تەبەرزەدی، ڕەسووڵ بداقی، عیسا سەحەرخیز و چەند كەسی دیكە كردبوو.

لە لایەكی دیكە زیندانیانی سیاسیی كوردی بەندكراو لە زیندانی ورمێ ئیعدامی ئەو ٥ زیندانییە سیاسییەیان مەحكووم كرد.

ئەو زیندانییە سیاسییە كوردانە كە لە بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ دا زیندانین، بە دەركردنی بەیاننامەیەك خوازیاری دەربڕینی ناڕەزایەتی لە جێبەجێكرانی حوكمی ئیعدامی ئەو ٥ زیندانییە بوون.

ئەو كۆمەڵە زیندانییەش ئەو كردەوە نوێیەی كۆماری ئیسلامیان مەحكووم كردوە و پێیان وایە كە ئەو كردەوەیەی كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامی، كردەوەیەكی ناجوانمێرانە، دژە مرۆڤانە و دژی هەموو ڕێوشوێنە ئینسانییەكانە و لەگەڵ بەندەكانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتووەكان یەك ناگرێتەوە.

ئەو زیندانییانە ڕایانگەیاندوە كە ئەو شەهیدانە بە خوێنی سووری خۆیان و شەهیدبوونیان لە پێناو ئازادیی خاك و نامووس و نیشتمانەكەیان، ڕێبازی ئازادی و فیداكاری و بەرخودانیان بۆ نەتەوەكانی دیكەی ئێران خۆش و ئاوەڵا كردوە و ڕێگایان هەروا درێژەی هەیە.

## بولغارستان





كوردەكانی دانیشتووی شاری سوفیا، پێتەختی بولغارستان ئێعدامی تێكۆشەرانی كوردیان لە لایەن كۆماری ئیسلامییەوە مەحكووم كرد.

بەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ٢٧ ی گوڵان كۆمەڵیك لە كوردەكانی نیشتەجێی بولغارستان لە بەر دەركی باڵوێزخانەی كۆماری ئیسلامی لە شاری سوفیا كۆ بوونەوە و جینایەتەكانی كۆماریی ئیسلامییان سەبارەت بە ئێعدامی ٥ زیندانیی سیاسی مەحكووم كرد كە چواریان كورد بوون كە لە بەرەبەیانی ١٩ ی گوڵان دا لە سێدارە دران.

لەو كۆبوونەویەدا كە بە بەشداریی سەرۆكی سەنتەری دۆستایەتیی كورد و بولغار، دوكتور باڵبالۆف، دۆستی دێرینی كورد و جەوهەر میراودلی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ناوەندی چاك لە ئورووپا و هەڤاڵ ڕۆنی، نوێنەری پارتی ( پ ی د ) ی كوردەكانی سورییە بەڕێوە چوو، بەشداران بە دانی دروشمی دژی كۆماری ئیسلامی كارمەندان و بەڕێوەبەرانی باڵوێزخانەی كۆماری ئیسلامیی لەو وڵاتەیان تاساند.

لەو كۆبوونەوەیەدا وێڕای خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب و ئەی شەهیدان پەیامی كوردەكانی دانیشتووی بولغارستان خوێندرایەوە كە تێیدا بە ئاماژە بە مانگرتنە بەشكۆكەی خەڵكی كوردستان لە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٣ ی گوڵان، هاوپێوەندیی حیزبە كوردستانییەكان و خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستانیان بە هێمای سەركەوتن و بەچۆك داهێنانی كۆماری ئیسلامی باس كردبوو.

## سۆئێد




بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە كردەوەی نامرۆڤانەی حكوومەتی كۆماری ئیسلامیی ئێران ، لە مەڕ ئێعدامی ٥ تێكۆشەری سیاسی ومەدەنی كە ٤ كەسیان كورد بوون، ڕۆژی شەممە ٢٥ ی گوڵان ، خۆپێشاندانێك لە گۆڕەپانی گوستاڤ ئادۆلف بە بەشداریی كۆمەڵێكی بەر چاو لە كوردانی نیشتەجێ لە شاری یۆتۆبۆریی سوئید و شارەكانی دەوروبەری بەڕێوە چوو.

سەرەتا خۆپێشاندانەكە بە ڕاگرتنی خولەكێك بێدەنگی بۆ یادی شەهیدان و خوێندنەوەی سروودی ئەی شەهیدان دەستی پێ كرد.

پێشكەشكردنی وتاری لایەن وحیزب و ڕێكخراوە سیاسییەكان بەشێكی دیكەی خۆپێشاندانەكەی پێك هێنا. بەشداربووان هەروەها بە وتنەی درووشم دژی كۆماری ئیسلامی و ئیعدامكردنی زیندانیانی سیاسی، ناڕەزایەتیی خۆیان لەو كردەوەیەی كۆماری ئیسلامی تاران دەربڕی.

جێی ئاماژەیە كە بەشێكی بەرچاو لە ئەندامانی حدك لە سۆئێد كە بەشێكیان لە شارەكانی دەوروبەری یۆتۆبۆرییەوە هاتبوون، بە هەڵكردنی ئاڵای كوردستان و ئارمی حیزبی دیموكراتی كوردستانەوە لەو خۆپیشاندانە دا بەشدارییان كرد.

هێزە سیاسی یەكانی بەشدار لەو خۆپیشاندانەدا بریتی بوون لە:

حیزبی دێموكراتی كوردستان ، پارتی دێموكراتی كوردستان، یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان، ڕێكخراوەی گۆڕان، كۆمەڵەی لاوانی گۆڕان، كۆمەڵەی سوسیالیستی دێموكراتی كوردستان، حێزبی زەحمەتكێشانی كوردستان كۆمەڵە، فیدراسیونی یارسانان، یەكیتی فدائیانی كۆمونیستی ئێران، پارتی سوسیال دێموكراتی كوردی، ڕێكخراوەی مافی مرۆڤ یۆتۆبۆری، بەشێك لە كومونیستەكانی ئیران ( ئازەرخش)، پارتی ژیانی ئازادی كوردستان ( پژاك) ، ناوەندی چاك، ناوەندی كولتوور و خوێندنی كوردی، حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیران

## بەڕێوەچوونی كۆنفرانسێكی خەبەری لە شاری سلێمانی



دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ٢١ ی بانەمەڕ كۆنفراسێكی ڕۆژنامەنووسی بە بەشداریی كاناڵەكانی ڕاگەیاندنی حیزبە كوردییەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە پاركی ئازادیی شارێ سلێمانی بەڕێوە چوو.

لەو كۆنفرانسەدا كە ژمارەیەك لە كاناڵەكانی ڕاگەیاندنی باشووری كوردستانیش بەشدار بوون، باسێك لە دوایین ڕەوشی كوردستانی ئێران لە دوای ئێعدامی شەهیدان فەرزاد كەمانگەر، عەلی حەیدەریان، شیرین عەلەم هوولی، فەرهاد وەكیلی و مەهدی ئیسلامیان كراو وێڕای ڕاگەیاندنی كۆتایی مانگرتنی ٣ ڕۆژەی كۆمەڵیك لە چالاكانی مەدەنی و كوردەكانی كوردستانی ئێرانی نیشتەجێی سلێمانی، ئەو داوایەش لە خەڵكی كوردستان كرا كە ڕۆژی ٥ شەممە، ٢٣ ی بانەمەڕ بە داخستنی دووكان و بازارەكان بیكەن بە ماتەمینیی گشتی.

لەو كۆنفڕانسەدا كە لە لایەن لێژنەی بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ١٩ ی بانەمەڕەوە ڕێك خرابوو، سەرەتا محەممەد ئیزەدی سەبارەت بە چالاكییەكانی سێ ڕۆژی ڕابردووی ئەو لێژنەیە بۆ بەشداران دوا. ناوبراو بە ئاماژە بە هەڵمەتی خۆپیشاندانەكانی كوردەكان لە نێوخۆی كوردستان و دەرەوەی وڵات هیوای خواست كە ئەو جموجۆڵ و چالاكییانە بتوانێ ڕێگر بێ لە بەر دەم ئێعدامنەكرانی ئەو ١٨ چالاكە سیاسییە كوردەی كە ئێستا لە ژێر پەتی سێدارە دان.

دواتر ڕەزا مەنووچێهری، یەكێكی دیكە لە ئەندامانی ئەو لێژنەیە لە وتەیەكی كورت دا ئاماژەی بەوە كرد كە كۆماری ئیسلامی لە كلتووری نوێی خەباتی خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان تۆقیوە و هەر بۆیەش بەو شێوە حەرەكەتانە دەیەوێ ڕوحی خەباتكاریی گەڵی كورد لەرزۆك و سست بكا.

لە درێژەی ئەو كۆنفڕانسەدا بەیاننامەی لێژنەی بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ١٩ ی بانەمەڕ خوێندرایەوە.

بەشی دواتری كۆنفڕانسەكە بۆ پرسیاری كاناڵەكانی ڕاگەیاندن تەرخان كرا كە پرسیارەكان لە لایەن ڕەزا مەنووچێهرییەوە وڵام درانەوە.

ئەو كۆنفڕانسە خەبەرییە كاتژمێر ٦ ی ئێوارە بە داگیرساندنی مۆم بە یادی شەهیدانی ١٩ بانەمەڕ كۆتایی پێ هات.

## مانگرتنی كۆمەڵێك لە كوردەكانی ڕۆژهەڵات لە سلێمانی

دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەكشەممە زیاتر لە ٥٠٠ چالاكی مەدەنی، سیاسی، خوێندكار و كوردەكانی ڕۆهەڵاتی كوردستان نیشتەجێی سلێمانی و كۆمەڵێك لە كوردەكانی هەرێمی كوردستان لە سەكۆی ئازاد لە پاركی ئازادیی سلێمانی كۆبوونەوە و لە دژی لە سێدارەدرانی ٤ چالاكی سیاسیی كورد لە لایەن كۆماری ئیسلامییەوە هەڵوێستیان گرت.

لەو ڕێوڕەسمەدا شێركۆ بێكەس، شاعیری گەورەی نەتەوەی كورد بە پەخشانە شێعرێك هاواری بێ تاوانی و مەزنی و ئازایەتیی ڕۆڵە لە سێدارەدراوانی كوردی چڕی. پاشان كاك سەلاح موهتەدی، كەسایەتیی سیاسیی كورد لە مەڕ ئەو ڕووداوە تاڵە و مەبەستەكانی كۆماری ئیسلامی لە سێدارەدانی بە پۆلی ئەو چالاكە سیاسییانە بۆ بەشداران دوا.

لە بەشەكانی دیكەی ئەو ڕێوڕەسمەدا مەلائیكە عەلەم هوولی، پووری شیرین عەلەم هوولی، شوان محەممەد، سەرنووسەری حەوتوونامەی ئاوێنە، كەماڵ ڕەئوف، سەرنووسەری حەوتوونامەی هاووڵاتی بەم بۆنەیەوە وتاریان خوێندەوە.

یاسر گوڵی، سەباح نەسیری و جەواد عەلیزادە چەند كەسێكی دیكە لە چالاكانی سیاسی و مەدەنیی كورد بوون كە بەو بۆنەوە وتاریان دا.

هەر لەو ڕێوڕەسمەدا عەلی محەمەدی، لە هاوڕێیانی نیزیكی فەرزاد كەمانگەر و موحسێن خاتەمی، چالاكی سیاسیی فارس زمان چەند كۆپلە شێعری بە هەست و سۆزیان پێشكێش بە ڕووحی شەهیدانی تازەی گەلەكەمان كرد.

لە كۆتایی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی لێژنەی ئەو مانگرتنە خوێندرایەوە و تێیدا داوا لە هەموو خەڵكی كوردستان كرا كە بە هەر شێوەیەك بۆیان دەكرێ مانگرتنی گشتی لە كوردستان دا وەڕێ بخەن.

## هەولێر



دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٢١ ی بانەمەڕ سەدان كەس لە كوردەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە پاركی شانەدەری شاری هەولێر كۆبوونەوە و ئێعدامكردنی ٤ لاوی كوردیان لە لایەن كۆماری ئیسلامییەوە مەحكوم كرد.

لەو كۆبوونەوەیەدا كە بەشداریی سەدان كەس لە ئەندامانی حیزبە كوردستانییەكان و خوێندكارانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان و كۆمەڵێك لە مامۆستایانی زانكۆ و ڕووناكبیرانی هەرێمی كوردستان بەڕێوەچوو، یادی ٤ شەهیدی تازەی گەلەكەمان فەرزاد كەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، عەلی حەیدەریان و فەرهاد وەكیلی و مێهدی ئیسلامییان بەرز ڕاگیرا، كە ڕۆژی شەممە،١٩ ی بانەمەڕ بە پۆل لە لایەن كۆماری ئیسلامییەوە لە سێدارە درابوون.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی " ئەی شەهیدان" لە لایەن خەڵكی بەشدارەوە دەستی پێ كرد و دواتر هونەرمەند لالۆ ڕەنجبەر، بە چەند سروودی شۆڕشگێڕی پێشكشە كرد.

دوای چەند ساتێك بە بێدەنگی وەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدان ڕێوڕەسمەكە بە ڕەسمی دەستی پێ كرد.

لە سەرەتادا بەیاننامەی ئامادەكارانی ئەو كەمپەینە و مەبەستەكانیان لە بەڕێوەبردنی ئەو كۆبوونەوەیە خوێندرایە و دواتر سولەیمان چووكەڵی ڕاپۆرتێكی كورتی لە سەر بەڕێوەچوونی كۆبوونەوەی ناڕەزایەتی دەربڕینەكەی خەڵكی شاری سلێمانی بەو بۆنەیەوە پێشكێش كرد.

وتاردانی خاتوو هاژە سلێمان، پارلمانتاری پارلمانی هەرێمی كوردستان، گێڕانەوەی چەند بیرەوەرەییەك لە فەرزاد كەمانگەرلە لایەن سەباح نەسیری، هاوبەندیی فەرزاد كەمانگەر، خوێندنەوەی پەیامی كەمپەینی كۆكردنەوەی ئیمزا بۆ ڕزگاری گیانی شیرین عەلەم هولی، وتاردانی دوكتور فەرهاد پیربال، خوێندنەوەی پەخشانی ڕەسووڵ سوڵتانی، پەخشانی كەیهان یوسفی، هاوڕێی شەهید فەرزاد كەمانگەر لە كامیاران، خوێندنەوەی لیستی پەیامەكانی هاتوو بۆ ڕێوڕەسمەكە و هەڵفڕاندنی كۆتری سپی لە سەر پوستێڕی شەهیدان و ڕێپێوان بەرەوە شەقامی تاران چەند بڕگەیەكی دیكەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

لە كۆتایی ڕێوڕەسمەكەدا لە لایەن بەشدارانی كۆبوونەوەكە بە یادی شەهیدانی تازەی گەل سەدان مۆم داگیرسا و بە خوێندنەوەی سروودی "ئەی ڕەقیب" كۆبوونەوەكە كۆتایی پێ هات.

## كۆیە



كومیتەی خوێندكارانی كوردی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە زانكۆی كۆیە كۆبوونەوەیەكی ناڕەزایەتی دەربڕینیان بە بۆنەی لە سێدارەدرانی چالاكانی سیاسیی كورد لە پاركی نێوشاری كۆیەدا بەڕێوە برد.

لەو كۆبوونەوەیەدا كە بە دەیان كەس لە خوێندكارانی كوردی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە زانكۆی كۆیە و دەیان كەسی دیكە لە چالاكانی مەدەنی و سیاسی و خەڵكی شاری كۆیە تێیدا بەشدار بوون، كردەوەی جینایەتكارانەی كۆماری ئیسلامی سەبارەت لە سێدارەدانی شەهیدان فەرزاد كەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، عەلی حەیدەریان و فەرهاد وەكیلی بە توندی مەحكووم كرا.

خوێندنەوەی پەیامی لێژنەی بەڕێوەبەریی ئەو كۆبوونەوەیە، كۆپلە شێعرێكی حەماسی، پەیامی یەكیەیی لاوانی دێموكڕاتی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، یەكیەتیی خوێندكارانی دیموكڕاتی كوردستان، پەیامی دانیشتووی كوردەكانی نیشتەجێی ناوچەی كۆیە، پەیامی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران چەند بڕگەیەكی ئەو كۆبوونەوەیە بوون.

شایانی باسە هەر لەو كۆبوونەوەیەدا بەڕێزان عارف نادری و ئارام برایم خاس لە چەند وتەیەكی كورت دا و بە جیا لە مەڕ بابەتی لە سێدارەدرانی شەهیدانی ١٩ ی بانەمەڕ بۆ بەشداران دووان.